کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣١ | گەلاوێژی _١٣٦٨ | ئووتی_ ١٩٨٩


# وەلامی خەلکی کوردستان بە نمایشی هەلبژاردنی رژیم

رۆژی جومعە،٦ی گەلاویژ، رژیم نمایشی هەلبژاردنی رەئیسی جمهوور و رفراندومی قانوونی ئەساسی لە کوردستانیش وەری خست. خەلکی تیکۆشەری کوردستان بە بەشداری نەکردن لەم هەلبژاردن و رفراندومەدا وەلامی موسبەتیان بەبانگەوازی کۆمەڵە بۆ تەحریمی ئەم نمایشە داوە.

کاربەدەستانی رژیم کە لە میژو بوو بۆ وەری خستنی ئەم نمایشە لە هەول و تەقالادا بوون، بە خوشحالی مەوە رایان گەیاند:"ئومەتی موسولمان کورد بوپشتیوانی کردنی لە ئیسلام و نیزامی جمهووری ئیلامی بەشداری‌یان لە هەلبژاردن دا کرد".

بە پیی فروفیشالی کاربەدەستانی رژیم ٣٥٠هەزارکەس لە کوردستان لە هەلبژاردنی جمهووری ئیسلامی دا بەشداری‌یان کردوە کە گۆیا ژمارەی بەشداربووان لەچاو هەلبژاردنەکانی پیشوو ٥٠٪ زیاتر بووە ئەوان لەوە خوشحالن کە بەهەر جۆریك بووە ژمارەیەك رەئی رژاوەتە نیو سندووقەکان، بەلاّم کی‌یە نەزانی ئەم قەلبژااردنە لە کوردستان چون بەریوە چووە وچ کەسانیك بەشداری یان تیدا کردوە؟

ل ٣

# دەوری کۆبوونەوەی گشتی لە خەباتی کرێکارانی کوورەخانەکاندا!

خەباتی ١٥ — ١٠ سالی رابوردوو کرێکارانی کووره بۆ وەدی هینانی داخوازەکانیان، گەلیك تەجرەبەی تیدایە کە لە سەرووی هەموویانەوە تەجرەبەی بەنرخی چونیەتی یەکگرتن بەرچاودەکەوی یانی بەرەوپیش بردنی خەباتی کرێکاران کە بە باشترین شیوە یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران تەئمین دەکا.

ئەگەر چاویك لەو تەجرەبەیە بکەین، ئەوە دەبینین کە کرێکارانی کوورەخانەکان لە چ وەزعییەتیك دان، گەیشتوونەتە کوێ و دەبی چی بکەن هەتا بە دەرس وەرگرتن لە تەجرەبەکانی سالانی رابوردوو هەنگاویکی‌تر، هەنگاویکی سەرەکی‌تر، بەرەو یەکگرتوو بوون و ریکخراو بوونی خۆیان بۆپیشەوە هەلگرن.

ئەوە ئاشکرایە کە مانگرتنە گەورەکانی کوورەخان لە سالانی رابوردوودا — ئەو مانگرتنانە کە زۆربەیان سەرەرای پیلانی رەنگاورەنگی دوژمن بەسەرکەوتن گەیشتوون بەبی پلەیەکی بالای یەکگرتوویی نەدەس پی دەکران و نەبەشی هەرە زۆریان دەیانتوانی داخوازەکانیان وەدی بینن. مانگرتنی نزیك ١٠٠کوورەخانە لە "وایگان"ی تەوریز، مانگرتنی نزیك ٥٠ کوورەخانە لە دەوروبەری بۆکان لە چومی مەجیدخان، لە سالانی ٦٥و٦٦دا، مانگرتنی زیاتر لە ٣٠٠ کوورەخانەی تەوریز لە هاوینی سالی ٦٦و بەهاری سالی ٦٧دا، مانگرتنەکانی دوو سالی رابوردووی کوورەخانەکانی هەمەدان و چەند نموونەی حەرەکەتی ئیعتیرازی گەورەی کرێکارانی کوورەخانەکان بوون کە هەموویان بەهیزی هاوپشتی سەراسەری لە مەنتەقەیەك دەس پیکراون.

تەجرەبەی ئەم چەند نموونەیە و دەیان نموونەی گەورە و چکولەی‌تر، کەم تا زۆر وەك یەك بوون. یانی سەرەتا لەکۆر و کۆمەڵ و لەمالان و لەدیداری رۆژانەدا و لە بازاری ئەم شار و ئەوشار قسەوباس لەسەر بەرپاکردنی مانگرتن لەلایەن کرێکارانەوە لیرەولەوی دیتەگۆر وسەرەنجام بە گەرمی لەنیو هەموو کرێکاراندا دەتەنیتەوە. ئەمجار لە کوورخانەیەکەوە دەگاتە کوورەخانەیەکی‌تر. لە بابەت داخوازەکانەوە راویژدەکری و بریاردەدری و کات و رۆژی مانگرتنە کە دیاری دەکری. مانگرتنەکە لەشوینیکەوە دەست پی دەکا و بە خیرایی پەرەدەگری و ئاخرین کوورەخانەی ئەو مەنتەقەیەش دادەگری....

ل٢

# لەسەرراگەیاندنی حیزبی دیموکرات سەبارەت بەمەرگی خومەینی

کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی پاش مردنی خومەینی سەرەرای هەمووکیشەیەکی نیوخۆیان ولەپیناو بەرژەوەندی هاوبەشیان دا بەرانبەر بەخەلْك و رەقیبە سیاسی یەکانیان بۆماوەیەکیش بووە ناکوکی‌یەکانیان ناوەتە لاوە و وادیارە یەکیان گرتبی هەتا سەروسامانیك بە حکوومەتەکەیان بدەن وجلەوی کارەکانیان لەدەست بەرنەبی. بۆئەم کارە ئەگەر لەلایەکەوە لەسەر جۆرە ریك کەوتنیك لەگەلْ یەك پیك هاتوون، لەلایەکی‌ترەوە هەول دەدەن هەروەك دەورانی پاش ئاگربەس کۆمەلانی خەلْك لە چاوەروانی و دەستەوەستانی دا راگرن.

پەلەکردن لە هەلبژاردنی رەئیس جمهوور وریفراندومی قانوونی ئەساسی، بەرپاکردنی هەموو رۆژەی نمایشی بەیعەت بەخامنەیی و وەری خستنی دەورودووکانی رەوزەخوانی لە جەماران بۆ ئەحمەدی کوری خومەینی، هەموو بۆئەوەیە کە پیش ئەوەی کرێکاران و خەلْکی زەحمەتکیش مەجالی وەخوکەوتن و هاتنەمەیدان و حەق داواکردنیك پەیدا بکەن، ئەوان میخی دەسەلاتی رژیمەکەیان — کە بەمردنی خومەینی شل بووەتەوە — مەحکەم کەنەوە.

سەرجەمی حەرەکەت و رەفتارەکانی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی نیشان دەری ئەوەیە کە هەول دەدەن بە چاوەروان راگرتنی خەلْك هەرچی زیاتر جیگا پیی خۆیان مەحکەم کەن.

ئەمە بناغەی سەرەکی سیاسەتی رژیمە لەم دەورەیەدا.

بەلاّم بۆبردنە پیشی ئەو سیاسەتە رژیم لە پشتیوانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی هەلات بە هرەمەندە. شوورەوی بۆ پەرەپیدانی پەیوەندەکانی و بەستنی قەراردادی دەسالە لەگەلْ ئاخوندەکان دەس بەجی هەنگاوی نایەپیش و وەك تاجری شەروخۆین بەلینی چەك وتەقویەتی نیزامی پی دان و لەباری سیاسی شەوە یارمەتی کردن هەتا لەتەریك کەوتەیی جیهانی بینەدەر. دام و دەزگا تەبلیغاتی‌یە بەرینەکانی ئەمریکاو ئورووپاش لەم چەند حەوتوەدا هەموو رۆژی تەئسیراتی مەرگی خومەینی‌یان داوەتە بەرلیکولینەوە وبە لیکدانەوەی بەروالەت بی لایەنەیان بەخەلْك دەلین کە چاوەروانی وەزعییەتی داهاتوو بن.

ئەم دەزگا تەبلیغاتی‌یانە هەر لەبی.بی.سی. و رادیو ئەمریکاوە بگرە هەتا ئەوانی تر ئەغلەب هەولیان داوە باوەر بەسەقامگیربوونی دەولْەت و تەنانەت گەشەی ئابووری لەناو خەلْکی ئێراندا پەرە پی بدەن. ئوپوزیسیونی بوژوایی ئێرانیش هەر لەسەلتەنەت تەلەبەوە هەتا حیزبی دیموکرات سەرەرای ئەوەی لە دژی رژیم تەبلیغات دەکەن بەم ئەوانیش بەچاوەروان راگرتنی خەلْك بەکردەوە خزمەت بەخۆگرتنی و جیگیربوونی دەسەلاّتی جمهووری ئیسلامی دەکەن....

ل٣

# دەساڵ خەبات لە دژی دەسەلاتی جمهووری ئیسلام لە کوردستان بەبۆنەی ٢٨ی موورداد ساڵرۆژی هیرشی رژیم بۆسەر کوردستان

دەسال لەو رۆژە تیپەریوەکە خۆمەینی لەسەر کورسی حکوومەتی تازە بە دەسەلات گەیشتووی ئیسلامی‌یەوە وەك سەرکردەی گشتی هیزەچەکدارەکانی جمهووری ئیسلامی فەرمانی دا کە لەشکری سەرکوت — گەر و داگیرکەر، ئەرتەش و پاسدار و حیزب اللەی کۆنەپەرست هیرش بکەنە سەرکوردستان، هەتا سەر بەو خەلْکە شۆرشگێرە دانەوینن کە حازر نەبوون تەسلیمی ئەو چارەنووسە رەشەبن کە حاکمانی جینایەتکارای سەرمایە بۆیان نووسیبوون. جمهووری ئیسلامی هەر لەیەکەم رۆژەکانی هاتنەسەرکاری خۆیەوە بە ئاشکرا ئەوەی بەرچاو کەوتبوو کە ئەو رەوتە شۆرشگێرانەیەی لە کوردستان خەریکی گەشەو بەرەوپیش چوونە بە پیچەوانەی خەون و خەیالی کۆنەپەرستانەی ئەو رژیمەیە. کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکیش و زۆرلیکراوی کوردستان هەر لە رۆژەکانی راپەرینی ریبەندانەوە دەستیان بۆ جی‌بەجیْ کردنی داخوازەکانیان ووەدی‌هینانی مافەکانی خۆیان بردبوو. شوورای خۆیان پیك هینا بوو، یەکیەتی جووتیاران و ریککخراوە دیموکراتیکەکانی خۆیان دامەزراندبوو، بەپیچەوانەی ویستی کۆنەپەراستانی سەربەجمهووری ئیسلامی عەقیدەو ئیرادەی خۆیان لە کۆبوونەوەی بەرینی جەماوەری دا دەردەبری، چەکیان کردبووە شان ودەرەتانی جم و جوولیان لەدەرەبەگ و کۆنەپەرستان بریبوو، ریکخراوەکانی وەك شوورای عەشایری و کۆمیتەی لە نەوعی جمهووری ئیسلامی و شتی دیکەی لە وقوماشەیان بە دەستی بە هیزی خۆیان تیك رماندبوو، وەچکدارانە هاتبوونە مەیدانی دیفاع لە دەسکەوتەکانی راپەرینی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئێران بەم جۆرە لە ماوەی نیوان ٢٢ی ریبەندانەوە هەتا ٢٨ی موورداد کوردستانیان کردبووە مەلبەندی شۆرش و ئازادی و دیموکراسی.

جمهووری ئیسلامی نەی دەتوانی ئەوە قەبوول بکا لەولاتیك دا کە ئەوبە تەما بوو ئاسەواری شۆرشی لی بسریتەوە، گەرای ئازادی و ئازادیخوازی تیدا نەهیلی و بیکاتە گورستانیکی ئارام بۆچەوساندنەوەی کرێکاران و کەلەکە کردنی سەرمایە، لەو ولاتەدا، لە گۆشەیەك، لە کوردستان، کۆمەلانی شۆرشگێر و وەخەبەر هاتوو خۆیان چارەنووس و قەزاو قەدەری ژیانی خۆیان دیاری بکەن و ئیرادەی خۆیان بەریوە بەرن.

تاریخی ١٠ سالْ حوزووری داگیرکەرانەو سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، تاریخی ١٠ سالْ ململانی و دەست و پەنجەنەرم کردنی کۆمەلانی خەلْکی کوردستانە لەگەلْ جمهووری ئیسلامی لەسەر ماف و داخوازەکانی خۆیان.

هەر لەسەرەتای هیرشی رژیمی جمهووری ئیسلامی‌یەوە هەلویستی خەلکی کوردستان بریتی بوو لە خوپیشاندانی جەماوەری لە هەموو شارەکان بۆ ئیعتیراز بەرانبەر بە ئیعدام و کوشتار و لە هەمان کاتدا دەسدانە چەك لەسەر تاخواری کوردستان بۆ بەرەنگاربوون لەگەلْ لەشکری داگیرکەر ئامادەیی بۆ ئەم حەرەکەتە شۆرشگێرانەیە خۆی حاسلْی زیاتر لە سالْیك خەباتی جەماوەری و شۆرشگێرانە هەم لە دژی رژیمی شاو هەم بەرانبەر بە رژیمی جمهووری ئیسلامی بوو. تەجرەبەش نیشانی دا کە هەر ئەو دەرجەیە لە ئامادەیی زەحمەتکیشان و خەلْکی شاروديهات بۆخەباتی سیاسی و چەکدرانە، کافی بوو بۆئەوەی بزووتنەوەیەکی پر قودرەت لە دژی هیزە داگیرکەرەکانی دەولەتی دژ بە خەلْك و دژبە ئازادی بەرپابکری: بزووتنەوەیەك کە بە ٣ مانگ توانی شیرازەی هیزی داگیرکەر لەبەریەك هەلوەشینی و بۆ جاریکی تر دیموکراسی و دەسەلاتی خەلْك لەسەراسەری کوردستان جی نشینی دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی بکا،

# گوزارش بە پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

روونکردنەوە:

ئەم نووسراوەیە چەندبەش لە گوزارشیکە کە لە پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەند کۆمەڵەدا– کە نیوەی هەوەلی گەلاویژ دەستی پیکرد و نیوەی دووهەم کۆتایی پی هات لەلایەن جەمعی رابەری نیوان دوو پلینومی کۆمەڵەوەن هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە پیشکەشی کرد. پلینوم پاش باس وراویژکردن لەسر ئەو گوزارشە و وەبیرهینانەوەی هەندیك خالی بە کەلْك بۆتەکمیل کردن و رۆشن کردنەوەی، کوالیەتی گوزارشەکەی پەسند کرد. ئەم گوزارشەی کە ئیستا دەیبینن بۆبلاّوبوونەوەی عەلەنی نووسراوەتەوە و ئەو بەشانەی لە ئاخری گوارشەکەدا سەردیرەکانیان نووسراوە، بەهۆی تی بینی سیاسی و تەشکیلاتی لابراون.

## ١- وەزغییەتی سیاسی:

خاموش بوونی ئاگری چەکەکان لە جەبهەکانی شەری ئێران و عیْراق و قەبوولی بریارنامەی ٥٩٨ی شوورای ئەمنییەت لە لایەن جمهووری ئیسلامی‌یەوە لە هەمان کاتدا کە قورسایی ئەم شەرە مال ویرانکەر و بەسامەی لە سەرشانی خەلْك لابرد، هەروەها شکستی جەرەیانی پان ئبیسلامیستی لە مەنتەقەدا مسوگەر کرد. پان ئیسلامیزم کە قەرار بوو ئالترناتیوی کە کردنەوەی بوحرانی حکوومەتی و سیاسی و کۆمەلاّیەتی بی لە مەنتەقەدا، نەك هەربەم ئامانجە نەگەیشت، بەلْکوو خۆی لە ماوەی چەندین سالدا بوو بەهۆی بی سەباتی و جیگیرنەبوونی سیاسی بورژوازی و توندوتیژ کردنەوەی بوحرانی ئابووری نەبوونی هیچ هیوایەك بو زال بوون بەسەر ئەم بوحرانەدا، مەترسی هەستانیکی جەماوەری و پیك هاتنی وەزعیکی شۆرشگیرانەی لە ئێران دا هینابووەگۆر ئەم مەترسی‌یە هەم جمهووری ئیسلامی و هەم بورژوازی ئێران و ......

ل٤

# کوچ پی کردنی خەڵکی ئاوایی‌یەکانی سەرسنوور

جمهووری ئیسلامی بۆ کۆچ پیکردنی خەلکی زەحمەتکیشی ئاوایی‌یەکانی "ئالان" و "سویسنی" و "گەورك" لە ناوچەی سەردەست خەریکی پیلانیکە و دیسانەوە فشاری خستوەتە سەر خەلکی ئەو بەشانە.

رژیمی جمهووری ئیسلامی ماوەی ٧سالە بەتەمای بەریوەبردنی ئەم سیاسەتەیە. کیشانی شەری مالویرانکەری ئێران و عیْراق بۆ شوورەکانی کوردستا، لەکەلك خستنی مووچەو مەزراکانی دیهاتی سەرسنووربە بۆمباران، موحاسەرەکردنی دیهات و پیش گرتن بە هات وچووی خەلك، مین نانەوە لەسەر ریگاکان، ئەزیەت و ئازاردانی خەلك لە دیهات بە شیوەی جۆراوجۆر، ئاوارە کردنی خەلك وسووتاندنی ئاوایی‌یەکان بیانوو و شیوەی جمهووری ئیسلامی بوون بۆفشارخستنە سەر خەلك و بەریوە بردنی پیلانی کوچی زۆرە ملی.

خەلْکی زەحمەتکیش و تیکۆشەری ئاوایی‌یەکانی سەرسنووریش لەبەرانبەر ئەم پیلانەدا بەردەوام ئیعتیرازیان کردوە و هەتا ئیستا نەیان هیشتوە ئەم سیاسەتە بەریوە بچی.

جمهووری ئیسلامی لەهەل ومەرجیکی تازەدا بەتەمای بەریوەبردنی ئەم سیاسەتە دژبەشۆرشەیە. شەری ئێران و عیْراق کۆتایی پی هاتوە و کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان بەویست و داخوازەکانیانەوە زیاتر لە جاران کەوتوونەتە بەرانبەر جمهووری ئیسلامی، وە بەپیچەوانەی ئیددیعا پووچەکانی رژیم خەباتی چەکدارانە بەردەوامە و کوسپیکی گەورەیە لەسەر ریگای سەقام گرتنی دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان و بەرەوپیش چوونی سیاسەتە دژبە شۆرشەکانی.

ل٣

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣١ | گەلاوێژی_١٣٦٨ | ئووتی _ ١٩٩٨

پێشڕەو

بزووتنەوەیەک کە بەرانبەر بە هێرشی دووبارەی ڕژیم لە بەهاری ٥٩دا توانی بەرەنگارییەکی لی براوانەترو جەماوەری‌تر لەزۆربەی شارەکان و لە سەراسەر ناوچەکانی کوردستان بەدی بینی.

ئەمڕۆ لە کوردستان لە درێژەی ١٠ساڵ خەباتی شۆڕشگێرانەدا، بە میلیون ژن و پیاوی زەحمەتکیش و سەدان هەزار لاوی تازەپی گەیشتوو دژایەتی لەگەڵ جمهووری ئیسلامی و دام و دەزگای سەرکوت و خەفەقانی ئەو ڕژیمە بە بەشیکی جیانەکراوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەزانن. هەروەها بەشداری کردن و پشتیوانی کردن لە خەباتی چەکدارانەبەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی بەشیکە لەو سوننەتە شۆڕشگیرانەیە کە بەتەواوی ریشەی لەناو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی شاروديهات دا داکوتاوە.

بیجگە لەمە، لەم ١٠ساڵەدا کوردستان گەلیك ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی زۆریان کردوەتە سەر سیمای سیاسی کۆمەڵی کوردستان گرینگترینی ئەو ئاڵ و گۆڕانە بریتی‌یە لە کۆبوونەوەی هیزیکی تازەی کۆمەڵایەتی هیزی میلیونی کرێکاران — لە شارەکان. ئەم هێزە بە پیی جیگاوشوینی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی، بەپیی ئەوە کە مادام کاری نەبی ناژی، ناچارە هەموو ڕۆژیك لە خەباتیکی ئابووری بەردەوامدا بی بەرانبەر بەسەرمایەدارانی وردودرشت و بەرانبەر بە ڕژیمی سەرمایەداران، لەم ١٥ساڵەدا وجوودی خەباتیکی شۆڕشگێرانە و چەکدارانە لە کوردستان مەجالیکی موساعیدی بۆ خەبات بە کرێکاران داوە و هەر خەباتیکی کرێکارانیش بەبەشی خۆی ئەم زەمینەیەی موساعیدتر کردوە. بە تایبەت لەم ساڵانەی دوایی‌دا ئەوە بەرچاوە کە داخوازی ئابووری کرێکاران لە پاڵ داخوازەگشتی‌یەکاندا بەشیوەی بەرین هاتوەتە مەیدان داخوازی زیاد کردنی هەقدەست و باشترکردنی هەل و مەرجی کار وەدەیان داخوازی‌تری مەربووت بە بەریچوونی کرێکاران و زەحمەتکیشان بەهۆی فەوری بوون و حەیاتی بوونیان بۆ میلیونەها ژن و پیاوی زەحمەتکیش، هەتا هاتوە بناغەی خەبات لە دژی سەرمایەداری و لە دژی حکوومەتی ئیسلامی پتەوتر کردوەتەوە. مانگرتنەکانی هەموو ساڵەی کرێکاران و بەرپابوونی هەموو ساڵەی جەژنی کرێکار، هاتنە مەیانی ژنان، بەتایبەت ژنانی کرێکار و زەحمەتکیش بۆ دیفاع لە مافەکانی خۆیان کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیزی سەرکوت و خەفەقانی ڕژیم بەرەو رووی کردوون، ئەمانەو ئاشنابوونی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری زەحمەتکیشان لەگەڵ مافە سەرەتایی‌یەکانی خۆیان و ئامادەیی‌یان بۆ دیفاع لەو مافانە، هەموو بوونەتە هۆی بەرین تر بوونەوەی پایە و بناغەی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانە لە کوردستان و پشت بەستنی هەرچی زیاتری ئەو بزووتنەوەیە بە هیزی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش.

گری‌درانی زیاتری ئەو بزووتنەوەیە لەقازانجی کۆمەڵانی کرێکاروزەحمەتکیش هاوکات بووە لەگەڵ ئەوە کە چینەداراکانی کۆمەڵی کوردستانیش بەرەبەرە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان لەگەڵ دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی گری داوە و بەپیی قازانجی ماددی خۆیان بە کردەوە لە موخالەفەتی جمهووری ئیسلامی پاشەکشەیان کردوە و ریگای سازان لەگەڵ ئەو ڕژیمەیان گرتوەتەپیش.

لە پاڵ ئەم ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتی‌یانەدا گەلیك ئاڵ و گۆڕی سیاسی‌ش لەم ماوەیەدا رووی داوە. کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش لە مەیدانی ترجرەبەی ڕاستەوخۆدا حیزبە سیاسی‌یەکانیان تاقی کردوەتەوە و بەدلنیایی‌یەکی زیاترەوە لە دەوری کۆمۆنیزم و هیزی سیاسی کۆمۆنیستی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان کۆبوونەتەوە . بەگشتی ئەمڕۆ بە ترازانی خەباتی هەمە لایەنەی کۆمەڵانی خەڵك لە چوارچیوەی ریبازی ناسیونالیستی و بە کۆبوونەوەی هیزی سەرەکی ئەو خەباتە لە دەوری سیاسەتی کۆمۆنیستی و ریبازی کۆمۆنیزم کە دەتوانی وەلامدەرەوەی گرینگترین مەسەلەکانی نیو کۆمەڵ بی‌-خەریکە لە کوردستان کۆمۆنیزم بەسەر شیوە و ریبازی کۆنی ناسیونالیستی دا زاڵ دەبی. وەك جەریانیکی کۆمەڵایەتی بەهیزتر دەبی.

ئەم ڕەوتە لە کوردستان خەریکە بەرەوپیش دەچی، سەرەتاکانی ئەو زەمینەیەی فەراهەم کردوە کە تییدا ئەم خەباتە شۆڕشگیرانەیە بە ئامانجەکانی خۆی بگاو بەسەر دوژمنی سەرکوتگەر و داگیرکەردا سەرکەوی. فشاریکی هاوکات وهاوئاهەنگی خەباتی ئابووری کرێکاران و زەحمەتکیشان، خەباتی سیاسی جەماوەری و خەباتی چەکدارانە، ئەو فشارەیە کە دەتوانی سەرەنجام چوکی جمهووری ئیسلامی بشکینی و کۆتایی بە دەسەلاتی بینی.

بی شك لەو وەزعەدا کە جمهووری ئیسلامی تییدا دەژی، لەهەل و مەرجیکدا کە لەسەراسەری ئێران ئەم ڕژیمە لەگەڵ دەیان گیروگیرفت و سەدان داخوازی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش بەرەورووە، جم و جوولی کرێکاران و زەحمەتکیشان لە سەراسەری ئێران دەتوانی پالپشتیکی بەهیزبی بۆ سەر کەوتنی خەباتی عادلانەی خەڵکی کوردستان، هەروەك ئەم بزووتنەوەیەیش بەش بە حاڵی خۆی دەتوانی وەك رابوردووچقلی چاوی جمهووری ئیسلامی و عامیلی بی سەقام کردنی دەسەلاتی ئەو ڕژیمە بی ولەم ریگایەوە خزمەت بە بەهیز کردنی خەباتی چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکیش و ئازادی خوازی ئێران بکا.

هیزی میلیونی کرێکاران لە کوردستان لە ریزی پیشەوی هەموو کۆمەڵانی بی‌بەش و ستەم لیکراو و ئازادیخوازدا ئەرکی بەرین کردنەوە و بەرەوپیش بردنی هەموو مەیدانەکانی ئەم خەباتەی لە سەر شانە و بیگۆمان دەتوانی ئەم بزووتنەوەیە لە ریبازی قازانجی خۆیدا هەتا وەدی هینانی ماف ڕەواو عادلانەی بەرەوپیش بەری و بەسەرەنجامی سەرکەوتنی بگەیەنی.

# دەوری کۆبوونەوەی گشتی لە خەباتی کرێکارانی کوورەخانەکاندا!

خەباتی ١٥ — ١٠ ساڵی رابوردوو کرێکارانی کوورە بۆ وەدی هینانی داخوازەکانیان، گەلیك تەجرەبەی تیدایە کە لە سەرووی هەموویانەوە تەجرەبەی بەنرخی چونیەتی یەکگرتن بەرچاودەکەوی یانی بەرەوپیش بردنی خەباتی کرێکاران کە بە باشترین شیوە یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران تەئمین دەکا.

ئەگەر چاویك لەو تەجرەبەیە بکەین، ئەوە دەبینین کە کرێکارانی کوورەخانەکان لە چ وەزعییەتیك دان، گەیشتوونەتە کوێ و دەبی چی بکەن هەتا بە دەرس وەرگرتن لە تەجرەبەکانی ساڵانی رابوردوو هەنگاویکی‌تر، هەنگاویکی سەرەکی‌تر، بەرەو یەکگرتوو بوون و ریکخراو بوونی خۆیان بۆپیشەوە هەلگرن.

ئەوە ئاشکرایە کە مانگرتنە گەورەکانی کوورەخان لە ساڵانی رابوردوودا — ئەو مانگرتنانە کە زۆربەیان سەرەرای پیلانی رەنگاورەنگی دوژمن بەسەرکەوتن گەیشتوون بەبی پلەیەکی باڵای یەکگرتوویی نەدەس پی دەکران و نەبەشی هەرە زۆریان دەیانتوانی داخوازەکانیان وەدی بینن. مانگرتنی نزیك ١٠٠کوورەخانە لە "وایگان"ی تەوریز، مانگرتنی نزیك ٥٠ کوورەخانە لە دەوروبەری بۆکان لە چومی مەجیدخان، لە ساڵانی ٦٥و٦٦دا، مانگرتنی زیاتر لە ٣٠٠ کوورەخانەی تەوریز لە هاوینی ساڵی ٦٦و بەهاری ساڵی ٦٧دا، مانگرتنەکانی دوو ساڵی رابوردووی کوورەخانەکانی هەمەدان و چەند نموونەی حەرەکەتی ئیعتیرازی گەورەی کرێکارانی کوورەخانەکان بوون کە هەموویان بەهیزی هاوپشتی سەراسەری لە مەنتەقەیەك دەس پیکراون.

تەجرەبەی ئەم چەند نموونەیە و دەیان نموونەی گەورە و چکولەی‌تر، کەم تا زۆر وەك یەك بوون. یانی سەرەتا لەکۆڕ و کۆمەڵ و لەماڵان و لەدیداری ڕۆژانەدا و لە بازاری ئەم شار و ئەوشار قسەوباس لەسەر بەرپاکردنی مانگرتن لەلایەن کرێکارانەوە لیرەولەوی دیتەگۆڕ وسەرەنجام بە گەرمی لەنیو هەموو کرێکاراندا دەتەنیتەوە. ئەمجار لە کوورخانەیەکەوە دەگاتە کوورەخانەیەکی‌تر. لە بابەت داخوازەکانەوە راویژدەکری و بریاردەدری و کات و ڕۆژی مانگرتنە کە دیاری دەکری. مانگرتنەکە لەشوینیکەوە دەست پی دەکا و بە خیرایی پەرەدەگری و ئاخرین کوورەخانەی ئەو مەنتەقەیەش دادەگری.

هەرکە مانگرتنەکە دەستی پیکرد دەس بەجی کۆبوونەوەی زۆرگەورەتری کرێکاران پیك دی کەزۆربەی کرێکاران تییدا بەشدارن و هەهر لە سەرەتای پیك هاتنیەوە کرێکاران تییدا هەست بە هاودلی و هیزی زیاتر دەکەن.

بەم جۆرە کۆبوونەوەی گشتی کە لە تەجرەبەی ساڵانی رابوردووی کوورەهانەکاندا شاهیدی بووین، هاوکات لەگەڵ دەسپیکردنی مانگرتنەکە سەرهەلدەدا و هیزوپتەوی‌یەکی زیاتر بە خەباتی کرێکاران دەبەخشی.

تەجرەبەی مانگرتنی وایگانی تەوریز لە هاوینی ساڵی ٦٦دا ریك هەر ئاوا بوو کە هاوکات لەگەڵ دەسپیکردنی مانگرتنەکە لەهەر کوورەیەك کۆبوونەوەی گشتی پیك هات و پاش بریاردان لەسەر دان لەسەر داخوازەکان هەرکام لەکوورەکان دوو نوینەریان دیاری کرد. ڕۆژی دواتر نوینەرانی دەیان کوورە لەشوینیك کۆبوونەوە و کۆبوونەوەی گشتی نوینەرانیان پیك هینا لیرەش دا لەسەر داخوازەکان قسەیان کرد و بریاریان دا پاشان چوارکەسیان بۆ وت وویژ لەگەڵ خاوەن کوورەکان دیاری کرد. جگە لەمانە گاردی مانگرتنیشیان پیك هیناو هەتا کوتایی مانگرتنەکەهەموو ڕۆژی کۆدەبوونەوە بۆ پاراستن و دریژەپیدانی مانگرتنەکە و پیش گرتن بە پیلانی کارفەرما سەریان لە کوورەخانەکان دەدا. گوزاریشی نوینەرەکانیان دەبیست، بۆبەرەوپیش بردنی هەرکاریك نەزەری خۆیان دەردەبری و دەخالەتیان دەکرد ولەسەر میزانی هەقدەست و چونیەتی قەرار دادەکان موخالیف و موافیق قسەیان دەکرد. لە یەکیك لەو کۆبوونەوانەدا، کرێکاران یەکیك لە نوینەرەکانیان لەبەر ئەوەی لە کاتی وت وویژ لەگەڵ خاوەن کوورەکاندا بەباشی نەیتوانیبوو نەزەر و داخوازی کرێکاران رابگەیەنی، لە نوینەرایەتی خست و کرێکاریکی‌تریان لە جیاتی ئەو هەڵبژارد.

لەباقی کوورەخانەکانیش لەگەڵ دەسپیکردنی مانگرتن دەیان جار لەم جۆرە کۆبوونەوانە پیك هینراون. ئەم کۆبونەوانە کە ساڵ بە ساڵ ریك وپیك تر و جیددی‌تر و بەرینتر بەرپاکراون، وە لیهاتووتر بوون ودەوریکی سەرەکی‌تریان لەیەکگرتووکردنی کرێکاران و ریبەرایەتی خەباتیان دا لە دژی پیلانی خاوەن کوورەکان و بەکریگیراوانی ڕژیم گرتوەتە ئەستو، هەمان کۆبوونەوەی گشتی کرێکارانن.

کەوایە دەکری بلیین تەجرەبەی ساڵانی رابوردووی کرێکارانی کوورەخانە بەرۆشنی ئەوەی نیشان داوە کە کۆبوونەوەی گشتی دەوری لیهاتووانەی خۆی گیراوە. بەڵام لایەنیکی لاواز کە کەم تازۆر لە تیکۆشانی کرێکارانی کوورەخانەکاندا بەرچاودەکەوی ئەوەیە کە کۆبوونەوەی گشتی لەسەرەتای دەسپیکردنی مانگرتن و لە دەورانی مانگرتن دا ڕەونەقی بووە.

ئەگەرچی لە دەورانی مانگرتن دا کۆبوونەوەی گشتی ئامرازیکی بە کار و لیهاتوو بووە بۆپاراستنی یەکگرتوویی هەموو کرێکاران، ئەو لایەنەلاوازە بەردەستی خاوەن کوورەکان و دەولەتی کردوەتەوە، کەبتوانن کرێکاران بگرن، لەبەریوەچوونی قەرارداده کاندا تەنگ و چەلەمە سازبکەن، هەقدەستەکان وەدوا دەن و تەنانەت بەشیك لە هەقدەستەکانیش بخەنە پیش گوێ ونەیدەن بە کرێکاران. لەحالیکدا ئەگەر کۆبوونەوەی گشتی دریژە بەتیکۆشانی بدا بەباشی دەتوانی لەسەر بەش بە بەشی هەموو داخوازەکان و ناوەروکی قەراردادەکان پی دابگری و تەفرەو کارشکینی کارفەرماکان پووچەل بکاتەوە. کەوایە هەموو کرێکاریکی پیشرەو ئیستا دەبی ئەوە بزانی کە ئەمساڵ چ تەجرەبەیەك دەخاتە سەر دەسکەوتی یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران هەتا ریکخراوی گۆنجاوی کرێکارانی کوورەهانەیانی کۆبوونەوەی گشتی شکل بگری و هەل نەوەشیتەوە و ببیتە ئامرازی یەکگرتوویی پایەدار وقایمی کرێکاران پیك هینانی کۆبوونەوەی گشتی و دریژەپیدانی، یانی پیك هینانی کۆبوونەوەی گشتی ومونەززەمی هەموو کرێکارانی یەك کوورەخانە یان چەند کوورەخانەی لەیەکتر نزیك، لە هەمان کاتدا کەزۆر گرینگە، کاریکی سادە و عەمەلی‌یە چونکوو کرێکاران لەبەیانی یەوە هەتا ئیوارە لە دەوری یەکن، شەوانە و ڕۆژی تەعتیلی ئاخری حەوتوو ئەغلەب چاویان بەیەك دەکەوی و بە ئاسانی دەتوانن بۆهەر گیرو گرفتیك کە بۆیان دیتەپیش وەیا هەر مەسەلەیك کە پیویست بی، لەماوەی چەند ساعات دا قەول و قەراری کۆبوونەوەی گشتی دابنین، وە لەکوتایی هەر کۆبوونەوەیەکیش دا، کاتی گرتنی کۆبوونەوەی دواتر دیاری بکەن، بەبەرەوپیش بردنی ئەم ڕەوالە، کرێکاران توانیویانە ریکخراوی کارسازی خۆیان پیك بینن. وەلەمەولا دەتوانن بۆئەنجام دانی هەرکاریك وچارەسەرکردنی هەر گیروگرفتیك، یەکگرتووانە و یەکپارچە و بەهەموو توانایانەوە بینە مەیدان.

تەجرەبە نیشانی داوە هەر کات کرێکاران بیانەوی لە پیك هاتنی ریکخراوە کرێکاری‌یەکان — کۆبوونەوەی گشتی یان اتحادیە — پشتیوانی بکەن، ڕژیم و سەرمایەداران نەك هەر ناتوانن پیشی پی بگرن، بەڵکوو ناچاردەبن بەرەسمییەتی بناسن.

کرێکاران بۆ وەدی هینانی داخوازە فەوری‌یەکانی خۆیان وەك: زیاد بوونی هەقدەست و کەم بوونەوەی سەعاتی کار و باش بوونی هەل و مەرجی کار، بەردەوام بەرانبەر بەسەرمایەداران و دەولەتەکەیان دەرگیری خەباتیکی ئابوورین و بۆ بەرەوپیش بردنی ئەم کارە ناچارن هەموو ڕۆژی لەگەڵ یەکتر قسەو راویژ بکەن، سەرنج بدەنە بوچوون وپیشنیاری ئەو هاوری‌یانەی پیشرەو و پیشقەدەمترن، وەسەرەنجام ناچارن بریاربدەن و بەریوەی بەرن. ئەم کۆبوونەوانەدا دەکری، پلەیەك لە یەکگرتوویی کرێکاری و بناغەی هەر ریکخراویکی کرێکاری‌یە. بەڵام دەبی بکرینە کۆبوونەوەی مونەززەم وبەردەوام کەزیاترین ژمارەی کرێکاران تییدا بەشداری بکەن ونەزەری خۆیان دەربرن.

لە کوتایی دا تەئکیدکردنەوەیەکی سەرلەنۆی لەسەر دووخاڵی تر پیویستە:

– خاڵی یەکەم ئەوەیە کە لەبابەت هەرمەسەلەیەك کەدیتەپیش، دەبی هەول بدری کۆبوونەوەی گشتی پیك بهینری. بۆهەر داخوازیکی ئابووری‌یان سیاسی، بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی، بۆ پیك هینانی تەعاونی‌وەیا دروست کردنی نانەواخانە، بۆ بەرپەچ دانەوەی خیرای هەرچەشنە ملهوری‌یەکی خاوەن کوورە یان مەئموورانی دەولەت و...، دەبی کۆبوونەوەی گشتی پیك بهینری. دریژەپیدانی ئەم ڕەوتە بە کردەوە کۆبوونەوەی گشتی دەکاتە سوننەتیکی پایەدار ومونەززەم.

– خاڵی دووهەم ئەوەیە کە : تەجرەبەی ساڵانی رابوردوو نیشانی داوە کە بە هەر میزانیك ژنانی کرێکار ڕاستەوخۆ لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکەن، هەم خەباتی هاوبەشی کرێکاران بەرانبەر بە خاوەن کارەکان بەهیز و تواناتر دەبی و هەم بەم شیوەیە ریگا بۆ هاتنەگۆری داخوازەکانی تایبەتی ژنان زیاتر دەکریتەوە، وە لە نەتیجەدا هاوپشتی نیوان ژنان و پیاوانی کرێکاریش پتەوتر دەبی.

وەرگیردراو لە گۆڤاری "پیام" ژمارە ٤٥

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣١ | گەلاوێژی_١٣٦٨ | ئووتی _ ١٩٩٨

پێشڕەو

# (پاشماوی) لەسەرراگەیاندنی حیزبی دیموکرات سەبارەت بەمەرگی خومەینی

بۆنموونە بابزانین بە یاننامەی ئەو جناحەی حیزبی دیموکرات چون ئەم کارە دەکا؟ بەر لەهەمووشتیك ئەو بەیان نامەیە خومەینی وەك كەسیك نیشان داوە كەگوایە ئەو بووە كە راپەرینی خەلكی ئێرانی لەدژی رژیمی شا بە سەركەوتن گەیاندوە. بەیاننامەكە لەم بارەوە دەلی:

"ناوی ایت الله خومەینی وەك كەسیك كە لەسەر كەوتنی راپەرینی یەكپارچەی خەڵكی ئێران وتیك رووخاندنی نیزامی كۆن وگەندەلی پاشایەتی لە ئێراندا دەوریكی زۆر كاریگەری هەبوو، بی شك لە میژوودا دەمینیتەوە. "

ناوی خومەینی لە میژووی كی دا ئاوا دەمینیتەوە؟ لە میژوویەكدا كە حیزبی دیموكرات بینووسی بەڵی، بەڵام لە میژووی زیندووی كرێكاران و خەڵكی زەحمەتكیش و ئازادیخوازی ئێراندا ریك بەپیچەوانەیە. واقعییەتی حاشاهەلنەگری شۆڕشی ساڵی ٥٧، كە لە بیر هیچ ئازادیخوازیكی ئێران نەچووەتەوە و حیزبی دیموكرات ئاوا بە ئاشكرا دەیگوری ئەوە بوو كە كرێكاران و كۆمەلانی خەڵك رژیمی شایان رووخاند بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی سیاسی و تەشكیلاتی چینی كرێكارەوە، بەهۆی نەبوونی ئالترناتیویكی سیاسی و شۆڕشگێرانە لە كۆمەڵدا، كۆنەپەرستی مەزهەبی بە سەروكایەتی خومەینی دەسەلاتی پاش رژیمی شای لەدژی هەمان كرێكاران و زەحمەتكیشان بەدەستەوە گرت.

ئەو هەلویستەی ئەم جەماعەتە بەرانبەر بەخومەینی نەتازەیە و نەبۆ وەفاداری بە میژوو نووسراوە. هەمووكەس لەبیریەتی كەچلون حیزبی دیموكرات هەر لەسەرەتاوە خۆشباوەری دەرهەق بە خومەینی و رژیمەكەی بلاو دەكردەوە و لە هەل و مەرجیك دا كە خەڵكی كوردستان شۆڕشگیرانە بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی راوەستابوون، ئەم حیزبە پەیتا پەیتا عەروز حالی دەناردە خزمەت "ایت الله العزمی حەزرەتی ئیمام خومەینی".

هەلویستی ئەمرۆی ئەم جەماعەتە لە لایەك بۆپاكانە كردنی ئەو رابوردوە بی شانازی یەیە ولەلایەكی تریش مەعنای ئەوەیە كە ئەگەر سبەی رۆژ دیسان بە هۆی ئامادەنەبوونی هیزی شۆڕشگیری كۆمەڵ، هیزیكی كۆنەپەرستی دیكە توانی لە جیی جمهووری ئیسلامی دانیشی، جیزبی دیموكرات هلپەرستانە لەدژی كرێكاران و زەحمەتكیشان بە بالای هەلبلی، ریایی لەبەربكا و خۆی پیوەهەلاوەسی هەرلیرەدا پیویستە ئیشارە بە بەشیكی دیكەی بەیاننامەكەی ئەم جەماعەتە بكەین:

"خەڵكی كوردستان شانازی لەوە دەكا كە هەلا لە سەرەتای هاتنەسەركاری خومەینی یەوە زۆر زوو لە نیوەروكی رژیمەكەی گەیشت و لەبەرانبەریدا لیبراوانە هەلویستی گرت."

بەلی! خەلكی كوردستان ئەشانازی‌یەی بوخۆی تومار كردوە بەلام ئەمە بە حیزبی دیموكرات چ مەربووتە؟ ئەوەی خەڵكی كوردستان كردوویەتی ریك بە پیچەوانەی هەلویستەكانی ئەوسەردەمی حیزبی دیموكرات بووە. ئەوە ئەوپەری دەغەلی وریاكاری‌یە كە حیزبی دیموكرات ئەمرۆ بیەوی بەشیك لەو شانازی‌یە بە سینگی خۆیەوە بلكینی. ئەگەر خەڵكی كوردستان شانازی بەوە دەكا كە هەر لە ئەوەل هەرەتای هاتنە سەركاری خومەینی‌یەوە، بەرانبەریدا لیبراوانە هەلویستی گرتوە، حیزبی دیموكرات ئەمرۆ دەبی بەرانبەر بە خەڵكی كوردستان ئارەقی شەرم و خەجالەتی بریژی كە هەر لە سەرەتای هاتنە سەركاری خومەینی‌یەوە هەتا زیاتر لە دووسالیش هەتا ئەو كاتەی خودی جمهووری ئیسلامی بە تەواوی جوابی كرد، خوشباوەری دەرهەق بە خومەینی و رژیمەكەی لەناو خەڵكدا بلاو كردوەتەوە و لە بەرانبەریدا زۆر سازشكارانە هەلویستی گرتوە!

كی لەبیر چووەتەوە كە حیزبی دیموكرات چەندەی بە خومەینی هەلكوت و چەندە بە ئەنواعی سازشكاری و لەبنەوەبری هەولی دا بناوانی جوولانەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵكی كوردستان بە ئاودا بدا؟ كی لەبیری چووەتەوە كە لە ریفراندومی جمهووری ئیسلامی دا مانگی خاكەلیوەی سالی ٥٨ كاتیك هەموو هیزە سیاسی‌یەكانی كوردستان ئەو ریفراندومەیان تەحریم كردبوو، تازە حیزبی دیموكرات هەیئەتی ناردەلای خومەینی و بازرگان و تەنیا دوای ئەوەی هەیئەتەكەی بە دەستی بە تال گەرایەوە بۆ ئەوەی لە قافلە پاش نەكەوی ولەناو خەڵكی كوردستاندا وەك حیزبی توودەی لی نەیە، لەشەوی ئاخردا رای گەیاند كە لە ریفراندوم دا بەشداری ناكا؟

لەمانەوە بگرە هەتا باقی هەلویستەكانی حیزبی دیموكرات هەتا"لبیك" ناردنی بۆ خومەینی، هەتا ئیسكورت كردنی هیزە داگیركەرەكانی جمهووری ئیسلامی و هەتا تیكدانی "هەیئەتی نمایندەگی خەڵكی كورد"، هەتا گورینی بەرنامەی حیزبی خۆی لە كۆنگرەی ٤دا بەدلخوازی خومەینی و جمهووری ئیسلامی، هەتا سوال كردنی خودموختاری "ئیسلامی"! و زۆركاری‌تری لەم نەوعە، پەروەندەی ئەستووری سازش كاری وهەلپەرستی حیزبی دیموكرات پردەكەن و هەروەك جینایەتكانی خومەینی نابی لە بیر بچیتەوە، ئەو سازشكاری و هەلپەرستی‌یانەی حیزبی دیموكراتیش بەرانبەر بە خومەینی و رژیمەكەی وەك بەشیك لە تاریخی زیندووی ئێران و كوردستان نابی قەت لە بیركرێكاران و زەحمەتكیشان بچنەوە.

ئەمانە رەنگدانەوەی رابوردووی سەرشورانەی حیزبی دیموكرات بوون لە بەیاننامەكەی ئەم جەماعەتە دیتە سەر لیكدانەوەی وەزعی جمهووری ئیسلامی دوای مردنی خومەینی بە یك كەلیمەش ریگا بۆخەباتی خەڵك رۆشن ناكاتەوە، بەڵكوو تەنیا ری لی ون كردن و دەستە وەستان راگرتنیان بەوەزیفەی خۆی دەزانی. بەیاننامەكە دەلی:

" ئەو رژیمە لەراستی‌دا رژیمی خومەینی‌یەوە وەك لیباسیكی تایبەتی بە بەژن و بالای خودی خومەینی براوەوبەس... ئەو نیزامە پیویستی بە بوونی یەك دیكتاتور هەیە و لەگەڵ شیوەی شوورایی و دەسەلاتی هاوبەشی چەند و چەندین كەس بە هیچ جۆر یەك ناگریتەوە. لە نەتیجەدا ناتەبایی و شەری نیو خۆیی ناچارە ئەوەندە دریژەی هەبی هەتا یەكیك ئەوانی دیكە لە مەیدان دەباتە دەر.

شەریكی نیوخۆیی ئەوتو كە دەبیتە هۆی خوین لەبەررۆیشتنیكی دایمی، دەتوانی تائەو جیگایە بروا كە بە لەنەفەس كەوتنی هەمووان و مردنی یەكجاری رژیم تەواوبی"! بەڵام واقعییەت ئەوەیە كە سەرانی جمهووری ئیسلامی هەرچەندی كیشەی ناوخۆشیان توندبی، بەپیی قازانجی پاراستنی مەوجوودییەتی خۆیان و لەترسی خەڵكی زەحمەتكیش بۆ ماوەیەكیش بووە دەتوانن لەگەڵ یەك بسازین و تەنیا بە فشار لە خوارەوە كیشە و ناكوكی‌یان لی توندتر دەبیتەوە. بیجگە لەوە ناكوكی ناوخۆی رژیم هەرچەندیش توند بی مادام كرێكاران وزەحمەتكیشان لەمەیدان دا نەبن و بەباشی كەلكی لی وەرنەگرن قازانجیكی لی ناكەن و سەرەنجام ملهوریكی‌تر هەر لەخۆیان كەلكی لیوەردەگری یان حیزبیكی دەسندەخۆری وەك حیزبی دیموكرات پیی بەنان ونەوا دەگا.

كیشەی ناوخۆی رژیم واقعییەتیكی مەوجوودەو چینی كرێكار و كۆمەلانی حەقیانە لە زەعف و داماوی رژیم دوای مەرگی خومەینی و لەشەری نیو ریزی دوژمنانی جینایەتكاران خوشحال بن. بەڵام بۆچ مەبەستیك؟ بۆ چاوەروان مانەوە وسەبركردن ودەست لەسەر دەست دانان یان بۆكەڵك لی وەرگرتن و هاتنە مەیدان؟

لەدریژەی بەیاننامەكەدا هاتوە:

"بەڵام دیواریكی لە رزوك و بن كۆل كراو بەبی پال پیوەنان مومكینە هەتا ماوەیەكی دریژ خۆی راگری ونەرووخی".

كەسیك حیزبی دیموكرات نەناسی، بەشوین ئەم قسە مەعلوومەدا رەنگە چاوەروان بی حیزبی دیموكرات بە خەڵك بلی دەیسا وەرنە مەیدان و بە هیزی خۆتان پال بەم دیوارە لەرزوكەوە بنین و بیرووخینن. بەڵام حیزبی دیموكرات لەم ناپاریزی‌یە ناكا وقسەی وای بەزاری دا نایە بەڵكوو هەر دوابەدوای ئەو قسەیە دەلی:

"لیرەدایە كە ئەركی ئوپوزیسیونی پیشكەوتوو و شۆڕشگێری ئێرانی خۆی بەتەواوی دەنوینی".

وە لەئیدامەی باسەكەیدا"هیزەكانی دیموكرات وكۆماری خوازی ئێران "بانگەواز دەكا كە بۆ "پیك هینانی بەرەیەكی یەكگرتوو چالاكانە تی بكۆشن".

"هیزی دیموكرات وكۆماری خواز"

"ئوپوزیسیونی پیشكەوتوو و شۆڕشگێر" لە روانگەی حیزبی دیموكراتەوە كامەیە؟ ئەگەر هەركەسیك حیزبی دیموكرات و هاوقوماشەكانی نەناسی خەڵكی كوردستان باشیان دەناسن. بیجگە لەوەش سكرتیری گشتی ئەوحیزبە زۆرجار نەیشاردوەتەوە كە نگ هەربەشیك لە سەلتەنەت تەلەبكان بەڵكوو لایەنیك لە ناوخۆی رژیمیشی لەبەرچاوە كەپییان دەلی "واقیع بین" و ئەگەر مەیدانی پی بدرایە حەتمەن ئیستا زۆرتر لە جاران بۆ هاوكاری كردن لەگەڵ "واقیع بینەكان"ی ناوخۆی رژیم وەسوەسە هەلی دەگرت.

ئەفسانەی بەرە بۆحیزبی دیموكرات سالەهایە تەنیا نەقشی پەردەیەكی هەیە كە بی عەمەلی سیاسی، بی ئاسویی و تەریك مانەوە و بی دوارۆژی خۆی پی دادەپوشی.

بەكورتی حاسلی بەیاننامەكەی ئەم جەماعەتە لەسەر مەرگی خومەینی ئەوەیە كە هەتا ئەو جیگایەی تیغی قسەوسیاسەتی دەبری، خەڵك بە هەلەتی چاوەروانی دا بەری ولەهاتنەمەیدانی راستەو راست لە دژی رژیم و مەینەتەكانی ژیانیان، لە حەرەكەت و ئیعتیرازی حەقخوازانە و لە كۆكردنەوە وریكخستنی هیزی خۆیان غافلیان بكاو وەك باقی هیزەكانی بورژوازی لەم رۆژە ناسكانەدا بە كردەوە خزمەت دەكا بە خۆگرتنەوەی جمهووری ئیسلامی دوای مەرگی خومەینی.

جمهووری ئیسلامی بیگۆمان لەگەڵ دەورەیەك لەبوحرانی سیاسی و ئابووری و لەگەڵ دەوریكی‌تر لەكیشەی ناوخۆ بەرەو روو دەبی، بەڵام بەپیچەوانەی بەیاننامەكەی حیزبی دیموكرات ئەوەی دەبیتە هۆی فەوتانی، نەتوندتر بوونەوە كیشەی ناوخۆیی‌یە، نەبەرەی خەیالی حیزبی دیموكرات وهاوقوماشەكانی بەڵكوو كرێكاران و كۆمەڵانی زەحمەتكیشی وەكیان هاوو ئەوهیزە كۆمەلایەتی‌یە پرسام و پرقودرەتەن كە دەتوانن گۆر هەلكەنی جمهووری ئیسلامی و وەدی هینەری ئال و گۆری بنەرەتی بن لە ژیانی ئابووری و سیاسی خۆیان و باقی خەڵكی ولات دا.

كۆمەلانی كرێكار و زەحمەتكیش لە كوردستان كە تائیستاش بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خۆیان بە پیچەوانەی سیاسەتی خەیانەتبارو هەلپەرستانەی حیزبی دیموكرات هیناوەتە پیش، لەم سەردەمەشدا بەپیچەوانەی ئاموژگاری و سیاسەتەكانی ئەو حیزبە چاوەروان دەستەوەستان دانانیشن بەڵكوو بەپیداگرتن لەسەر دانەدانە داخوازە ئابووری و سیاسی‌یەكانیان، بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی ریزی خۆیان پتەو دەكەن و لە لاوازی و ئالوزی ئەم رژیمە جینایەتكارە بۆ هەر سەنگەرگرتن و پیشرەوی كردنیكی خۆیان وشیارانە كەڵك وەردەگرن.

# (پاشماوەی) وەلامی خەلكی كوردستان بە نمایشی هەلبژاردنی رژیم

رژیم دلی بەوە خۆش كردوە كە لە كوردستان ٣٥٠ هەزار رەئی كۆ كردوەتەوە كە لەم ژمارەیەش نزیكەی ٢٠٠ هەزار رەئی هی‌بەكریگیراوانی چەكدار و دام ودەزگای سەركوت و جاسووسی رژیم لە كوردستانە هەركەس بە قامك حیسابی كا دەتوانی تی بگا ئەوەی رژیم بۆخۆی بەسەركەوتنیكی دادەنی ژمارەیەكی نزیكەی ١٥٠ هەزار كەسە. لە كوردستانی ٦-٥ میلیونی دا ١٥٠ هەزار رەئی مانای چیە؟ یانی ئەگەر فروفیشالی رژیم بەراستیش دابنری، هیشتاش ١٠٪ی ئەو كەسانە ناكا كە هەقی رەئی دانیان بووە بە وتەیەكی‌تر یانی ٩٠٪ ی خەڵكی كوردستان لە نمایشی هەلبژاردنی رژیم دا بەشداری یان نەكردوە.

بەكریگیراوانی رژیم بۆ ئەوەی بەزۆر خەلك بكیشنە شوینی سندووقەكان، خیابانەكان وگەرەكەكانیان خستە ژیر كۆنترول و بە شوین خەڵك دا چوون و بەزۆر هینایانن بۆشوینی سندووقەكان.

چوونە هەر ئاوایی‌یەك لە پیشدا گەمارویان دا و پاشان رژانە نیو ئاوایی و هەركەسیان كەوتەبەردەست بەزۆركیشایانە شوینی سندووقەكان، یان بەزۆر چوونە مالی خەلك و سجیلی خانەوادەكانیان هیناتا ژمارەی رەئی‌یەكان زیادكەن.

بۆنموونە لەشاری سەقز، رۆژی هەلبژاردن، خەلك شوینی كاری خۆیان و بازاریان تەعتیل كردوە تا ناچار نەبن رەئی بدەن. خەڵكی ئاوایی‌یەكانیش گوییا نەداونی و وەشوین كارو ژیانی خۆیان كەوتوون رژیم لە ناچاریان بۆ كۆكردنەوەی رەئی، لەشارودیهات پەنای بردوەتەبەر هیزی سەركوتەگەری.

كەوابی دەوردەكەوی لە كوردستان جگە لە ژمارەیەك هاوكارو دەست و پیویندەكانی رژیم، زۆربەی ئەو كەسانەی رژیم ئیددیعادەكارەئیان داوە بەزۆر كیشراونەتە شوینی هەلبژاردنی نمایشی رژیم و بە زۆر رەئیان لی ئەستاندوون.

بەم جۆرە خەلكی كوردستان جاریكی تریش دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ جمهووری ئیسلامی و نیزامە گەندەلەكەی نیشان دا. خەڵكی كوردستان كاتیك هەلبژاردن بەرەوا دەزانن و بە دلخواز رەئی پیدەدەن كە هیزی سەركوتگەری رژیم لە كوردستان چووبیتە دەرتا جەماوەری خەڵك بتوانن ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بكەن.

# ( پاشماوەی ) كوچ پی كردنی خەڵكی ئاوایی‌یەكانی سەرسنوور

لەهەل و مەرجی ئیستادا یەكیك لە ئامانجەكانی جمهووری ئیسلامی تەنگەبەر كردنی مەیدانی خەباتی چەكدارانەیە. رژیم ویرای كۆكردنەوەی ژمارەیەكی هەرچی زیاتری هیزەكانی لە سنوورەكان، وبەریوە بردنی گەلالەی تەلبەندكردنی سنوورەكان ومین نانەوە، رووی كردوەتە سیاسەتی كۆچ پیكردنی زۆرەملی خەلكی زەحمەتكیشی ئاوایی‌یەكانی سەرسنوور لە حالیكدا هیزی پیشمەرگە بەپەرینەوە لە دەیان بنكەو پایگای جۆراجۆر خوی دەگەیەنیتە قوولایی ناوچەكانی كوردستان لەناوشارەكان و قەراخ شارەكان و جادە ئەسلی‌یەكان تیكۆشانی خۆی دریژە پی دەدا.

بەڵام تەقەلای رژیم بۆ بەریوە بردنی پیلانی كوچی زۆرەملی تەنیا بریتی نیە لە گواستنەوەی خەلكی ئاوایی‌یەكانی سەرسنوور بۆ جیگای دیكە. جمهووری ئیسلامی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە كە لەم پیلانەدا هەیەتی، دەیەوی كرێكاران و زەحمەتكیشانی كوردستان زیاتر لە جاران بەریتە ژیر دەسەلاتی كۆنەپەرستانەی خۆی و ژیر چنگی هیزە سەركوتگەرەكانی. هەر بۆیە رژیم لە بەهارو هاوینی رابوردوودا تەنیا بە فشار هینان بۆ خەڵكی زەحمەتكیشی ئاوایی‌یەكانی سەرسنوورەوە نەوەستا بەڵكوو لە مەیدانیكی بەرین تردا لە ئاوایی‌یەكانی دەوروبەری دیواندەرەو پیرانشار و سنە پیشی بەهات و چووی ئازادانەی خەڵك بۆ مووچەو مەزراكان و دەرەوەی ئاوایی گرت. هەر ئیستاش ئەم سیاسەتە دریژە پی دەدا و لە هەندیك ناوچە بەراگەیاندنی حوكمی نیزامی بە كردەوە كۆسپ دەخاتە سەر ریگای كار و ژیانی خەڵكی زەحمەتكیش.

كرێكاران! خەڵكی زەحمەتكیش!

سیاسەتی كوچی زۆرەملی بە مانای پی شیل كردنی یەكیك لە سەرەتایی ترین مافە ئینسانی‌یەكانتانە. هەموو ئینسانیك ماڧ ئەوەی هەیە ئازادانە شوینی كار و ژیانی خۆی هەلبژیری. كرێكاران و كۆمەلانی خەڵكی زەحمەتكیشی كوردستان هەروەك هەتا ئیستا تەسلیمی ئەم سیاسەتە جینایەتكارانەیەی رژیم نەبوون و پاشەكشەیان نەكردوە، دەبی یەكگرتووتر لەجاران ئیعتیراز بكەن و بە خەباتی یەكگرتووانە و یەكپارچەی خۆیان پیش بەوەبگرن بەكرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە كار و ژیانیان دا دەخالەت بكەن. دەبی بەكریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە شوینی كار و ژیانی خۆتان وەدەرنین.

وەرگیردراو لە گوڤاری "پیام" ژمارە ٤٥

# گوزارش بە پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕوونکردنەوە:

ئەم نووسراوەیە چەندبەش لە گوزارشیکە کە لە پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەند کۆمەڵەدا– کە نیوەی هەوەلی گەلاویژ دەستی پیکرد و نیوەی دووهەم کۆتایی پی هات لەلایەن جەمعی رابەری نیوان دوو پلینومی کۆمەڵەوەن هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە پیشکەشی کرد. پلینوم پاش باس وراویژکردن لەسر ئەو گوزارشە و وەبیرهینانەوەی هەندیك خالی بە کەڵك بۆتەکمیل کردن و رۆشن کردنەوەی، کوالیەتی گوزارشەکەی پەسند کرد. ئەم گوزارشەی کە ئیستا دەیبینن بۆبڵاوبوونەوەی عەلەنی نووسراوەتەوە و ئەو بەشانەی لە ئاخری گوارشەکەدا سەردیرەکانیان نووسراوە، بەهۆی تی بینی سیاسی و تەشکیلاتی لابراون.

## ١- وەزغییەتی سیاسی:

خاموش بوونی ئاگری چەکەکان لە جەبهەکانی شەری ئیران و عیڕاق و قەبوولی بریارنامەی ٥٩٨ی شوورای ئەمنییەت لە لایەن جمهووری ئیسلامی‌یەوە لە هەمان کاتدا کە قورسایی ئەم شەرە مال ویرانکەر و بەسامەی لە سەرشانی خەڵك لابرد، هەروەها شکستی جەرەیانی پان ئیبسلامیستی لە مەنتەقەدا مسوگەر کرد. پان ئیسلامیزم کە قەرار بوو ئالترناتیوی کە کردنەوەی بوحرانی حکوومەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بی لە مەنتەقەدا، نەك هەربەم ئامانجە نەگەیشت، بەڵکوو خۆی لە ماوەی چەندین سالدا بوو بەهۆی بی سەباتی و جیگیرنەبوونی سیاسی بورژوازی و توندوتیژ کردنەوەی بوحرانی ئابووری نەبوونی هیچ هیوایەك بو زال بوون بەسەر ئەم بوحرانەدا، مەترسی هەستانیکی جەماوەری و پیك هاتنی وەزعیکی شۆڕشگیرانەی لە ئیران دا هینابووەگۆر ئەم مەترسی‌یە هەم جمهووری ئیسلامی و هەم بورژوازی ئیران و هیزە ئەمپریالیستەکانی کە ئالترناتیویکی گونجاویان نەبوو تالەجیی رژیمی ئیسلامی دابنین، زۆرنیگەران کردبوو. لەبەر ئەوە هەم لەناوخۆ و هەم لەدەرەوە رژیمی دسەلاتداریان بووەلا نان ودەست هەلگرتن لە مەبەستی داگیرکەرانە و پاوان خوازانەی خستە ریرفشار. کەوتنە اصلاحی ئەم رژیمە و تیکۆشان لق وپوی زیادی و دەست و پی گیر و توندرەوانەی پان ئیسلامیستی لی ببرن و خۆیان لە مەترسی سەرهەلدانی شۆڕشیکی تر رزگار بکەن. بەم بۆنەوە بورژوازی لە ناوخۆی رژیم و لەدەرەوەی رژیم رادەستی دایە هەول و تەقالایەکی هەمەلایەنە بۆ دەربازکردنی جمهووری ئیسلامی لە بوحران و بن بەستی سیاسی.

بەدوای برانی نەعرەی"شەر، شەر..."ی حیزب اللە بولەبولی ناو خۆی دام و دەزگاکانی حکوومەتی زیادی کرد و موسابەقەیەك بورخنەگرتن لە "توند – رەوی‌یەکان و هەلەکانی رابوردوو" لە لایەن منتزری و جاروباریش لە لایەن رفسنجانی و ئەوانی ترەوە وەری کەوت. بلند گوکانی ئەمپریالیستەکانی رۆژئاواش بۆ هاو – ئاهەنگ کردنی خۆیان لەگەڵ ئەم شەپولە وەکارکەوتن و هەولیان دا ئەوجیهەت – گورانە وەك نیشانەی سەرکەوتنی "میانەرەوی " و " نەرم و نیانتر بوون" ی شیوەو شیعارەکانی رژیم سەبارەت بە مەسەلەکانی نیو خۆی ئیران و دەرەوەی ئیران لە قەلەم بدەن و جیی بخەن بۆ دەورەیەکی‌تر هەولیان دارفسنجانی وەك کەسیکی واقیع بین نەرم و نیان لە قەلەم بدەن کە بازسازی دوای شەر لەسەر ئەساسی نەزم و قانوون رابەری دەکا و دەستیان دایە تاریف کردن و پی هەل – کوتنی و هەموو هیوا و ئارەزووەکانیان بۆ "داهاتووی ئیران" بەرفسنجانی یەوە گری دا.

بەڵام لەهەموو ئەم ماوەیەدا "حیزب – اللە"ش بەکەلك وەرگرتن لە ئاخرین هیزوتوانی خمینی، هەولی دەدا هیزی خۆی بۆسازمان دانی پەلاماریکی پان – ئیسلامیستی لە دژی ئەو هیرشەی کە کرابووەسەری ئامادەبکاو سەرەنجام بە کیشانەخوارەوەی منتزری و پاشان بە کارشکینی کردن لە رەوتی ئاسایی کردنەوەی پەیوەند لەگەڵ غەرب و بەکەلك وەرگرتن لە"رووداوی سەلمان روشدی" دەستی دایە ئەم هیرشە. هۆی ماددی ئەم بەرەنگاربوونەوە پان ئیسلامیستی‌یە لە راستی‌دا ناکام مانەوەیان چوونە پیشی زۆربەشینەیی رفسنجانی ودارودەستەکەی بوو لەراکیشانی سەرمایەکانی دەرەوەو لە وەگەرخستنی سەرمایەکانی نیوخۆ و بە گشتی ئەوەی بە نیوی بازسازی باسی لی دەکرا. کاتیك وەعدە و بەلینەکانی ئەم جیناحە بوراکیشانی سەرمایەکان بەریوە نەچوو و ئەوزاعی ئابووری بەرەو خراپ بوونی زیاتر چوو، حیزب اللە ئەم هەلەی بوهیرش کردن خواستەوە و لە "رووداوی سەلمان روشدی" بە قازانجی خۆی کەلکی وەرگرت.

غەرب لەبەرانبەر ئەم هیرشەی پان ئیسلامیستەکاندا راوەستاو رژیمی جمهووری ئیسلامی‌ی بۆپاشەکشە کردن نایەژیر فشار (بانگ کردنەوەی سەفیرەکان، تیکدانی پەیوەندی سیاسی، وەری خستنی هەرای تەبلیغی لەسەر ئەو مەسەلەیە و ...) ئەم جیناحەی بورژوازی ئەمپریالیستی وەها هیزی خستبووەسەر بەهیز کردنی جەرەیانیکی "میانەرەو" کە تەنانەت کاتیك رفسنجانی بوراگرتنی مەوقعییەتی خۆی هیندیك وەرگەرایە لای حیزب اللە، زەخت و فشاریکی توندوهەمەلایەنەی خستە سەرخودی رفسنجانی و ناچاری کرد قسەکانی سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین کە لە سوخەنرانی رۆژی قودس داکرد بووی وەرگریتەوە.

بە هەر حال سەرەرای هەول و تەقالای حیزب اللە واقعییەت ئەوە بوو کە هەم خمینی وەك وشکە حیزب اللهی یەك و وەك کەسیکی کەدام و دەزگای حکوومەتی و سەرو خواری دەولەتی مان و مەشرووعییەتی لە گرەوی ئەوەدا بوو پەیرەوی لەوبکا، پیی لەسەر لیوی قەبربوو وهەم دام و دەزگا ئەسلی‌یە ئیداری و قانوونی‌یەکان لە هەموو باریکەوە لە دژی جیناحی پان ئیسلامیست و بە دەست رفسنجانی ودارودەستەکەیەوە بوو لەم رووەوە حیزب اللە بە تەواوی کزو لاوازببوو و خرابووە جی و شوینی ئۆپوزیسیونەوە ( گەرچی ئۆپوزیسیونیکی دەردی سەرساز و تیك دەر لە روخواری حکوومەت دا) و تەنیا مانی خمینی ببووە هۆی ئەوە کە هیشتا جۆرەسەنگ و سووکی یەك لە نیوان هیزەکان دارابگیری بۆیە پاش مەرگی خمینی حیزب اللە دیسانیش کزولاوازتر بوو وجی و شوینی جارانی لە نیو حکوومەت دا نەماو هەول و تەقالا بۆ دەرهینانی یەکجاری ئەرکانی دەسەلات لە دەستیان زیادی کرد.

لەم دەورەیەدا رژیم بەرانبەر بە موخالیفانی سیاسی خۆی وەك هەمیشە بە زمانی کۆشتار و سەرکوت و ئیعدامی بە کۆمەڵ و بی وینەودرندانە دەدوا سیاسەتی بەرانبەر بە نارازی‌یەکانی چینەکانی سەروو، تکنوکراتەکان، بوروکراتەکان و سەرمایەدارانی نیوخۆ ئەوە بوودەروویەکی رووناکیان بەروودا بکاتەوە تتاسەرمایە و "تخصص"ە کانیان بۆسەروسامان پیدانی وەزعی شپرزی بەرهەم هینانی سەرمایەداری وەگەربخەن. بەرانبەر بە جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش سیاسەتی رژیم، سیاسەتی چاوەروان وراگرتنی خەڵك و دریژەپیدانی هەرچی زیاتری دەورەی چاوەروان مانەوەیان وهینانە خواری تەوەقوعیان بوو.

لەم دەورەیەدا جگە لەماوەیەکی کورت کەدوابەدوای ئاگربەس نرخی پیداویستی‌یە ئەساسی‌یەکان هیندیك داشکا ومانگیکیش دەوامی نەبوو–وەزعی ژیانی خەڵك و بە تایبەت کریکاران و تویژە کەم دەرامەدو زەحمەتکیشەکان رۆژ بە رۆژ بەرەوخراپی چووە. بە پیی ئامارە رەسمی‌یەکان، خەڵك توانای خریدیان لەچاو ساڵەکانی هەوەلی هاتنەسەرکاری جمهووری ئیسلامی نۆتا دە بەرابەر هاتوەتە خوارو ژمارەی بیکاران رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاد دەکا.

لە کوردستانیش رژیم سیاسەتی تەفرەدان وچاوەروان راگرتنی خەڵکی گرتەپیش جمهووری ئیسلامی هیزە سازشکارەکانی کۆمەڵ، دەوڵەمەندان، بازرگانەکان، کارمەندە پایە بەرزەکان و عامیلانی فروشی کالا دەولەتی‌یەکان و کەسانی لەم چەشنەوەکار خست و خۆی لە پشت تەبلیغاتی سازشکارانە و ریاکارانە ئەوان دا شاردەوە. وەعدەو بەلینەکانی زۆرترکرد. کاربەدەستانی سەرووی رژیم هاتنە کوردستان، هەوالی وت و ویژی نهینی خۆیانیان لەگەڵ حیزبی دیموکرات (جیناحی کۆنگرەی٨) و وەعدەی چارەسەرکردنی مەسەلەکانی کوردستانیان لە ریگای هیمنانەوە، بە شیوەی غەیرە رەسمی بڵاوکردەوە. سەرچاوەی ئەم هەول و تەقالایانە ترس ونیگەرانی ئەوان بوولە پەرەسەندنی بزووتنەوەی پەلاماردەرانە و هەستانی جەماوەری لە کوردستان.

بە کۆتایی پی هاتنی شەر، لە کوردستانیش فشاری گرانی و بیکاری هەروا زیادی کرد. خەڵك لەباری بەری چوون و سەختی ژیانەوە پییان نایە دژوارترین هەلو مەرجی پاش تەواوبوونی شەر. مەسەلەی گوزەرانی ئەمرۆ و سبەینی هیشتاش هەر گرینگترین مەسەلەی خەڵکە، خەڵکیك کە فرۆشی هیزی کاریان تەنیا وەسیلەی بەری چوونی ژیانی ئەمرۆ وسبەینی یانە. تەواوبوونی شەر نەك هەر تەئسیریکی نەکردەسەر چوونەسەرکار، پەیداکردنی کار، کەم بوونەوەی بیکاری، کەم بوونەوەی رادەی گرانی و داشکانی قیمەتەکان، بەڵکوو بە تەعتیل بوونی کاری ئیرەوئەوی و راوەستانی هیندیك لە پرۆژە دەولەتی و خوسووسی‌یەکان، وەك جادەکیشان، دروست کردنی ساختمان و بیمارستان و...، رادەی بیکاری زیاتر بوو وکوو وکۆمەڵی کریکاران زیاتر لە پیشوو لیك بڵاوبوون.

گەرچی کەم بوونەوەیەك لە بەرینایی ئیعتیرازی کریکاری و بزووتنەوەی جەماوەری‌دا لەچاو رۆژەکانی پیش ئاگربەس وەبەرچاو دەکەوی، بەڵام کەیفییەتی داخوازەکانی کریکاران وجەماری خەڵك لەچاو جاران فەرقی کردوە. راوەستان بەرانبەر بەزیادکردنی سەعاتی کار و کەم کردنەوەی حەقدەست توند وتیژتر بووەتەوە. داخوازی زیادکردنی حەقدەستەکان، باستر بوونی شەرایتی کارو... نیشان دەری چاوەروانی و تەوەقوعی بالای کریکارانە لە سەرمایەداران و حکوومەتە لە شارەکانی نەغەدە و شنو و بۆکان جاریك ولە مەهاباد سیٚ جار حەقدەستەکانیان زیادکرد، ئاکسیونەکانی ئەوەلی مانگی مەی ئەمسال لە چاوپیشوو بە کەیفییەتیکی باشتر ورادەی ریکخراوی‌یەکی لەسەرتر بە ریوەچوو و بە گشتی گەرچی هیزی ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵ دا لە چاومانگەکانی پیش ئاگربەس کەمی کردوە، بەڵام کریکاران بە ترجرەبەترو وشیارتر ماوەترو پیچیدەتر لە دژی سەرمایەداران و رژیمی جمهووری ئیسلامی دەبەنەپیش .

خەباتی خەڵکی گەرەکە زحمەتکیش نشینەکان گەرچی نەگەیشتوەتەوە رادەی رۆژەکانی پیش کۆتایی پی هاتنی شەر، بەڵام هەروا دریژەی هەیە. ئیستاش لەسەر گەرەکەکانی خارجی مەحدوودە لە نیوان رژیم و خەڵکی ئەو گەرەکانەدا کیشمەکیشی توندوتیژ بەردەوامە.

ئیعتیراز بەکەمی سووخت و ئاردو نان نەك هەرکەمی نەکردوە بەڵکوو توند و تیژتر بوونەوەی ئەم ئیعتیرازە لە چەند مانگی رابوردوودا شارەکانی لە هەلچوونیکی گشتی نزیك کردەوە بە جۆریك کە تەنانەت بلندگو تەبلیغاتی یەکانی رژیمیش باسیان کردو رژیم ناچار بوو پاشەکشە بکاو داخوازەکانی خەڵك قەبوول بکا. کیشانی ئاوی لوولەکیشی و بەرق، سازکردنی بیمارستان، دەرمانگا، مەدرەسە و ئیسفالت کردنی کووچە و خیابانەکان، بوونە بەشیك لە داخوازە بنەرەتی و ریفاهی‌یەکانی گشتی‌ی دانیشتوانی گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکان.

بەگشتی سیاسەتی تەفرەدان و سەرگەرم راگرتنی خەڵك، بەلینی وئیمتیازی بچووك دان بە خەڵك لە لایەن رژیمەوە هەروا دریژەی هەیە. لە هەمان کاتدا کە رژیم هەروەك پیشوو سیاسەتی زیندانی کردن، ئەشکەنجەو ئیعدامی هیزەکانی موخالیفی خۆی بەریوەدەبا، ەبرانبەر بە ئیعتیرازە جەماوەری‌یەکان بە پاریزەوە دەجوولیتەوە.

### مەوقعییەتیخەباتی چینایەتی

کاتیك باسی مەوقعییەتی چینی کریکاری ئیران لە کیشمەکیش و خەباتی چینایەتی دەساڵی رابوردوودا دەکەین، پیویستە لەم بارەیەوە باسی چەندخالی ئەساسی بکەین. چینی کریکاری ئیران لە دەساڵی رابوردوودا مەینەت و سەختی یەکی سامناکی پی تەحمیل کراوە. ئەمرۆ ئەم چینە هەموو مەیدانەکانی ژیانی مەینەتباری سەرمایەداری تەجرەبە دەکا. کۆمەڵیکی یەکجار زۆر لە کریکاران بیکارن و مەسەلەی گوزەرانی رۆژانە بووەتە سەرەکی‌ترین مەسەلەی ئەم جەماوەرە بەرینە.

هەروەها وەزعی مەینەتباری ئابووری دووبەرەکایەتی نیوان کریکارانی پەرەپیداوە و ئیستا ئەم چینە لەباری پیك هینابن ریکخراوە کریکاری‌یەکانەوە لە سەرەتای قەوارەپیدانی ئەم ریکخراوانە دایە. هەلوەشاندنەوەی ریکخراوە کریکاری‌یەکان، شەرومەینەتەکانی شەر، دەرکردن و بیکارکردن و هیرشی بورژوازی و حکوومەتی ئیسلامی بۆسەر ژیان و رادەی گوزەرانی کریکاران، چینی کریکاری چ لەباری وەزعی ژیان وچ لەباری دەورونەقش و مەوقعییەتی لە مەیدانی سیاسی دا، دەورونەقش و مەوقعییەتیك کە بە حوکمی هەل و مەرجی عەینی دەورانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ وەدەستی هینابوو، خستوەتە هەل و مەرجیکی دژوارترو لە دواتر جمهووری ئیسلامی بەبی داسەپاندنی ئەم رادەیە لە بەڵاو مەینەتی سامناك هەرگیز نەیدەتوانی نیازەکانی سەرمایەداری و ئەمپریالیزم بۆ سەرکوت کردنی شۆڕش، شۆڕشیك کە چینی کریکار بربرە پیشی بوو، جواب بداتەوە.

سەرەرای هەموو ئەوانە کاتیك باسی مەوقعییەتی چینی کریکاری ئیران دەکەین بەبی قامك دانان لەسەر ئەو دەسکەوتانەی کە پایەدارترن و ئەم چینە لە ەورەی شۆڕش دا توانیویەتی وەدەستیان بینی و لە دەساڵی رابوردووش دا ولەدژوارترین هەل ومەرج دا زۆربەیانی پاراستوە، ناکری بگەینە تیگەیشتنیکی دروست لە مەوقعییەتی چینی کریکاری ئیران.

چینی کریکار بە شۆڕشی ساڵی ٥٧ و هەروەها ماوەی دەساڵ کیشە و خەباتی چینایەتی و تیکۆشان بۆپاراستنی گوزەران و مەوجودییەتی خۆی، لەباری سیاسی و ناسینی مەوقعییەتی چینایەتی خۆیەوە، زۆر بەرەوپیش چووە. ئاگادار بوونی ئەم چینە لەمەوقعییەتی خۆی، خۆناسینەوە و پەی بردن بەمەوجوودیەت و قازانجی هاوبەش وهاوچارەنووسی چینایەتی خۆی ئیستا بۆی بوون بە دەسکەوتیك کە ئیتر ناکری لە چینی کریکاری ئیران بستیندریتەوە چینی کریکار تارادەیەك پەی بە هیزەتوانای خۆی بردوە ودیتوویەتی دوژمنانی چینایەتی چەندی لی دەترسن وچون ترس و خوفیان لی نیشتوە. ئەمرۆ هیزوتوانای چینی کریکار تەنانەت لە جم وجوولی دوژمنیش دا دەبیندری. جگە لەوانە لە ماوەی دەساڵی رابوردوودا چینی کریکار هەمیشە ناکوکی و سەرلی شیواوی وناتەوانی‌یەکانی نیو خۆی دوژمنانی چینایەتی خۆی بە چاودیوە و هەرئەمەش بەری بەوە گرتوە کە ئەم چینە چاوترسینی حکوومەتی بورژوایی ئیران بیت. هەموو رۆژیك ئالوزی و سەرلی شیواوی‌یەکانی نیوخۆی حکوومەتی بە چاو دیوەو ئەم واقعییەتەی دیوە کە چون ئەم حکوومەتە رۆژانە و لە رووداویکەوە تارووداویکی تر مەوقعییەتی سیاسی خۆی راگرتوە.

تا ئەو جیگایەی کە هەلدەگەریتەوە سەر ناکوکی‌یەکانی نیوخۆی هەیئەتی دەسەلاتداری بورژوایی ئیران، راستەکەی ئەوەیە ئەم ناپتەوەی‌یە سەرچاوەکەی لەم داماوی وسەرلی شیواوی‌یە دایە کە بۆ وەلامدانەوەی بوحرانی کۆمەڵایەتی تووشی بوون، بوحرانیك کە رۆژ بە رۆژ قوولتر بووەتەوە. هەر ئەوەی کە خۆیان نیویان ناوە "شەری چوارەم"، شەری نیوان فەقیرو دەولەمەند. بەتاك خستنەوە و پاشەکشە پی کردنی هەرکام لەدارودەستە و جیناحەکانی نیوخۆی حکوومەتی بورژوایی ئیران بەوەلامیکەوە بەستراوە تەوە کە هەرکام لە جیناح ودارودەستەکانی رژیم بۆ دەربازکردنی بورژوازی لەم بوحرانە کۆمەڵایەتی‌یە، دەیدەنەوە ئەمە لە قەوارەپیدانی شەروکیشەکانی داهاتووی نیوخۆی دام و دەزگای حکوومەتیشدا گرینگی‌یەکی زۆری دەبی.

داماوی حکوومەتی بورژوایی‌یەکانی ولاتانی ژیردەستە بۆچارەسەرکردن یان کەم کردنەوەی بوحرانی ئابووری کۆمەڵایەتی لەولاتەکانیاندا، هیچ هیوایەکی بۆ بورژوازی لە ناوەوەیان لە دەرەوە نەهیشتوەتەوە کە دەوریکی تازەی رەونەق یان تەنانەت سەقام گرتنیکی سیاسی کۆمەڵایەتی بۆ بورژوازی ئیرانیش پیك بینی بەڵام بەهەر حال ئەوەی کە بە نیوی بازسازی، لەچواچیوەی سازکردنەوەی ویرانی‌یەکانی شەرووەگە رخستنەوەی سەنعەتی مەوجوود دا دەهینریتە گۆر، گەرچی ئیمکانی مانور دانیکی زیاتر و دەرفەتیکی زیاتر دەدا بە بورژوازی کە لە داهاتوودا بەرانبەر بە بزووتنەوەی کریکاری راوەستی، بەڵام باشتر بوونی هەر رادەیەکی وەزعییەتی ئابووری دەتوانی

پایەی ماددیی بزووتنەوەی کرێکاران بۆ داخوازەکانیان بەهێزو تواناتر بکا و هەل و مەرجێکی لە بارتر بۆپەرەپیدانی بزووتنەوەی کرێکاری وبردنە سەری وزە و توانای خەباتگێرانەیان بخولقێنی.

کرێکاران دەبی بەچاوێکی ئاواڵەوە سەرنج بدەنە ئال و گۆڕەکانی ئەم دەورەیە و نەك هەر لە لاوازی‌یەکانی ئیستای حکوومەت کەڵك وەرگرن، بەڵکوو هێزی یەکگرتوویان بۆ راوەستان لە بەرانبەر بردنەسەری رادەی چەوساندنەوە وبۆکەڵك وەرگرتنی زیاتر لە نیعمەت و خزمەتەکانی ئەم کۆمەڵگایە کە هیچ شتێك نیە جگە لە حاسل وداهاتی کاری خۆیان، وەکاربخەن و داخوازەکانیان بە سەر سەرمایەداران و حکوومەتەکەیاندا داسەپینن. لەم حاڵەدا بەهێزوتواناتر وریکخراوتر خەباتی چینایەتی ئەم دەورەیە تیپەر دەکەن. جامیعە هێزی چینی کرێکاری لە شۆڕشی ساڵی ٥٧دا تەجرەبە کردوە ولە تەواوی ماوەی دەساڵی دوای شۆڕشی ٥٧یش دا ئەم چینە لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی پاراستنی دەسکەوتەکان و پاراستنی رادەی ژیان و گوزەرانی دا تەجرەبەی وەدەست هیناوەو لە نەتیجەی ئەم ئال وگۆڕە دەساڵەیەدا، ئەمرۆ دەرفەتی ئەوە خولقاوە کە کۆمۆنیزم وەك ریگایەك بودەربازکردنی کۆمەڵ لەو بوحرانەی کەتووشیەتی، بیتەگۆڕو ئاوات و ئامانجەکۆمۆنیستی‌یەکان دەرفەتی بڵاوبوونەوە ورەواج پەیداکردنیان وەدەست هیناوە. لە کوردستان وەزع لەوەش لەبارترە. لیرە ئیمە لە شوینیك دا دەژین و خەبات دەکەین کە جەماوەری کرێکار سوسیالیزم و خەباتی سوسیالیستی‌یان لە زمانی کۆمەڵەوە بیستوەو هەرچی زیاتر پەرەی پی بدەین و قوولتری کەینەوە هەر بەم میزانەش ریزی بزووتنەوەی کرێکارانمان بەهێزوتواناتر کردوە. ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە لەم هەل و مەرجە لە بارەی کە بۆمان خولقاوە کەڵك وەرگرین و ئامانجی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار وەك ریگای ئال و گۆڕ بەخشی ئەم کۆمەڵگایە بخەینە بەرچاوی هەموان و بەزمانی سوسیالیستی و لەروانگەی سوسیالیستی‌یەوە وەلامی هەموو گیروگرفتەکانی ئەم کۆمەڵگایە بدەینەوە وبۆ وەلانانی هەرکامیان ریگا کرێکاری‌یەکەی نیشان بدەین و لەم ریگایەوە کرێکاران و بزووتنەوەکەیان سەروشانیك هەلکیشینە سەرتر ولە هەموو زەمینەیەك دا بریارە کرێکاری‌یەکان لە سەر سەری ئەم جامیعەیە بەرزکەینەوە.

لە کوردستان کۆمۆنیستەکان پیویستی‌یەکیان بەوەنیە کە جاریکی تر باش بوونی نیەتیان لەلای کەس بسەلمینن. لیرە هەلسووران و ئامانجی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ عەدالەت خوازی، لەگەڵ خۆشەویستی ئینسان، لەگەڵ نزیکایەتی کردن و گەرم وگۆڕ بوون، لەگەڵ تیکۆشەری و شۆڕشگێری و لەگەڵ دیفاع کردن لە هەموو بی‌بەشان وەبیردیتەوە ئەمە حاسلی لانی کەم دەسال خەباتی سەرسەختانەی ئەوانە لەسەنگەری کرێکاران دا. کەوایە دەکری ودەبی بەهەولدانی بی‌وچان وماندوویی‌نەناس ئەم ئال و گۆڕە سوسیالیستی‌یە لەبیروباوەر ولەکردەوەی خەباتکارانەی کۆمەڵی کوردستاندا خیرا بکریتەوە و بە ئاکام بگەیەندری هەر ئال و گۆڕیکی تەنانەت چکولە و باشتر بوونیك لە شەرایتی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بی‌بەش دادەبی لەگەڵ نیوی کۆمەڵە وەبیربیتەوە و حاسلی خەباتیك بی کە کۆمەڵە هاندەروپشتیوانی بووە. کۆمەڵە دەبی ریبەری هەموو خەبات و ئیعتیرازیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان دابی. لیرەدا ئەوە خەلیکی موسبەتە کە کۆمەڵی کوردستان لە خەباتی خۆیدا بۆپیك هینانی رفورم، سەرمەشق و ئولگووەکانی خۆی لە هیچ حیزب و جەرەیانیکی دیکە وەرنەگرتووە و ئەمە مەیدانیکە کە بورژوازی نەپیی خۆش بووە و نەتوانیویەتی پی بنیتەناوی کەوابی دەکری ئەم خەباتانە راست لە خزمەت ستراتیژی کۆمۆنیستی و لە پیناو قازانجی دریژماوەی چینی کرێکار دابی.

## ٢- هەلسووران لە شوینی کارۆژیان

### ئەلف: سیاسەتی سازماندەهی:

بۆبەکارهینانی کاریگەرتری "سیاسەتی سازماندەهی ئیمە لە نیو کریکاران دا "دەبی تایبەتی‌یەکانی کار لە نیو کرێکارانی کوردستان بزانین ناسینی ئەم تایبەتی‌یانە دەتوانی کاری ئیمە لەم زەمینەیەدا تارادەیەکی یەکجار زۆر بەرەوپیش بەری. ئەم تایبەتی‌یانە هەم لایەنی باش و موسبەتیان لە بەرەوپیش چوونی هەلسوورانی ئیمە لە شوینی کارۆژیاندا هەیە و هەم عامیلی بەرتەسك کەرەوەوریگر دەهیننە نیو شەرایتی کارمانەوە. ئەم تایبەتی‌یانە بەکورتی دەکری ئاوا باس بکری.

لە کوردستان چینی کرێکار ساوایەو لە ئەساس دا لە چەنددەساڵی رابوردوودا پیی ناوەتە بازاری کارو لە تەولیدو بەرهەم هینانی گەورەدا ریکخراونیە بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری پیشینەیەکی زۆری نیەو لەم بارەیەوە سوننەت وشیوە و رەوشتی جی کەوتووی کەمە. رابەرانی سەراسەری یان مەنتەقەیی ناسراوی نیە کە هەر ئیستا لە نیو کرێکاران دابن، کەسانی لەم جۆرە زیاتر لە ریزی تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵەدان تەجرەبەی ریکخراوە سەربەخۆکرێکاری‌یەکان کەم ومەحدوودە. بەڵام لەبەرانبەردا ریکخراوی کۆمۆنیستی — کۆمەڵە — لە ماوەی دەسالی رابوردوودا خۆشەویستی و نفوورزیکی بەرینی لە نیو کرێکاران دا وەدەست هیناوە و لەم ریگایەوە لە کوردستان گەرایشی سوسیالیستی لە نیو چینی کرێکاردا زۆرپەرەی سەندوە. زۆربەی هەلسووراوانی کرێکاری لە کوردستان یان پەیوەندی‌یان بە کۆمەڵەوە هەیە یان لایەنگری لە کۆمەڵە دەکەن و گەرایشە سیاسی‌یەکانی دیکە پایە و نفوورزیکی بەرچاویان نیە. تەوازووی هێزەکانی لە کوردستان بۆ خەبات لە دژی دەولەتی مەرکەزی لەبارترە و...

بەلەبەرچاوگرتنی لایەنە باش و خرایەکانی تایبەتی‌یەکانی سەروو لە دووساڵی رابوردوودا ئەرکە سەرەکی‌یەکانمان سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاری بریتی بوو لەوەگەرخستنی هەموو هەول و تیکۆشانمان بۆیە کگرتووکردن و ریکخراو کردنی خەباتی کرێکاری، بردنە سەری رادەی تەوەقوع و داخوازە کرێکاری‌یەکان لە کوردستان (سەبارەت بە تەفاوەتی نیوان تەوەقوع و داخوازەکانی کرێکارانی کوردستان و شوینەکانی تری ئێران و یاریدەدانی هاوخەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار)، کۆ کردنەوە و وەگەرخستنی ئیمکانات وەزرفییەت حیزبی‌یەکان بۆبەرەوپیش بردنی خەباتی کرێکاران، کردنی ئورگانە تەبلیغی‌یەکان بە دەنگی ئیعتیراز و داخوازی کرێکاران، سەبارەت بە سازماندەهی حیزبی بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئیمە دەماندیت هەلسوورانی تەشکیلاتی مان ولایەنگری لە کۆمەڵە گەیشتوەتە رادەیەك کە ئیجازەمان پی دەدا جیددتر زەین بدەینە سەرکاریکی بە کەیفییەت بە تایبەت لەگەڵ کرێکارانی سوسیالیست و هەلسووراوانی هەلبژاردەی بەریوەبەری خەباتی کرێکاری، لەم رووەوە پەیوەندی تەشکیلاتی و بەرنامە ئامووزشی‌یەکانمان رووی کردە بەهێز کردن و بردنە سەر و کومەك کردن بە پتەوی و ریکخراو بوونی ئەم بەشەلە کرێکاران — کرێکاران بوونی ئەم بەشەلە کرێکاران — کرێکارانی سوسیالیست — لە رادەیەکی گشتی‌تردا و لە ریگای بەرنامە ئامووزشی‌یەکانی رادیووە پەرەپیدان وپتەوکردنی کۆڕ و کۆمەڵی کرێکارانی پیشرەومان نایە دەستوور.

### پیشرەوی‌یەکانی کارمان لە دەورەی رابوردوودا

بۆئەوەی بتوانین بەشیوەیەکی واقیع بینانە بەرنامە عەمەلی داهاتوومان لەم زەمینەیەدا داریژین دەبی پیش هەمووشتیك جی وشوینی ئیستای پیشرەوی‌یەکان و دەسکەوتەکانی تا ئیستامان لی رۆشن بی. بۆپەی بردن بەوە تەنیا بە کارهینانی پیوانەی تەشکیلاتی بە هیچ جۆرکافی نیە. ئەمرۆ بە لیکدانەوەی ئال و گۆڕە عەینی‌یەکانی خەباتی کرێکاری دەکری خالە لاواز و بەهێزەکانی هەلسوورانمان بناسین. لەم بارەیەوە قامك دانان لە سەر ئەم چەندخالەی خوارەوە خۆی رۆشنی دەکاتەوە:

ئێستا تەقریبەن هەرجۆرە زولم و دەست دریژی یەك بۆسەر مافەکانی کریکاران لەگەڵ موقاوەمەتی جیددی کرێکاران بەرەو روودەبی، وەدواخستنی حەقدەستەکان، زیادکردنی سەعاتی کار، کەم کردنەوەی ئیمکاناتی ریفاهی، لە لایەن خاوەن کارەدەولەتی و خوسووسی‌یەکانەوە هەروا سووك و هاسان ناچیتە پیش. حەرەکەتی کرێکاران لەم مەیدانانەدا لە حالەتی خودبەخود هاتوتەدەر و رۆژ لەگەڵ رۆژ شکل و شیوەیەکی ئاگاهانەتر و وشیارانەتر پەیدادەکاو لە چاو رابوردوو ریکخرای یەکی زیاتری تیدایە و ئەمە خۆی نیشانەی چوونەسەری لیهاتوویی هەلسووراوان و رابەرانی ئەم حەرەکەتانەیە. ئەم حەرەکەتانە لە پیشەوە خۆیان بۆ ئامادە دەکری، هێزی پیویستی بۆکودەکریتەوە، لەوەختی خۆیدا ئال و گۆڕی پیویستی تیدادەدری، وزە و توانای موقاوەمەتی یەکگرتووی کرێکاران تا چەندین رۆژرادەگیری و... بەر چاوترین نموونەی ئەم جۆرە حەرەکەتانە مانگرتنەکانی دووساڵی رابوردووی کوورەخانەکانە، ئەم مانگرتنانە سەرەرای ئامادەبوونی خاوەن کارودەولەت لە رادەی بەرین و بەربڵاودا سازمان دەدری و زۆربەیان بە قازانجی کرێکاران کۆتایی پی دی. لەم دەورەیەدا ئەمە بە ئال و گۆڕیکی باش لە پیشرەوی بزووتنەوەی کرێکاری‌دا لە کوردستان دادەنری و خۆی هەل و مەرجیکی زۆر لە بارتر دەخولقینی بۆ پەروەردەبوونی رابەرانی عەمەلی و بۆ یعتیبار و نفووز پەیدا کردنیان لە نیو کرێکاران دا.

بەرپاکردنی مەراسمی ئەوەلی مانگی مەی لە ماوەی سی ساڵی رابوردوودا جگە لەوەی نیشاندەری برشتی قسەی کۆمەڵە و وەلام وەرگرتنەوەی بانگەوازەکانی کۆمەڵەیە، نیشانەی ئەوەیە کرێکار وەك موددەعی‌یەکی کۆمەڵایەتی خۆی کیشاوەتە سەرو جیاوازی یەچینایەتی یەکان زەقتر بوونەوە. دەنا ئەم مەسەلەیە چون وەلامی دەدریتەوە لەکۆمەڵیك دا کە دیکتاتوری بی ئەم لاو ئەولا حاکمەووەلامی هەر ئیعتیرازیك سەرکوت و زیندانە، کرێکار–بەهەر ژمارەیەکی کەم و بە هەر کەیفییەتیك بی– تەدارەکی مەراسمی هاوخەباتی خۆی دەبینی و هێزکۆدەکاتەوە وبەم جۆرە نەك هەر بالغ بوونی چینایەتی خۆی بەڵکوو رادەیەکی بەرز لە کارزانی و لەنەترسی بۆبەریوە بردنی کاری چینایەتی لە خۆی نیشان دەدا.

وەبیرهینانەوەی ئەم خالانە بە تایبەت بۆیە گرینگە کە سەرنجمان بەرەو ئەو هێزو زەرفییەتە گەورەیەرابکیشی کە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان دەتوانی بینوینی و لە نەتیجەدا پیویستی تیکۆشانی زیاتر و وشیارانەتری ئیمە لەم مەیدانەدا نیشان دەدا. داخوازە کرێکاری‌یەکان مەعلوومن، جیاوازی‌یە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان جیگای نارۆشنی بەرانبەر بە چینەکانی دیکەی گرتوەتەوە، سەلمیندراوە کرێکار لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا هێزی سابتی هەرجۆرە ئال و گۆڕیکە، نارازی بوون جیگای خۆی داوە بە خەباتی راستەوخوو رووبەروو، کۆمۆنیزم قەوارە بە ئامانج و ئاواتەکانی کرێکاران دەبەخشی و رۆشنیان دەکاتەوە و... وەئال و گۆڕیکی ئاوا لە دنیا واقیعی دا بە بی هەلسوورانی وشیارانە نەدەکرا بەریوەبچی وئەمە خۆی پالپشتی ئال و گورەکانی داهاتوە.

سەرخەتی بەرنامەی عەمەلی کورت ماوەی ئیمە:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوهەل ومەوجە لە بارەی کە لە سەرەوە باسی کرا و بە لەبەرچاوگرتنی وحەیاتی بوونی دەست وبرد کردن لەبەرەپیش بردنی بزووتنەوەی کرێکاری‌دا بۆ کۆمەڵە، ئەم خالانەی خوارەوە دەبی وەك سەرخەتی بەرنامەی عەمەلی کورت ماوە بخریتە دەستوور:

١) دیاری کردن و روون کردنەوەی هەموو سیاسەت و شیوەو رەوشتە عەمەلی‌یەکانمان سەبارەت بە پتەوکردنی ریکخراوی حیزبی سەبارەت بە خەباتی کرێکاران و کردنیان بە بناغەی ئامووزش و تەبلیغ و هەلسوورانی تەشکیلاتیمان لە کوردستان بڵاوکردنەوەی ئاشکرای ئەوشتانە لە ریگای نوسراوە و بریارنامە و...

٢) شی کردنەوەی وردترو موفەسەل تری جیهەت گیری و سیاسەتەکانمان بەرانبەر بەریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران

٣) ئامووزش دان و کاری تایبەت وبە حەوسەلەکردن لەگەڵ هەلسووراوانی کرێکاری و هەلسووراوانی تەشکیلاتی و ئەنجامدانی ئیقداماتی عەمەلی بۆپیك هینانی ریکخراوە کرێکاری یەکان.

٤) دیدارکردن لەگەڵ هەلسووراوان بە لەبەرچاو گرتنی قەرارو بریارە ئەمنییەتی‌یەکان بە هەر میزانیك کە دەکری.

٥) هەنگاوهەلگرتن بۆ ئەوەی شارەکانی کوردستان لە ریگای جۆراوجۆرەوە بکەویتە ژیر پوششی نەشریاتی حیزبی و تەدارەك بینین و پەیگیری کردنی مەسەلەی دامەزراندنی شوینەکانی چاپ و چاپ کردنەوە.

٦) باشتر کردنی جیددی بەرنامە ئامووزشی‌یەکانی رادیو، نشریات لە پیناو بردنەسەری رادەی ئیدئولوژیکی هەلسووراوانی کرێکاری و تەشکیلاتی.

٧) پەیگیری نەقشە عەمەلەکانی تا ئیستای ارتباتی...

٨) ...

ب: ریکخراوە جەماوەری یە کرێکاری‌یەکان و سیاسەتەکانی ئیمە:

راستی ئەوەیە تیکۆشانی پەراکەندە و لیك بڵاوی تائیستا کە بۆپیك هینانی ریکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاریەکان دەستی دراوەتی نەیتوانیوە بە نەتیجەیەکی بەرچاومان بگەیەنی. ئیستا کرێکارانی کوردستان ئەو ریکخراوە جەماوەری‌یە بە هیزانەیان نیەکەبتوانن لەم ریگایەوە راستەوخۆ تەئسیر بکەنە سەر خەباتی رۆژانەی خۆیان و لەم ریگەشەوە ریکخراوی حیزبی وریزی خەباتی خۆیان بۆ رزگاری بەهێزبکەن. ئەوەی ئیستا هەیە ئەوریکخراوانەن کە خەریکن کاروباری سەرەتایی کرێکاران لە پەیوەندی لەگەڵ ئیدارەی کارو بیمەوشتی وا دا بەریوەدەبەن و جاروباریش شکایەتی کرێکاران لەخاوەن کارەکان پەیگیری دەکەن. ئیمە لە ماوەی یەکسالی رابوردوودا هەولمان داوە یەکەم: تەبلیغاتی رادیویی‌مان لەم زەمینەیەدا هەدەفمەندتر بەرینەپیش و لایەنە ناروشنەکانی سیاسەتە گشتی یەکانمان لەم بارەوە رۆشن بکەینەوە. تا ئەو جیگایەی کەهەلدەگەریتەوە سەر لایەنەگشتی‌یەکانی سیاسەتی ئیمە رابنەر بە سازماندەهی جەماوەری کرێکارانی کوردستان، نارۆشنی یەك نیە. بەڵکوو باس چووەتە سەر هەلینانەوەی هەنگاوی عەمەلی‌تر و نەقشەکانی کارمان بۆ پیك هینانی ئەم ریکخراوانە. دووهەم: ئیمکانی ئەوە پیك بینین کە لە ریگای هەڵسووراوان و بەریوەبەرانیك لە محەلدا ولەریگای کەسانی ناسراو لە جەرگی خەباتی ئەمرۆی کرێکارانەوە بەرەوپیش بردنی نەقشەی پیك هینانی ریکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان دریژە پی‌بدەین... ئەوەی پیویستە لەم گوزارشەدا قامکی لەسەر دانیین کوتنی سیاسەتە گشتی‌یەکان وئیقدامە عەمەلی یەکانی ئیمەیە لەم بارەیەوە.

١) تەعاونی‌یەکان و سندووقەکانی هاوپشتی مالی:

ئەمرۆ رادەی هەژاری و دەستەنگی وبی بەشی لە کۆمەڵ دا هیندە بەرینە وهیندەی قورسیایی خستوەتە سەرژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش کە گرتنە پیشی ریگا چارەیەکی دەستەجەمعی بۆکەم کردنەوەی هەر میزانیکی ئەم مەینەتانەی کردوەتە شتیکی پیویست وحەیاتی. پیك هینانی سندووقی هاوپشتی مالی و تەعاونی‌یە کرێکاری‌یەکان ئەو سەنگەرە دیفاعی‌یانەن کە کرێکاران دەتوانن لەویوە ولەم دەورەیەدا بە چەشنیکی هەرچەند کەمیش لە نائەمنی ژیانی رۆژانەیان کەم کەنەوە و هێزی جەمعی خۆیان بۆبەرانبەرکی لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیانیان وەگەر بخەن.

کرێکاران بەهۆی ئیحتیاجی حەیاتی ژیانی رۆژانەیان لەهەر باریکەوە مەیلیان بەپیك هینانی ئەم ریکخراوانە هەیە ولەهەل ومەرجی ئیستای کوردستاندا بەتەواوی ئیمکانی پەرەپیدانی ئەم ریکخراوانە هەیە. مەسەلەی ئەسلی لەم بارەیەوە ئەوە کە سندووقەکان و تەعاونی‌یەکان دەبی بتوانن بە شیوەیەکی واقیعی دەخالەت لە گیروگرفتەکانی ژیان رۆژانەی کرێکاران دا بکەن و گری لە کاریان بکەنەوەوهەر نەبنە شوینیك بۆکۆ کردنەوەی ژمارەیەکی کەم و تەنیا لەو حالەتەدایە کە ئەم ریکخراوانە لە لایەن کرێکارانەوە پیشوازی‌یەکی بەرین تریان لی دەکری. یەکیك لە پایەکانی هەلسوورانی هاورییانی ئیمە بە کردەوە لەم زەمینەیەدا ئەوەیە کە ئیبتیکاری وا بنوینن وشیوەی وا بگرنە پیش کە بتوانی سەرمایە بۆئەم سندووقانە کۆبکاتەوە، تەعاونی‌یەکان والی بکا کە بتوانی پیداویستی‌یە ئەساسی‌یەکانی کرێکاران بە قیمەتی هەرزان لە دەولەت وەرگری و بیگەیەنیتە دەستی کرێکاران لەزەمینەی پیك هینانی تەعاونی‌یە کرێکاری‌یەکان و سندووقی هاوپشتی مالی کرێکاران دا، لە لایەن رژیمەوە گیروگرفتیکی وامان بۆ نەهاتوەتەپیش، چونکە لە چەند سالی رابوردوودا پیك هینانی ریکخراوەی لەم جۆرە لە رادەی سەراسەری دا بەسەر رژیم دا داسەپاوە.

٢) اتحادیەکرێکاری‌یەکان: اتحادیەکان، باشترین شکلی رایکخراو بوونی کرێکارانی کارگا بچووکەکان و کرێکاران لیك بڵاوی ساختمانی کوردستانن خەبات بۆ پیك هینانی اتحادیە کرێکاری‌یەکان لە تەجرەبەی کرێکارانی کوردستانیش دا بنجی داکوتاوە.

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣١ گەلاوێژی_١٣٦٨ ئووتی _ ١٩٩٨

جەماوەری کرێکاران لە جەرگەی خەبات بۆ باشترکردنی شەرایتی کارۆژیانیان یان بەوتەیەکی‌تر لەجەرگەی خەباتی ئابووری لە دژی خاوەن کارەکان و دەولەت دایە کە بۆپیك هینانی ریکخراوەی ئاوا هاندەدرین و بۆپیك هینانیان هەنگاو هەلدەگرن. بۆیە دەبی نەقشەی ئیمە بۆ پیك هینانی اتحادیەکانیش هەر لەسەر ئەم رەوتە بچیتەپیش کرێکاران دەبی پەیوەندی هەلسوورانی خۆیان بۆ پیك هینانی سەندیکاو پەیوەندی سەندیکاش پاش پیك هاتن لەگەلٚ بەرەوپیش چوونی عەمەلی خەباتیان بۆباشترکردنی شەرایتی ژیانیان هەست پی بکەن. تەنیا لەو حالەدایە کە ئیقداماتی رژیم بۆهەلوەشاندنەوە یان پیش گرتن بەپیك هینانی اتحادیەکانیش دەبیتە تەجرەبەیەك لە هەولدانی داهاتووی کرێکاران لەم زەمینەیەدا.

بۆکۆکردنەوەی هەموو ئیمکاناتیك لە پیناو پیك هینانی بەکردەوەی ئەم اتحادیەیانەدا پیش هەموو شتیك پیویستە ئەرکە سەرەکی‌یەکانمان لەم بارەیەوە دیاری بکەین. دیتنی کۆنکریتی وەزعییەتی کرێکارانی کوردستان نیشان دەدا ئەمرۆ پیك هینانی "اتحادیەی کرێکارانی ساختمانی وفەسلی و پرۆژەیە" سەرەکی‌یە وموبرەمییەتیکی زیاتری هەیە. ئەم بەشە زۆربەی زۆری کرێکارانی کوردستان دەگریتە بەر. لە نیو ئەم بەشە لە کرێکاراندا گەرایشیکی عەینی بەرەو ریکخراوبوون لە اتحادیەی ئاوا دا هەیە، چۆنکوو بە هەلکەوت وبەچەند رۆژ و چەند مانگ لە کارگاو شیرکەتیك کار دەکەن. ناو، سابیقەی کار، تخصص، وەزعی خانەوادەگی و ...ی ئەوان وەك کرێکار لە هیچ کۆی سەبت نەکراوە، تەنانەت هیچ جۆرە بیمەیەك بەروالەتیش بووەنە یگرتوونەتەبەر . هیچ قانوونی کاریك بەسەر موناسەباتی ئەوان و خاوەن کاردا زال نیە، قەراردادەکان لە مەیدانەکان کارو لە ماوەی چەنددەقییەقەو لەژیر فشاری بیکاری و... دا قسەی لیدەکری و جاری وایە تەنانەت ئەمانەش ناکری. شەرایتی کاریان سەخت و ناخۆشە ومیزانی حەقدەستەکان کەمە و لەعینی حالدا سابت نیە. بۆیە گۆمانیك لەوەدانیە بە توندی لەپیك هینانی سەرپەنایەك بۆخۆیان و بۆ بەرانبەرکی لەگەلٚ ئەو هەموو گیروگرفت و مەینەتانەپشتیوانی دەکەن.

ئەرکە سەرەکی‌یەکانی دواتر لەم زەمینەیەدا ئەو رشتانە لە کار دەگریتەبەر کە بیجگە لەوە ژمارەیەکی بەرژچاوی کرێکارانی شاغلیان لە خوداکۆکردوەتەوە، دەورو نەقشیکی ئەساسی‌یان لە ژیانی رۆژانەی کۆمەلٚ دا هەیە و لە کوردستان بەکاری گرینگ و بە ئەهمیەت دادەنری، وەك نانەواخانەکان، ئاووبەرق، شارەداری‌یەکان، شیرکەتی نەوت و...

ئاشکرایە پیك هینانی اتحادیەکان پیش هەمووشتیك لە گرەوی وجوودی کەسانیك دایە کە سیمای بە نفووزوناسراوی کرێکاری بن لەمحەل دا و لە نیو کرێکاراندا. ئەم رابەرانە دەبی بۆئەم مەبەستە بکەونە گەرو لە چوارچیوەی کاری ئاشکرادا یان بە کۆمەکی ئەوریگا قانوونی وئیداری‌یانەی کەهەن، جەماوەری کرێکاران بەرەو ئەوە راکیشن کە لە اتحادیەکاندا کۆببنەوە. ئیمە دەبی ئەم رابەرانە زیاتر ببیننەوە، نەقشەی ئیقداماتی عەمەلی و مومکین بۆپیك هینانی اتحادیەکانیان لەگەلٚ دابریژین و بەیاریدەی ئەوان و لە ریگای ئەوانەوە بەریوەیان بەرین. هەم بۆ هەلسووراوان و هەم بۆ ئەو هاوری کرێکارانەی کە سیمای عەلەنی و ناسراوی ئەم خەباتەن، ئامووزش چ لە ریگای رادیو وچ لەدیدارکردن لەگەلٚیان، دەورو نەقشیکی گرینگی هەیە. بەشی زۆری ئەو پەیوەندیانەی ئەمسالٚ گیراون یان لە حالی گرتنیان داین، تائیستا لە خزمەت ئەوەدا بووە.بەباشتر کردن وپەرەپیدانی ارتباتاتمان لەگەلٚ شارەکان ومەرکەزە کرێکاری‌یەکانی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیك دا دەبی ئەم پەیوەندی یانە لەوە زیاتر پەرەپی بدەین. رادیو و نەشریاتی ئیمە دەبی وەك توپخانەیەك ریی پیشرەوی هەلسووراوانی محەللی و رابەرانی کرێکاران بۆ ئەم مەبەستە خۆش بکەن. لایەنەگشتی‌یەکانی ئەو مەسەلانە رۆشن بکەنەوە کە کرێکاران لەرەوتی هەلسوورانیان لەو زمینەیەدا لەگەلٚیان بەرەورووەبن . تەجرەبەکانی تا ئیستای کرێکاران سەبارەت بەم مەسەلانە باس بکەن. پیویستە تەئکید بکری کە تەبلیغی ئیمە لەم زەمینەیدا دەبی زۆر هەلسەنگیندراوبی و زیانیك نەگەیەنیتە سەر تیکۆشانی هەلسوورانی محەللی کە لە چوار چیوەی عەلەنی و لەسەنگ و سووکی واقیعی هیزەکاندا بۆپیك هینانی اتحادیەکان خەبات دەکەن.

بۆئەوەی اتحادیە کرێکاری‌یەکانی کە مەبەستی ئیمەن ببنەریکخراوەی بەریوە بردنی ئیرادەی جەماوەری کرێکاران لە خەباتی رۆژانەیان دا وببنە وەسیلەیەك بۆ بەهیزکردنی هاوخەباتی نیو خۆی چینی کرێکار، دەبی هەمیشە ئەو پیویستی‌یە تەبلیغ بکری کە اتحادیەکان مەجمەعی عموومی ئەندامانی کرێکار بکەنە پالپشتی خۆیان و ئەم جیعەت گیری یە لە نەقشەی ئیمەدا بۆ پیك هینان و پتەوکردنی اتحادیەکان لەبەر چاوبگیری نابی ئیجازە بدەین کە شیوە و سوننەتی کۆن و دژی دیموکراتیك لەم جۆرە ریکخراوانەدا جیگا بۆ خۆیان بکەنەوە و لەم ریگایەوە ری دەستی خاوەن کارەکان و دەولەت و ... بۆ دەست دریژی کردن بکریتەوە.

٣) شووراکان و مەجمەعی عموومی‌یەکان: ئەمرۆ لە کوردستان دا مەرکەزی جۆراوجۆر پیك هاتوە کە پتر لە دەیان و سەدان کرێکار کاری تیدا دەکەن. لەومەرکەزانە دەبی ئیمە لە پیشدا هەول بدەیرت کرێکاران بۆ پیك هینانی مەجمەعی عموومی و شوورای کارگاکانیان یاریدە بدەین.

پاش ئەوەش دەبی بۆ بەریوە بردنی تەرحی پیك هینانی پەیوەندی لە نیویاندا و یەکگرتوو کردنیان لە شووراکانی نوینەران دا هەول بدەین سیاسەتی ئیمە لەم بارەیەوە لە چوار چیوەی شیوە و رەوشتە سەراسەری یەکانمان و بریارنامەی پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لەم بارەیەدا دەبی.

ئیتلاعاتی مەربووت بە هەموو ئەم مەرکەز کرێکاری‌یانەمان هەر ئیستا هەیە و بە چاولی کردنیان گرینگی‌کار کردنی سیستماتیکمان بۆ وەری خستنی بزووتنەوەیەکی مەجمەعی عموومی لە کوردستان بۆ دەردەکەوی. ( پەیوەستی گوزارشەکە کراوە) لیرەدا پیویستە باسی تایبەتی‌یەکی کارگابچووکەکان بکەین کە بە تایبەت لە چەند سالی رابوردوودا پیك هاتوە هەر ئیستا لە شارەکانی کوردستان شوینی وا پیك هاتوە کە ژمارەیەکی زۆری لەم کارگا بچووکانە کە هی خاوەن کاری جۆراوجۆرن تیدا کۆبووەتەوە و لە عەمەل دا مەرکەزیکی کرێکاری واحیدیان پیك هیناوە. هەروەك باسی کرا هەرچەند ئەم کارگایانە هی خاوەن کاری جۆراوجۆرن بەلام لە عەمەل دا کرێکارانی ئەم شوینانە زۆر مەسەلەی هاوبەشیان پیکەوە پەیدا کردوە. دوورنیە شوورای کرێکارانی ئەم مەرکەزە کرێکاری یانە لە داهاتوودا پیك دیت.

٤)سیاسەتی ئیمە بەرانبەر بە ژمارەیەك لەو ریکخراوەکرێکاری یانە کە لە دەورەی رژیمی شادایان لە سالٚەکانی ٥٨-٥٧دایان دواتر لە لایەن رژیمەوە پیك هاتوون:

گەرچی ئەم ریکخراوانە نفووزیکی کەمیان هەیە، بەلام چونکە هەرکامیان وەلامی نیازە ماددی‌یەکانی بەشیك لە کرێکاران دەدەنەوە، توانیویانە ژمارەیەك لە کرێکاران لە نیو خۆیاندا کۆکەنەوە. لە رابوردوودا هەلسووراوانی محەللی ئیمە خۆیان لە دەخالەتی هەلسووراوانە لە کاروباری ئەم ریکخراوانە پاراستوە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە کەسانی غیرە جیددی و ناتیکۆشەرببنە بەریوەبەری ئەم ریکخراوانەو دەورەی سستی و کەم ئەسەر بوونی ئەم ریکخراوانە دریژەی هەبی.

خالەسەرەکی‌یەکانی سیاسەتی ئیمە بەرانبەر بەم جۆرە ریکخراوانە دەبی بەشیوەی خوارەوەبی:

ئەلف- سەبارەت بەشیوەی جوولانەوەمان لەگەلٚ ئەم جۆرەریکخراوانە ناکری لە پیشدا و بۆ هەمیشە تئوری داتاشری بەلٚکوو دەبی هەرکامیان بە شیوەی کۆنکریت لیك بدریتەوە. وەك ئەسلیکی کوللی دەکری بلیین هەرکوی کرێکاری لی بی بە پیی قاعیدە دەبی کۆمۆنیستیشی لی بی. ئەمرۆ وەزعی کوردستان جۆریکە کە کرێکاران لە هەر کۆی و لە هەر ژمارەیەکدا پیکەوە کۆببنەوە، دەبی لایەنگری لە کۆمەلٚە لە نیویان دا بەفەرز بگیری و کەوابی ئەسل لەسەر ئەوە دابنری کە کاری ئەو کرێکارانە لەم ریکخراوانەدا بە کۆمەلٚە مەربووتە.

ب- لەورووەوە هەلسووراوانی ئیمە دەبی بچنە ناو ئەم ریکخراوانەوە و تی‌بکۆشن بە بەشداری هەلسووراوانەی خۆیان چ لە باری قەوارەی تەشکیلاتی و چ لە ابری دەورونەقش و هەلسوورانی عەمەلی یەوە بۆ پیەیگیری "گیروگرفتەکانی نیو کرێکاران" ئال و گۆری تیدا پیك بینن. ئەم سوننەتە جی بخەن کە مەجمەعی عموومی ببیتە پالپشتیك لە نیو اتحادیەکاندا بۆ تەسمیم گرتن لە سەر مەسەلە گرینگەکان . ئامانجە سوسیالیستی‌یەکانی چینی کرێکار لە نیو ئەم ریکخراوانەدا تەرویج بکەن. دەست و پیوەندەکانی خاوەن کار و سیاسەتە دژی کرێکاری‌یەکان لە نیو ئەو ریکخراوانەدا بە تاك بخەنەوە و...

ج- کاری قانوونی و عەلەنی لە کوردستان

وەك باسیکی ئوسوولی لەم زەمینەیەدا ئیمە دەمانەوی خەباتی چینی کرێکار سازمان بدەین، ئیمە نامانەوی تەنیا "دانەدانە" کرێکار بکیشینە نیو حیزبەکەمانەوە و بەم جۆرە حیزبەکەمان "زال کەینەوە. هەربۆیە ئیمە پیویستیمان بە پەیوەندیکی بەرین لەگەلٚ چینی کرێکار هەیە و ئەمەش تەنیا لە ریگای کاری عەلەنی‌یەوە دەکری. ئیمە دەمانەوی حیزبی ئیعتیرازی کۆمەلایەتی کرێکاران بین و ئەوە بەبی ناسینی مکانیزمەکانی کاری عەلەنی ناکری. ئیمە دەبی بتوانین لە هەمان کاتدا کە مەوجوودییەتی تەشکیلاتی حیزبی ناخەینە ژیر زەبری دوژمن و ئاشکرای ناکەینەوە، بەلام سەرەرای هەر هەل و مەرجیك کە لە کۆمەلٚ دابیتەپیش، لیهاتوویی دەرگیر بوون لە خەباتی عەلەنی دا بەرادەی جۆراجۆر وەدەست بینین. ئەم کارە بەتەواوی ئیمکانی هەیە.

کادرەکان و هەلسووراوان و رابەرانیك کە وا توانای ئەوەیان هەیە دەرگیری خەباتی کرێکاری و جەماوەری بن، دەبی خۆیان لەو قەید و بەندانە کەچ لە لایەن چەپی سکتاریست و رووناکبیر و چ خود بە خود و لە ئەسەر حاکم بوونی فەزای خەبات بۆ رووخاندنی رژیم و خەباتی چەکدارانە و... قورسایی خستوەتە سەر زەینیان، رزگاربکەن وە بورابەری کردنی حەرەکانی واقیعی، بەتمەبەستی مەحدوود و لە چوارچیوەی عەلەنی و قانوونی مەشرووع دا وتەنانەت لە ریگای ئیداری یەوە تی‌بکۆشن و ئەم حەرەکەتانە بەرەوپیش بەرن. جایزبوونی ئەم حەرەکەتانە دەبی بە رۆشنی لە لایەن ئیمەوە رابگەیەندری.

ئەم مەسەلەیە لە کوردستان شتیکی میژوویی تازیە و ناسیونالیستەکان و حیزبی بورژوازی لەم بارەوە سوننەتیکیان دا نەهیناوە قسە لەسەر ئەوە نیە کە ئەوان کاریان بە جەماوەر نیە، بەلٚکوو قسە لەسەر ئەوەیە کە جەماوەر لە سوننەتی ناسیونالیستی دا کەسانیك نین کە بۆ باشتر بوونی شەرایتی ژیانی رۆژانەیان خەبات دەکەن و لە چارەنووسی سیاسی کۆمەلٚی خۆیاندا دەخالەت دەکەن، بەلٚکوو وەسیلەیەکن کە دەخرینە خزمەت وەرگرتنی ئیمتیاز بۆ حیزبی بورژوایی. سەرەرای ئەوانەش ئیمە لیرەدا لە هیچەوە دەست پی ناکەین. لە سالەکانی ئەم دوایی‌یانەدا زۆر ئاکسیونی ئیعتیرازی و عەلەنیمان دیوە. مانگرتنە کرێکاری یەکان، میتینگەکان و راپەیمایی یە ئیعتیرازی یەکان، جەژن و مەراسمە کرێکاری‌یەکان و...، هەموو ئەم حەرەکەتانە عەلەنی بوون، رابەرانیان ناسراو بوون، رژیم هەولی داوە ئەوان بە نیو ئەندام و لایەنگری حیزبە سیاسی‌یەکان و بەتایبەت کۆمەلٚە بناسینی و رابەرانی ئەم حەرەکەتانە توانیویانە بەو ریدەستە مەشرووع و قانوونی یانەوە کە بوویانە لە ژیر ئەم زەخت و فشارانە دەربازبن.

خەباتی عەلەنی کرێکاری و جەماوەری هەر ئیستا لە کوردستاندا هەیەو بەریوە دەچی، ئیمە دامانەوی پەرەیان پی بدەین و وەك حیزبی سیاسی لەچارە نووسی ئەم خەباتانەدا دەخالەت بکەین و بیکەینە وەسیلەیەك بۆ سووك کردنی باری شەرایتیك کە روح و لەشی کرێکاران لەژیر فشاری ئابووری سەرمایەداری داله بەین دەبا و بیکەینە وەسیلەیەك بۆ بردنە سەری وشیاری چینایەتی کرێکاران .

ئەوەی کە ئەم خەباتانە ئەمرۆ بۆ داخوازی بچووك وەری دەکەون و لەچوار چیوەی رفورمی بچووك لە نیزامی چیوەی رفورمی بچووك لە نیزامی مەوجوود دا واوەتر ناچن، نابی بە هیچ جۆریك هەلسووراوانی کۆمۆنیست لەوە بگیریتەوە کە بۆ بەسەر کەوتن گەیاندنیان بە شکل و شیوەی بەتەواوی منعتف و عەمەلی محەل دا بەشداری هەلسووراوانەیان تیدا بکەن. چەپی سکتاریست و رووناکبیر، چەپی ماجەراجۆ کە لە مەنتقی ئەم خەباتە و جەوهەری بەرەوپیش بەری ناگا، لەگەلٚی بیگانەیە و بە سووکی دەگری، بەلام جەرەیانیکی کۆمۆنیستیناتوانی خۆی لە خەباتیکی وا لادا. خەبات بۆ باشتر کردنی شەرایتی ژیان، بەشیك لە ژیانی جەماوەری کرێکارە و ناکری وەلابنری، هەر حیزبیکی سیاسی کە لەگەلٚ ئەم خەباتە بیگانە بی، فری بە ژیانی واقیعی جەماوەرەوە نابی.

هەر خەباتیکی عەلەنی رەنگە خەباتیکی قانوونی نەبی، کاتیك مەشرووعیەتی داخوازیك بگاتە رادەیەك لە مەقبوولییەتی کۆمەلایەتی کە حاشا کردنی وەك حاشا کردنی شتە ئاسایی‌یەکانی ژیانی بی و جەماوەر بویرن پشتیوانی لی بکەن، پەرژین و حەساری قانوونی زۆر هاسان دەشکی . رابەرای کرێکاران بەکەلٚك وەرگرتن لە چواچیوە مەشرووعەکان وسیلە و ئامرازی خەباتیان دەدوزنەوە و لەم ریگایەوە هیزی هەلخرینەری شیعارەکانیان زیاتر دەکەن.

رابەرانی محەللی کرێکاران لە چوارچیوەی سەنگ و سووکی تەرازووی هیزی واقیعی‌یەکاندا و لەوزەو توانای بەکردەوەی حەرەکەتی جەماوەری‌دادیارە دەست دەدەنە سازش و مانور کە رەنگە زۆربەیان وەك پرەنسیپەکانی حیزبیکی سیاسی کرێکاری قەبوول نەکەین بەلام وەك تاکتیك و رەوشتی محەللی بۆ بەریوە بردنی کاریکی دیاری کراو بە جایزی بزانین، بۆیە هەلسووراوانی کۆمۆنیست و رابەرانی محەللی دەبی وەها ئامووزش بدرین و تەجرەبەی وایان بنیریتە بەردەست کە هەمیشە سنوورەکانی جایز و غەیرە جایز لە حەرەکەتی خەباتکارانەیان دا لیك جیابکەنەوە و ئەمە کاریکە کە تا رادەیەکی زۆر بە هەول وتیکۆشانی وشیارانەی ئیمە بۆ جی‌خستنی سوننەتە پیشرەوەکانی کاری عەلەنی لە کوردستان گری دراوە.

کۆمەلٚە دەبی سیاسەتەکانی خۆی لەم بارەیەوە رۆشن کاتەوە و رایگەیەنی و خۆی لە رادەی جۆراوجۆردا و بە کەلٚك وەرگرتن لە هەموو ئەو وەسیلەوئامرازانەی کە لە دەستی دایە، لە بەریوە بردنی ئەم خەباتانەدا بەشداری بکا. رابەری سیاسی کۆمەلٚە دەبی لە هەموو ئەو خەباتە ئیعتیرازی یانەی کوردستان دا کە لە چوارچیوەی عەلەنی دا بەریوەدەچن وەك پشتیوانی چینی کرێکار خۆی نیشان بداو بیروڕای راگەیەنی. سیاسەتە گشتی‌یەکان دیاری بکا. بۆ نموونە شیوەی جوولانەوە لەگەلٚ شوورا ئیسلامی‌یەکان، سیاسەت و چونیەتی بەریوە بردنی ئاکسیونەکانی هەوەلی مانگی مەی، شیوەی جوولانەوە لەگەلٚ ئەم یان ئەو ریکخراوەی مەوجوودی کرێکاری، مەسەلەی کەمی کالا ئەساسی‌یەکانی پیویستی خەلٚك، بزووتنەوەی خەلٚکی دانیشتووی قەراخ شارەکان بۆ کەلٚك وەرگرتن لە ئیمکاناتی ریفاهی شاری، حەرەکەتی زەحمەتکیشانی لادی لە دژی بورژوا-مەللاکەکان و دەولەت و زۆر شتی تری لەم چەشنە دەبی سابارەت بە هەموو ئەم مەوریدانە سیاسەتی رابەری کۆمەلٚە راگەیەندراو و رۆشن و قابیلی ئیستیناد بی. لەهەر حال دا ئوتوریتە و ئیعتیباری کۆمەلٚە لە نیو بزووتنەوەی ئیعتیرازی دا، هەمیشە لە پشت سەری گەرایشی رادیکال سوسیالیست دەبی.

تەبلیغاتی سەراسەری ئیمە دەبی لە خۆش کردنی ریگا و تەدارەکی حەرەکەتە عەلەنی‌یەکاندا هەلسووراوانە بەشداری بکا و تەجرەبەکان و خالە بەهیزو لاوازەکانی ئەم خەباتە دوای کوتایی پی‌هاتنیان جەمع بەندی بکا. ئاشکرایە کە تەبلیغاتی سەراسەری ئیمە نایەوی لە هەل و مەرجی ئیستادا جی‌ی دەورونەقشی رابەری ئاکسیونەکان بگریتەوە لە رۆژی ئاکسیون دا ئەوە هەلسووراوانی حیزبی محەللی و رابەرانی عەلەنی حەرەکەتی جەماوەرین کە گێرانی دەورونەقشی سەرەکی‌یان لە ئەستویە.

تەنانەت لەم زەمینەیەدا تەبلیغاتی سەراسەری ئیمە دەبی زۆر پوخت و هەلسەنگیندراو بی تا سەنگ و سووکی مەوجوود لە نیوان هیزەکان دا تیك نەدا و ئاگاداری ئەوەبی کە چەندە ریگا خۆش دەکا یان چ گیروگرفتیکی ئیحتمالی پیك دینی.

کاری نیزامی ئیمەش دەتوانی تەئسیریکی کاملی لەسەر پیك هینانی فەزایەکی لەبار بۆ حەرەکەتە عەلەنی‌یەکان لە کوردستان دا هەبی. حوزووری هەلسوورانی هیزی چەکدار کۆمۆنیستی سەنگ و سووکی هیزی خەباتکارانە بە قازانجی بزووتنەوەی کرێکاران وجەماوەری ئیعتیراز کردوو دەگوری و باشتری دەکا، پیشتی ملهوری مەئموورە محەللی‌یەکان دەگری و جاسووس و راپورت چی‌یەکان دەخاتە ژیر فشار و زۆرشتی تری لەم چەشنە، بەهەر حال یەکیك لە گرینگترین مەبەستەکانی هەلسوورانی نیزامی ئیمە ئەوەیە کە تەئسیر لە سەر فەزای خەباتکارانەی کوردستان دابنێین و دەرفەتیکی هەرچی زیاتر بۆ پەرەپیدانی حەرەکەتە عەلەنی‌یەکان بخولقینین.

## د- سیاسەتی ئیمە بەرانبەر بە بزووتنەوە ئیعتیرازی یەگشتی و جەماوەری‌یەکان.

بزووتنەوە ئیعتیرازی‌یە جەماوەری‌یەکان لە ماوەی دەسالی رابووردوودا هەمیشە وەسیلەیەکی فشار هینان بووە بۆ سەر رژیمی جمهووری ئیسلامی و زۆر مەیدانی جۆراوجۆری گرتوەتە بەر. گەرچی ئەم حەرەکەتانە زیاتر لیك بلاو ومحەللی بوون و تائیستا کەمتر سەراسەری بوونەوە، بەلام سەرەرای هەموو ئەوانە دەورونەقشیکی زۆریان لە راگرتنی و زەوتوانای ئیعتیراز و سەر دانەنەواندن بۆ دام و دەزگا و قانوونەکان و بەگشتی بۆ دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی گێراوە ئەمرۆ گرینگترین مەیدانەکانی ئەم حەرەکەتانە ئەمانەن:

– بزووتنەوەی ئیعتیرازی لە دژی داگیر کردنی نیزامی وفشار هینانی راستەوخۆی هیزەکانی رژیم بۆ سەر خەلکی کوردستان، راوەستان بەرانبەر بە زەخت و زۆری رۆژانەی هیزەکانی رژیمی بۆ سەر ژیانی خەلك، ئیعتیراز بە نەبوونی ئەمنییەت و ئاسایش کە سەرچاوەکەی وجوودی هیزەکانی رژیمە لە کوردستان و...

– بزووتنەوەی گەرەکەکانی قەراخ شارەکان، خەباتی خەلکی ئەم گەرەکانە بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی ژیانی کوردستانی و لە دژی پیش گرتنی رژیم سازکردنی خانوو لەم گەرەکانەدا. بە لەبەر چاوگرتنی بەرین بوونەوەی شارەکان، ئەم گیروگرفتانە ئەساسەن بۆ تویژە زەحمەتکیشەکان دیتە پیش.

– بزووتنەوەی زەحمەتکیشانی لادی و جووتیارانی فەقیر لە دژی سیاسەتی ئەستاندنەوەی زەوی یە موسادەرە کراوەکان، مل نەدان بۆ دانەوەی قەرزی بانکەکان کە بە بیانووی جۆراوجۆر دا سەپیندراون، خەبات بۆ وەدەست هینانی ئیمکاناتی ریفاهی لە دیهات وەك ئاو و بەرق و دەرمانگا و بیهداشت و...، خەبات بۆ وەدەست هینانی پیداویستی‌یەکانیان بە ئهمەتی دەولەتی و...

– بزووتنەوەی ئیعتیرازی لاوان، لاوانی کوردستان لە ژیر فشاریکی چەند لایەنەدان، مەوقعییەتی مەتمانە پی نەکراوی داهاتوو، نەبوونی ئیمکاناتیك کە بتوانن خویندنی دەورەی دەبیرستان تەواو بکەن، بی بەش بوون لە ئیمکاناتی خویندنی دەورەی دانشگا، بیکاری، فشاری وەدواکەوتوویی کۆمەلایەتی لە خانەوادە و لە کۆمەلدا کە رژیم خۆشی هاندەریەتی، بەشیك لەو فشارو زەختانەن کە دەخرینە سەر لاوان. بەرانبەر چاوگرتنی ئەم وەزعە لاوان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم وەزعیە لاوان بە خیرایی دەتوانن لە فەزای خەباتکارانە و سیاسی کوردستاندا ببنە هیزیکی تەئسیربەخش لە ناوجەرگی بزووتنەوە ئیعتیرازی و جەماوەری‌یەکاندا.

دەکری زۆر مەوریدی تر وەك حەرەکەتی ئیعتیرازی ژنان لە دژی نابەرابەری‌یە کۆمەلایەتی و سیاسی‌یەکان و... لەو لیستە زیاد بکری، ئیمە هاندەری ئەم خەباتانە دەبین و پشتیوانی لە داخوازەرەواکانیان دەکەین و تیدەکۆشین کە لە چارەنووسی ئەم بزووتنەوانەدا دەخالەت بکەین.

## ٣- هەلسوورانی نیزامی

### ئەلف- سیاسەتی نیزامی

کاری نیزامی ئەمسالی ئیمە لەو ئەسل و جیهەت گیری یانە پەیرەوی کردوە کە لە کۆنگرەی شەشەم دا پەسند کراون.

بە پیی ئەو جیهەت گیری یانە تەنیا بە خەباتیکی هەمەلایەنەی ئابووری، سیاسی و نیزامی و بە کارهینانی سیاسەتیکی هاو ئاهەنگی فشار و زەخت ئیعتیرازی یەك جی دەکری رژیم بخریتە ژیر مەنگەنە و سەرەتاکانی ئاخیزیکی ئیعتیرازی جەماوەری و پەلاماریکی گشتی بۆ سەر مەوجوودییەتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان پیك بی. جیهەت گیری ئیمە لە هەلسوورانی نیزامی‌دا بریتی بووە لە خونیشاندانی نیزامی و نیشاندانی لیهاتوویی و کارامەیی نیزامی هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە بە بەریوە بردنی عەمەلیاتی ئامانجدار و هەلسەنگیندراو. ئەسلی پاراستنی هیزو خۆ پاراستن لە عەمەلیاتی پر تەلەفات وەك فاکتوریکی جیددی لە دارشتی نەقشەی نیزامی، کۆنترول و رینوینی مەرکەزی و دەقیقی هەموو مەیدانەکانی هەلسوورانی نیزامی، لە هەلسوورانمان لە قوولایی مەنتەقەکانی کوردستانەوە بگرە تا ئامووزشی تایبەت لە ئامووزشگا، لیکدانەوەو هەلسەنگاندنی بەردەوامی لیهاتوویی هیزەکانی رژیم بۆ تمرکز، وەهەروەها هەلسەندگاندنی ماوە، شوین ونەوعی عەمەلیاتەکان و مەئمووریەتەکان بە جۆریك کە رژیم نەتوانی دەرفەت و ئیمکانی کۆ کردنەوە هیز لە دژی واحیدەکانی ئیمە وەدەست بینی و لەپال هەموو ئەوانەشەوە پیك هینانی ئیمکاناتی واقیعی بۆ راکیشانی داوتەلەب بۆ نیو ریزی هیزی پیشمەرگە لەبەرچاو بووە. هەروەها تا ئەو جیگایەی لە چوارچیوەی نیزامی دا گونجابی، وەك شکل و شیوەیەك لە عەمەلیاتی نیزامی و کەلك وەرگرتنی باش و دروستی تەبلیغاتی لە شکلە جۆراوجۆرەکانی هەلسوورانی نیزامی، دیدار کردن و چوون بۆ نیو کۆروکۆمەلی خەلك گرینگی پیدراوە.

هەل و مەرجی واقیعی خەباتی ئیعتیرازی خەلك، ئیحتمالی مەحدوود بوونەوەی ئیمکاناتی سنوورەکان، ئیحتمالی چوونە سەری لیهاتوویی تمرکزی هیزەکانی رژیم لە دژی هیزی پیشمەرگە وتوندو تیژ و بەرین تربوونەوەی هەلسوورانی شەبەکە جاسووسی‌یەکانی رژیم و کۆنەپەرستانی محەللی، گرینگترینی ئەو فاکتورانە بوون کە تەئسیریان داناوەتە سەر دارشتنی نەقشەعەمەلە نیزامی‌یەکانی ئیمە لە دەورەی دوای ئاگربەس دا.

سەبارەت بە وەزعی ئوردووگاسنووری‌یەکان، بردنەسەری رادەی ئامادەبوونی نیزامی، ئامووزش و راهینان، بردنە سەری رادەی ئەمنییەتی ئوردووگاکان و توانای پاراستنی رادیو و ئورگانە مەرکەزی یەکانی تر وەك ئەرکیکی جیددی لە لایەن ستادی نیزامی‌یەو پەیگیری کراوە و بازەرسی لیکراوە.

سەبارەت بە حیزبی دیموکرات جیناحی کۆنگرەی ٨، چونکوو ئەم جیناحە لەسەر سیاسەتی شەرخوازانەی لە دژی کۆمەلە پیی داگرتوە، تەئکیدمان داناوەتە سەر پیویستی بە فەرزگرتنی پیلان و هیرشی چەکدارانەی ئەم حیزبە لە دژی واحیدەکانی ئیمە و ئامادە بوونی واحیدەکانمان بەرانبەر بە هەر جۆرە پیلانیکی ئەم حیزبە.

### ب- فەعالیەتی نیزامی ئیمە دوای کۆتایی پی هاتنی شەر لە سالی ٦٧دا

دوای ئاگربەس ئال و گۆریك – بۆ ئەوەی توانایی بەرەورووبوون لەگەلْ هەرجۆرە ئیحتیمالیك و توانایی مانوردانی زیاترمان لە هەر حالەتیك دا راگرین – لە بەرنامە و ئارایشی هیزەکانماندا کە ئەوکات لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا خەریکی فەعالییەت بوون، پیك هات.

لەسەرەتای کار دا هەلسوورانی خۆمانمان بە عەمەلیاتی هەلبژاردە و حیساب کراو لەباری کات و شوین و مەوقعییەتی جوغرافیایی‌یەوە، دەست پی کرد و وردەوردە کەیفییەتی عەمەلیاتەکانمان بردەسەر بە جۆریك کەهەم لەباری تەبلیغاتی یەوە برەویکی زیاتریان هەبی و هەم لەباری نیزامی‌یەوە گرینگی‌یەکی زیاتریان هەبی. هیزەکانی رژیم ئەوکات بە هۆی شکست خواردنیان لە شەری ئیران و عیراقدا تووشی ناهومیدی و ورەبەرداوی ببوون و بەگشتی یان دەس پیشکەری هەمیشە بە ئیمە بوویان زۆر خیرادەکەوتە دەستمان. ئەم حالەتە تا چەند مانگ دوای ئاگر بەسیش دریژەی بوو. لە مانگەکانی پایزدا رژیم وردە وردە مەوقعییەتیکی بەنیسبەت باشتر لە بەرانبەر هیزەکانی ئیمەدا وەدەست هینا و هەولی دەدا بکەویتە شوین تمرکزی هیزەکانمان و بەرنامەکانیان بشیوینی.

لەو دەورەیەدا هیزە رەزمی‌یەکانی کۆمەلە رەزمەندەگی‌یەکی یەکجار زۆریان بۆ بەریوە بردنی ئەرکەکانیان لە خۆیان نواند و گیروگرفتە فەننی و عەمەلی‌یەکانی مەحدوود بوونەوەی هات وچووی سنوورەکانیان عەمەلەن وەپشت سەرناولەوهەل و مەرجە سیاسی‌یە تایبەتەدا کە پیك هاتبوو وەك هەمیشە عامیلیکی ورەبەخش و یاریدە دەری خەباتی شۆرشگیرانەی زەحمەتکیشانی کوردستان و پیك هینانی سەنگ و سووکی‌یەکی لەبارتری سیاسی بۆ بەرەوپیش بردنی ئەم خەباتە بوون.

هیزەکانی ئیمە لەکاتی کۆتایی پی هاتنی شەرەوە تا ئاخری مانگی رشەمەی سالی ٦٧ بە ئەنجام دانی ٥٥عەمەلیاتی نیزامی و ١٠ جەولەی بەرینی سیاسی – نیزامی، ئەرکیکی سیاسی و تەبلیغی زۆر و پرتەئسیریان بەریوەبرد و جگە لەوەی زەرەرو زیانیکی بەرچاویان لە دوژمن دا، ٥٤ کەسیان لە هیزەکانی دوژمن بە دیل گرت و کۆمەلیکی زۆریان چەك و تەقەمەنی بە دەسکەوت گرت. لەم دەورەیە لە هەلسوورانی نیزامی مان دا ١٠ هاوریمان گیانیان بەخت کرد.

### هەلسوورانی نیزامی ئیمە لە سالی ٦٨

هەلسوورانی نیزامی ئیمە لە سالی ٦٨ تائیستا لە دوودەورەدا چووەتە پیش. دەورەی یەکەم لەباری زەمانی‌یەوە لە رەشەمەی سالی ٦٧وە دەست پی دەکا تا ئاخرەکانی مانگی گولانی ٦٨و لە باری ئەرکەکانەوە بریتی بوو لە حوزوور پەیدا کردن لە ناوچە هەلبژاردەکاندا بۆ پەیوەندگرتن لەگەلْ خەلك، بەریوە بردنی عەمەلیاتی نیزامی بچووك، ناسینی لیهاتوویی‌یەکانی رژیم، بەریوە بردنی مەئمووریەتی دیاری کراوی وەك هەلسووران لە شارەکاندا و بلاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی لەم دەورەیەدا عەمەلیاتیکی بەرینمان بە برەویکی تەبلیغاتی زیاترەوە لە شاری مەریوان بەریوە برد.

لەم دەورەی دووهەم دا کە لە ئاخرەکانی مانگی گولانەوە دەست پیکراوە و ئیستاش دریژەی هەیە، حوزوور پەیدا کردن لە قوولایی ناوچەکاندا، بەریوە بردنی عەمەلیات و مەئمووریەتی دیاری کراو و پیك هینانی ئیمکاناتیکی زیاتر بۆ دریژە پیدانی کارو حەسانەوە و وەدەست هینانەوەی هیزی دووبارە لە دەستوور دابووە لەم دەورەیەدا کەم و کووری‌یەك لە کاری فەرماندە محەللی یەکاندا بووە بەلام ئەوان بەگشتی نیشانیان داوە کە هەل و مەرجەکەیان باش ناسیوە و بەپیی ئەو هەل و مەرجە باشیش کاریان کردوە.

حاسلی هەلسوورانی نیزامی ئیمە لەو دەورەیەدا تا تاریخی نووسینی ئەم گوزارشە بریتی بووە لە ئەنجام دانی زنجیرەیەك مەئمووریەتی غەیرە جەنگی، تەشکیلاتی، لە لایەن واحیدەکانی پیشمەرگەوە، بلاوکردنەوەی چەندین هەزار تراکت و راگەیاندن و نووسراوەی حیزبی، چەندین گەشتی سیاسی بەرین و سوخەنرانی و پەیوەند گرتن لەگەلْ خەلك لە دیهات و لە دەوروبەری جادەکان، ١٣جار پەلامار بردن بۆ سەر پایگاکان، گرتنی ٢پایگا، ٤جار عەمەلیات لە شارەکان، ٥جار کەمین دانانەوە، ٤جار پەلامار بردن بۆسەر گوروهە زەربەتەکان و جاریك شەری دیفاعی، ٩جار مین دانانەوە. لە سەرجەمی ئەم هەلسوورانانەدا ٧٠کەسمان بەدیل گرتوە و دەیان قەبزە چەك و تەقەمەنی جۆراوجۆرمان بە دەسکەوت گرتوە و یەکیك لە هاوریپیانمان گیانی بەخت کردوە.

### د- ئاسوی کاری نیزامی

دریژەپیدانی هەلسوورانی نیزامی و پاراستنی و پتەوکردنی سیمای حیزبی چەکدار لەم دەورەیەدا لەباری سیاسی‌یەوە زۆر گرینگە. جیهەتی ئیمە ئەوەیە کە وزەو توانای ئەم مەیدانەی کارمان بە کەلك وەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی مەوجوود بخەینە پال بزووتنەوەی ئیعتیرازی و خەباتی کریکاری و جەماوەری و بیخەینە پیناوی پیك هینانی هەل و مەرجیکی لەبارتر بۆپەرەپیدانی ئەم خەباتانە لە چوارچیوەی سیاسەتە دەورەیی‌یەکانماندا. وەبەپیك هاتنی دەرفەتیکی بەهەر میزان لەبارتر و باشتر بوونی سەنگ و سووکی تەرازووی نیوان هیزەکان بتوانین ئەم شکلە لە هەلسوورانمان پەرە پی بدەین. ئاشکرایە کە بەگورانی وەزعییەتی سنوورەکان ئەگەر ئال و گۆریکی جیددی لە هەل و مەرجی گشتی سیاسی کوردستان و ئیران دا پیك نەیە و لە نەتیجەدا ئال و گۆریك لە سەنگ و سووکی مەوجوودی نیوان ئیمەو هیزەکانی رژیم دا پیك نەیە، هەلسوورانی نیزامی لە رادەی ئیستادا ناکری بەریوە بچی و تەنیا دەکری لەسەر هەلسووران و مەئمووریەتی مەحدوودتر حیساب بکری. بۆ پاراستنی ئیمکانی دەخالەت کردنی بەوەخت بە تایبەت لەهەل و مەرجی هەلدانی بزووتنەوەی سیاسی – جەماوەری‌دا یان گورانیکی خیرا لە ئەوزاعی سیاسی دا، پاراستنی مەرکەزە نیزامی‌یەکان و وزەو توانای حیزبی چەکدار هەروا پیویستە.

هەروەك لەپیشدازۆرجار باسمان کردوە بە هەر میزانیك ئالوزی لە مەنتەقەدا کەم بکا و ناکوکیەکانی نیوان دوو دەولەتەکە کەم بیتەوە و لە نەتیجەدا مەترسی تیك هەلچوونی نیزامی لە سنوورەکان بە تەواوی کەم بکا، ئەو دەرفەتانەش کە دەکری بۆ کاری نیزامی کەلکیان لی وەرگیری کەم دەکا. لەم رووەوە هەروەك لە رۆژەکانی ئەوەلی پاش ئاگر بەسیش دا بە خەلکمان راگەیاد، لەوە بەدواش تەبلیغی ئیمە بە بی بە جۆریك بەریوە بچی کە هاتنە پیشی عەمەلی هەل و مەرجیکی ئاوا بۆهیچ کەس روو داویکی چاوەروان نەکراو نەبی و هەمووان بە شیوەیەکی ئاسایی بە ئال و گۆریکی بزانن کە تەنیا لە مەیدانیکی هەلسوورانی کۆمەلە و حیزبی کریکاران لە کوردستان دا هاتوەتە پیش.

## ٤- تەبلیغی دەنگی شۆرشی ئیران

### ئەلف – جیهەت گیری‌یەکان

تەبلیغی رادیویی‌مان لە نیوان دوو پلینوم دا ئیدامەی هەمان سیاسەتی تەبلیغی دا چووەتە پیش کەدوای کۆنگرەی شەشەمی کۆمەلە ولەچوارچیوەی جیهەت گیری‌یەکانی ئەم کۆنگرەیەدا گرتبوومانە پیش تا ئەو جیگایەی دەگەریتەوە سەر ئەرکەکانی تەبلیغی رادیویی‌مان سەرخەتی جیهەت گیری یەکانمان بریتی بوو لە هەولدان بۆ قایم کردنی پەیوەندی کۆمۆنیزم و چینی کریکار، سازماندەهی و هینانە مەیدانی چینی کریکار وپەرەپیدانی شکلە جۆراوجۆرەکانی ئیعتیرازی چینایەتی، کردنی کۆمۆنیزم بە هیزیکی کۆمەلایەتی و کردنی سازمانی کوردستانی حیزب بە ریکخراوی راستەوخۆی رابەرانی بزووتنەوەی کریکاری، پیك هینانی ریکهراوە جەماوەری‌یەکانی کریکاران، کردنی کۆمەلە بەرابەری بزووتنەوەی ئیعتیرازی جەماوەری، بەتاك خستنەوەی سیاسەتی حیزبە بورژوایی‌یەکان، لاواز کردنی ئاسوی ناسیونالیستی بە قازانجی ئاسوی سوسیالیستی و دیموکراتیکی شۆرشگیر، پەرەپیدانی داخواز و ئامانجە کریکاری و دیموکراتیکەکان لە کۆمەلدا و زیادکردنی وزەوتوانا و ئامادە بوونی کریکاران بۆ رابەری کردنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی و حکوومەت کردن لە ریگای شووراکانەوە لە داهاتوودا.

رەوشتی ئیمە بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی سەرو ئەوە بوو کەهەموو تەلیغی رادیویی‌مان، بەهۆی شوورایەك چاوەدیری دەکرا و بەریوە دەچوو کە پەیوەندی راستەوخۆ لەگەلْ کۆمیتەی رابەری کۆمەلە هەبوو. بیجگە لەوە ژمارەیەکی زیاتر لە هاوریپیان لەو دەورەیەدا ئەرکی کارکردن لە رادیویان پی سپیردرا. راندمانی کارو میزانی پیشرەوی ئەم هاوریپیانەلە بەریوە بردن و نووسینی بەرنامەکانی رادیویی‌دا بەرچاو بووە.

### ب- ئەرکە سەرەکیەکانی تەبلیغی ئەو دەورەیە.

لە دەورەی رابوردوودا ئیمە هەولمان دا نەك هەر میزانی ئەو بەرنامە ووتارانە کە راستەوخۆ چوونەتە سەر هەلخراندنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی وموتالەباتی و چوونەتە سەر پیك هینانی ریکهراوە جەماوەری‌یە کریکاری‌یەکان زیاد بکری، بەلکوو لەباری ناوەروکیشەوە جۆریك بن کە یاریدەی چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کریکاران بکا و ریگا بکاتەوە بۆ خەباتی جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش. هەر بەم مەبەستە جگە لەو وتار و نووسراوانەی کە لە لایەن هاوریپیانی رادیووە نووسراوەیان تەهییە کراوە، بە وەری خستنی وت وویژ و موساحەبە لەگەلچ ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات، لە زمانی ئەوانەوە لەگەلْ جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش قسەمان کردوە و رینوینی پیویستمان بۆخەباتیان راستەوخۆ لە زمانی رابەرانی ناسراویانەوە لەگەلْ باس کردوون.

یەکیك لەئەرکەسەرەکی‌یە گرینگەکانی ئەودەورە لە تەبلیغمان هەلخراندنی بزووتنەوەی موتالەباتی، هەلخراندنی بزووتنەوەی مەجمەعی عومومی و بەگشتی یاریدەدانی ریکخراو بوونی جەماوەری و ئەهمییەت دانان بۆ ئامووزشی کریکاران بووە لە پەیوەند لەگەلْ ژیان وتەجرەبەی راستەوخۆی خەباتکارانەیان دا. ئەمانە لە دەستووری تەبلیغی دەنگی شۆرشی ئیران دا بوون: قانوونی کاری دیموکراتیك، زیادکردنی حەقدەستەکان، گەرانەوەی کریکارانی ئیخراج کراو بۆسەر کار، بیمەی بیکاری بۆ هەموو کەسیکی ئامادە بەکار تاکاتیك کە دەچیتە سەر کار، ئازادی ریکخراوە، ئازادی مانگرتن، تەبلیغ سەبارەت بە ریکخراوەی پەیەدارو موناسب بۆ کریکارانی رشتە جۆراوجۆرەکان لە کوردستان، دابین کردنی وەسایلی ایمنی و بیهداشتی شوینی کار، خەبات بۆ ٨سەعات کاری رۆژانە و دوو رۆژ تەعتیلی لە حەوتوودا. بە کردەوە جگە لە بەرنامە سابتەکان و وتارە تایبەتەکان، لە تەبلیغاتی هونەری وەك نمایشنامەیرادیویی و چیروکی کورت و ئاسوی شۆرشیش

کەڵك وەرگیراوە، هەولدراوە کە دەنگی شۆڕشی ئێران بتوانی زیاتر لە پیشوو، وەك رادیویەکی کرێکاری و دەنگی حیزبیکی کۆمۆنیست کە هیچینی کرێکارە لە نیو کرێکاراند جیی خۆی بکاتەوە.

جگە لەوانە رادیو ئیمە چووەتە سەر داخوازە کۆمەڵایەتی و جەماوەری یەکان و بڵاو کردنەوەی هەوال و گوزارشی مەربووت بە کارو ژیان و خەباتی جەماوەری زەحمەتکیش و بی بەشی شار و دیهات و مەسەلە و گیروگرفتەکانی خەباتی ئەم بەشە بەرینەی کۆمەڵی داوەتە بەر باس و لیکولینەوە و ریگا چارەی پی نیشان داون .

ئەهەمیییەت دان بە خەباتی ژنان لە دژی جیاوازی و نابەرابەری و رۆشن کردنەوەی بناغە کۆمەڵایەتی یەکانی ستەم کیشی ژن و وردکردنەوەی خەتی تەبلیغمان لەم زەمینەیەدا یەکیکی تر لە جیهەت گیری یەکانی ئەم دەورەیەبووە کە بە پیی ئەم جیهەت گیری یە سەرنجیکی زیاتر دراوە بەمەسایل و موشکیلاتی ژنان، هەروەها لە مەیدانە کۆمەڵایەتی یەکانی تریش دا وەك خەباتی لاوان، دانش ئامووزان و مەسەلەی سەربازی و... رادیوی ئیمە لە جاران هەلسووراوتر بووە.

٨مانگی رابوردوو لە باری ئەوزاع و هەل و مەرجی سیاسی ئێران ومەوقعییەتی رژیمی جمهووری ئیسلامی دەورەیەکی پرلە رووداو بوو. لەم ماوەیەدا ئیمە هەولمان دا لەسەر رووداوە گرینگە سیاسیەکان و، ئەو مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایەتی یانەی کە رژیم و جامیعەی ئێران لەگەڵیان بەرەوروو بوون، خیرا عکس العمل ی تەبلیغی نیشان بدەین و مانای سیاسی ئەم حەرەکەت و رووداوانە و بە تایبەت تەئسیریان لە سەرژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش بە رۆشنی بۆ ئەو کەسانە باس بکەین کە رووی قسەمان لەوان بووە.

لە زەمینەی مەسەلە جیهانی یەکاندا بە تایبەت چووینە سەر مەسایلی مەربووت بە بزووتنەوەی کرێکاری لەولاتانی جۆراوجۆردا و لەو دەورەیەدا تەبلیغیکی هەلسووراوانەمان بووە و جگە لە بڵاو کردنەوەی هەوال و گوزارشەکانی مەربووت بە بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و گیرانەوەی تەجرەبە جیهانی یەکان و بە هیز کردنی هاوخەباتی ئەنترناسیونالیستی کرێکاری بەرانبەر بەو هیرشانەی کە بە تایبەت لەلایەن بورژوازی رۆژئاواوە بە بیانووی بن بەستەکانی شوورەوی وولاتانی دیکەی بلووکی رۆژهەلات کراوەتە سەر کۆمۆنیزم عکس العمل مان نیشان داوە و بە پیی توانامان ماهییەتی سەرمایەدارانە و مەوقعییەتی بوحران لیدراوی سوسیالیزمی بورژوایی مان لە ولاتانی سەرمایەداری دەولەتی بۆ کرێکاران روون کردەوەتەوە و هەروەها ماهییەتی بورژوازی غەربمان دەرخستوەکەدەیانەوی بوحرانی سەرمایەداری دەولەتی ئەم ولاتانە بە بورحرانی کۆمۆنیزم و سوسیالیزم لە قەلەم بدەن.

لە دەورەی رابوردوودا ئیمە لە دریژەی چەند وتار و وت وویژی رادیویی دا سیاسەتی کۆمەڵەمان سەبارەت بە خەباتی چەکدارانە و هەل و مەرجی ئیستای هەلسوورانی نیزامی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە، باس کردوە و رۆشنمان کردوەتەوە.

لەم دەوریەدا هەروەها تەبلیغی ئیمە بەرانبەر بە دووجیناحی حیزبی دیموکرات لە سەر ئەساسی خەتەکانی بریارنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم سەبارەت بە مەوقعییەتی ئەم حیزبە، دریژەی بووە.

## ج- کەمپەینە تەبلیغی یەکان.

لەم دەورەیەدا ٥کەمپەینی تەبلیغیمان بووە کە بریتی بوون لە کەمپەینەکانی مەربووت بە: دەهەمین ساڵرۆژی قیامی بەهمەنی ٥٧، رۆژی کۆمەڵە، رۆژی جیهانی ژن، ئەوەلی مانگی مەی و، انتخاباتی رژیم. گرینگترینی ئەم کەمپەینانە مەربووت بە ئەوەڵی مانگی مەی و رۆژی جیهانی ژن بوو. هەروەها بە بۆنەی ئەم رۆژانەوە بەرنامەی فوق العادەی سیاسی و هونەری تەهییەکراوە کە لە ساعەتی تری غەیری بەرنامەی ئاسایی دا بڵاو کراونەتەوە.

لەم دەورەیەدا ١٦ژمارە "پیام"، گۆڤاری دەنگی شۆڕشی ئێران ( لەم ٣٣وە تا ٤٨) بڵاو کراوەتەوە کەلەم ریگایەوە کورتە و جەوهەری تەبلیغی رادیویی بە شیوەی نووسراو گەیشتوەتە دەستی خوێنەران. هەروەها ١١ ژمارە نەواری "بانگەواز" (نەشریەی گویای دەنگی شۆڕشی ئێران ) لە ژمارەی ١٢ وە تا ٢٣ بڵاو کراوەتەوە کەلەم ریگایەوە هەلبژاردەیەك لە وتارە رادیویی یەکان و شیعر و سروود لە سەر نەوار تومار کراوە و گەیاندراوەتە دەستی جەماوەری خەڵك.

## د- کەم وکووری یەکانی تەبلیغی رادیویی لەم دەورەیەدا

هەولدان بۆ بردنە سەر رادەی وشیاری سوسیالیستی کرێکاران و ئامووزشی سیاسی — ئیدئولوژیکی کرێکارانی کۆمۆنیست و رابەرانی کرێکاری یەکیك لە جیهەت گیری یە تەبلیغی یەکانی ئیمە بووە. سەرەرای هەول و کوششیکی بەرچاو کە لەو زەمینەیەدا لە ریگای بڵاو کردنەوەی بەرنامە ئامووزشی یەکانی کۆمیتەی تەشکیلاتی محەللی، بەرنامەی دەرسەکانی مارکسیزم و، هەروەها لە ریگای باس کردنی تەجرەبەکان مەربووت بە بزووتنەوەی بین المللی کرێکاری و کۆمۆنیستی، وەبیرهینانەوەی سوننەتەکان و تەجرەبەکانی حکوومەتە کرێکاری‌یەکانی کۆمۆنی پاریس و شۆڕشی ئوکتوبر، بڵاوکردنەوەی وتاری تەفسیری سەبارت بە رووداوەکانی شوورەوی و لیهستان و چین بۆ ئاگادار کردنی کرێکاران لە بوجران و بن بەستی سوسیالیزمی دروینەی حاکم بەسەر ئەم ولاتانەداو، بڵاو کردنەوەی دەقی نووسراوە ئامووزشی یە حیزبی یەکان کە بەریوەمان بردوە، هیشتا لە زەمینەی تەبلیغ کردنی ئامانجەنیهایی یەکانی چینی کرێکار و تەبلیغ کردنی شۆڕشی کرێکاری و سوسیالیزم و کۆمۆنیزم و هەروەها تەرویج کردنیکی بنەرەتی ی ئەم ئامانجانە کەم و کووری جیددی مان هەبی لەم ئاخرانەدا خۆیەکانی ئەم کەم و کووری‌یانە درایە بەر لیکولینەوە و هیوادارین بە تەرخان کردنی هیزیکی زیاتر ئەم کەم وکووری‌یانە لابەین . هەروەها تەبلیغمان سەبارەت بەهیندیك لەمەسەلە کۆمەڵایەتی یەکان، وەك خەباتی لاوان کەم و کووری تیدا بووە.

## ٥- مەسایلی تەشکیلاتی عەلەنی

گرینگترین ئەو مەسەلانەی کە لە تەشکیلاتی عەلەنی دا لە پیشمانە بریتین لە:

– کامل کردنی سازمانی رەزمی ی سەرلە نوێ ئامووش دراو وەپیك هینانی هیزیك کە بتوانی لە هەل ومەرجی تازەدا لە هەر باریکەوە قودرەتی مانوری خۆی راگری و وەك هیزیکی کارامە و پتەو کاربکا. بۆ ئەم مەبەستە دەورەی تایبەت ی ئامووزشی واحیدەکان دریژەی پیدەدری و هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بەگشتی لە ژیر چاوەدیری مەرکەزیکی واحید دا — ستادی نیزامی — ئەرکەکانی بەریوە دەبا. بۆ متمرکز کردنی هەرچی زیاتری تەشکیلاتی عەلەنی بە پیی تەرحی دیاری کراو ئال و گۆری پیویست لەکوللی سازمانی تەشکیلاتی عەلەنی دا دەدری.

– ئوردووگاکانی جیگیر لە کوردستانی عێڕاق هەروەك پیشوو شوینی ئامووزش دان و سەرلەنوێ سازمان دانەوە و حەسانەوەی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە دەبن و شوینیك دەبن بۆ ئەنجام دانی ئەو فەعالییەتانە کە پەیوەندی بەئەرکەکانی ئیمەوە لە کوردستانی ئێران هەیەو لە ریگای سنوورەکانەوە باشتر بەریوە دەچن.

– ئامووزشی نیو خۆ بۆ ئیمەگرینگی‌یەکی تایبەتی هەیە. ئیمە دەمانەوی لەو دەرفەتانە کە هاتوەتە پیش، بۆ بردنە سەری رادەی ئیدئولوژیك و سیاسی و کامل کردنی ئامووزشە ئەساسی‌یەکانی هەموو هاورییانی تەشکیلاتی عەلەنی زۆرترین کەلك وەرگرین هاورییانی ئیمە لە ئوردووگا سنووری‌یەکان دەبی ئەو شوینانە وەك دانشگایەکی گەورە چاولی بکەن کە بودەخالەت و بەشداری کردنی هەرچی زیاتر و کاریگەرتر و هەلسووراوانەتر لە بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاراندا خۆیانی تیدا ئامادە دەکەن.

٦– ئامووزش لە تەشکیلاتی عەلەنی دا.

٧– ئیقداماتی ئەنجام دراوی نیو تەشکیلاتی عەلەنی لە پەیوەند لەگەڵ شەری ئێران و قێراقدا هاتوونە پیش.

٨– نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات

٩– رابیتە لەگەڵ ئەحزاب و سازمان و گوورووهە سیاسی یەکان.

١٠– تەقسیمی کارو ئەرکە سەرەکی‌یەکانی کاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## (پاشماوەی) سیاسەتی بەریوە بەرانی تازەی حیزبی دیموکرات .....

دارشتن و بەریوەبردنی شەری چەکدارانە لە دژی پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات ریەرایەتی شۆڕشگیر — لە کاتیکدا لە عەمەلیات لە دژی جمهووری ئیسلامی دەگەرینەوە، بە ئاشکرا مانای ئەوەیە کە دەیانەوی بەمجۆرە بەرژیم راگەیەنن تەنانەت پیش هەرسازان و پیك هاتن یکیش ئامادەن وەك داردەستی رژیم بجوولینەوە ولوولەی تفەنگیان بەرەو موخالیفانی جمهووری ئیسلامی بگرن.

ئەم کردەوەیە نیشاندەری بن بەستی سیاسی تەواو وکە مالی تاقمیکە کە ئیتر بەتەواوی پشتیان لەخەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەیان هەلکردوە و هیچ ریگایەکیان بۆ خۆیان نەهیشتوەتەوە ئەوەنە بی بەم شیوەیە ریگایەك بۆ سات و سەودا لەگەڵ جمهووری ئیسلامی بکەنەوە.

خەڵکی ئازادیخواز و تیکۆشەری کوردستان کە ئەم رۆژانە دەهەمین سالی شۆڕشی حەقخوازانەیان بەکولنەدەری‌یەوە دەنینە پیش سەر، بیگۆمان ئیجازە نادەن بەهەمی دەساڵ شۆڕشیان سات و سەودای پی بکری.

سیاسەتی سازش لەگەڵ جمهووری ئیسلامی و حزمەتی بەکردەوە بەورژیمە جینایەتکارە بووەتە سیاسەتیکی پایەداری ئەم تاقمە و بیگۆمان لە ناو خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگیری کوردستان دا هیچ جیگایەکیان بۆ ناهیلیتەوە.

## ( پاشماوەی ) بریارنامەی پەسندکراوی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

گرینگترینی ئەو هەنگاوانە ئەمانەن:

١– وەری خستنی فەعالییەتیکی سیاسی– عەلەنی بۆتەبلیغ و روون کردنەوە و بە هیزکردنی ئەم پروسەیە:

الف: راگەیاندنی ئەم سیاسەتە و ریبازی کۆمەڵە بە کرێکاران و بە هەموو کۆمەڵ بۆ تیگەیاندنی وهاندانی کرێکاران، دەخالەت دانیان لەم پروسەیەدا، واوەتر بردنی لە چوارچیوەی تەشکیلاتی و بە هیزکردنی بە بەهرەمەندبوون لە لایەنگری کرێکاران و لە تەوەقوعی ئەوان.

ب: روون کردنەوەی بۆ تەشکیلاتی مەوجوود بۆ تیگەیشتن لەم پروسەیە، بە پیك هینانی سمینار و کۆنفرانس و بە چاوپی کەوتنی تیکۆشەران.

٢– کاردابەشکردنی نیوکۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە جۆریك کە بەتەواوی لەگەڵ ئەوە بیتەوە کە ئەرکەکانی داهاتووی بەدروستی بەریوەبەری و هیزی خۆی بۆ جوابدانەوە بە مەسەلە کرێکاری‌یەکان کۆ بکاتەوە:

الف: هەلبژاردنی کۆمیتەی رابەری لە نیوان پلینومەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا. لایەنی سەرەکی کاری ئەم کۆمیتەیە، بزووتنەوەی کرێکاری و فەعالییەتی کرێکاری دەبی و بەم مەبەستە لەهەموو ئورگانە تەبلیغی‌یەکان و توانایی‌یەکانی تەشکیلات کەڵك وەردەگری و لەکاتی پیویست دا قەوارەی تەشکیلاتی پیویست پیك دینی.

ب: دیاریکردنی کۆمیتەیەکی بە ئەندازەی کاف بە هیز ( کۆمیتەی تەشکیلات) کە ئەرکی بەرەوپیش بردنی راستەوخۆی "سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران دا" لە کوردستان لە ئەستوی بی و توانایی‌بەریوەبردنی ئەو ئەرکەی هەبی.

ج: ......

٣– جیاکردنەوەی رابەری و فونکسیونە سیاسی – تەشکیلاتی یە سەرەکی و مەرکەزی یەکانی کۆمەڵە لەوبارودوخە نائاسایی و هەلس و کەوتانە کە رەنگە بۆ تەشکیلاتی عەلەنی و چەکدارمان بیتە پیش و، هەلگرتنی ئەم هەنگاوانە بەم مەبەستە:

ئەلف: ......

ب: ریکخستنەوە و گورینی قەوارەی تەشکیلاتی بەشی نیزامی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بە پیی جیهەت گیریە و ئوسوولی‌یەکانی سەرەوە و هەروەها واقعییەتەکان و پیویستی‌یەکانی دەورەی ئیستا.

ئەم بەشەی تەشکیلات بە رابەری راستەخۆی خۆیەوە، بە کەلك وەرگرتن لە هەرئەندازە ئیمکانات کە دەست بدا، هەول دەدا ئەرکە حیزبی‌یەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا بەرەوپیش بەری.

لەهەمان کاتدا ئیزگەی رادیو و هەروەها هەندیك بەشی تری کارمان کە لەم شوینەی ئیستایانەوە باشتر بەریوە دەبرین، بە پیشتیوانی بەشی چەکداری تەشکیلات کاری خۆیان دریژە پی دەدەن.

ج: ئەسپاردنی بەریوەبرایەتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە و تیکۆشانی نیزامی بە کۆمیتەیەك یان ستادیکی دیاریکراو و بوداهاتووش ئەمە شیوەی ئاسایی کاردابەشکردنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بی.

٤– مەسەلەکانی مەربووت بە سیاسەتی ریکخستنی کرێکاری مان:

ئەلف: دارشتنی کۆنکریت و عەمەلی"سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران دا "لە کوردستان ئەمە دەتوانی لایەنی تازە و زۆربەرین بەکاری ریکخستنی کرێکاری‌مان بدا. ب: وەلامدانەوەی بەردەوام بە مەسەلەکانی سەر ریی رابەران و تیکۆشەرانی کرێکاری و تەبدیل کردنی رابەری کۆمەڵە بە مەرجەعی خاوەن نفووز و خاوەن سەلاحییەتی مەسەلە و سیاسەتە کرێکاری یەکان.

بەدەستەوەگرتنی گۆڤاری"پیشرو" وەك وەسیلەی ئەم کارە.

ج: پیکهینانی پەیوەندی بەردەوامی ریبەرایەتی کۆمەڵە و کۆمیتەی شارەکان لەگەڵ تیکۆشەرانی حیزبی و، لەوەش گرینگتر لەگەڵ رابەرانی کرێکاری، پاراستن و پەرەپیدانی دیالوگی بەردەوام و هەمیشەیی، پتەوکردنەوە و جیگیرکردنی ئەم پەیوەندە.

د: پەی گرتن و بەرەوپیش بردنی سیاسەتی تازەی ئەندامەتی کرێکاری پەسندکراوی کۆمیتەی ناوندەی حیزب.

ە: ریکخستنی جەماوەری کرێکاری:

دیاریکردنی پرۆژەی کۆنکریت ومەرحەلەبەندی کراو بۆپیك هاتن وسەقام گرتنی ریکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان بە جۆریك کە ئەرکەکانی هەربەشیکی تەشکیلات، تەبلیغات، تەشکیلاتی نهینی و تیکۆشەرانی عەلەنی لەم بابەتەوە بەپیی ئەو جیهەت گیریانەی لە گوزارشی کۆمیتەی رابەری و باسەکانی پلینوم دا باسیان کراوە، دیاری بکری. بەریوە چوونی ئەم سیاسەتە لە لایەن ریبەرایەتی کۆمەڵەوە.

٥– کاری قانوونی وعەلەنی و دیاریکردنی سیاسەتمان لەم زەمینەیەدا:

لیکولینەوە و دیاریکردنی یاساکان و هەروەها شیوە عەمەلی‌یەکان بۆ کەڵك وەرگرتنی ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران و کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر لە ئیمکاناتی کاری قانوونی و عەلەنی.

٦– تەبلیغات:

ئەلف: بەدەستەوەگرتنی گۆڤاری"پیشرو" وەك وەسیلەی سەرەکی بوریکخستن و ری نیشاندانی کرێکارانی سوسیالییست و تیکۆشەر و هەلسوورانی حیزبی.

ب: بردنەسەری کەیفییەتی تەبلیغاتی رادیویی و کەڵك لی وەرگرتین لە خزمەت ئەم سیاسەتەدا. تەرخان کردنی هیزیکی زیاتر بۆ ئەم کارە.

ج: سازمان دانی ناردنی بڵاوکراوە حیزبی‌یەکان بۆ شارەکان و گەیاندنیان بەدەستی تیکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و حیزبی.

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣١ | گەلاوێژی_١٣٦٨ | ئووتی _ ١٩٩٨

## ( پاشماوەی ) ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ریکخستنی جەماوەری کرێکاران، یەکیکی تر لەو ئەولەوییەتانە بوو کە پلینوم باسی کردن. لەم زەمینەیەدا لە سەرپیویستی هەلگرتنی هەنگاوی هەمە لایەنە بۆ ئاسان کردنەوە و یارمەتی کردن بە پیك هاتنی ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران تەئکیدکرا. پلینوم داوای کرد تەرح و گەلالەی موشەخەس و مەرحەلەبەندی کرا و بابەتەوە بنریتە دەستووری کار.

هەروەها لەسەر پیویستی دیاریکردنی خالەکان ورەچاوکردنی شیوە و رەوشتی عەمەلی بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی کاری قانوونی و عەلەنی لە لایەن کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر و ریکخراوە جەماوەری یەکانی کرێکارانەوە تەئکید کرا.

لە بابەت تەشکیلاتی عەلەنی و تیکۆشانی چەکدارانەوە، ویرای ئەوەی پلینوم تیکۆشانی نیزامی مان لە دەورەی رابوردوودا و سیاسەتەکانی زال بەسەر ئەو تیکۆشانەی دا تەئیید کرد، لەسەر ئەوە تەئکیدی کرد کە پیویستە کۆمەڵە لەم بەشەی کاری خۆیدا قەوارەیەکی تەشکیلاتی تازە بگریتە خۆی و، ئەو ئەرکەی بەجەمعی ریبەرایەتی ئەسپارد کە بە پیی تەرحیکی دیاریکراو ئەم قەوارە تەشکیلاتی‌یە تازەیەداریژی و بۆ بەرەوپیش بردنی باشتری تیکۆشانی هیزی پیشمەرگە، پلینوم بریاری دا ئەرکی هیدایەتی کاملی ئەم هیزە و تیکۆشانی نیزامی، بە کۆمیتەیان ستادیکی نیزامی بسپیردری.

سەرەنجام بریارنامەیەك کە سەرخەتەکان و گرینگترین ئەرکەکان و جیهەت گیری‌یە عەمەلی‌یەکانمانی لە دەورەی داهاتوودا بە پیی باسەکانی سەرەوە تیدا بەرۆشنی دیاریکراوە، لەلایەن پلینومەوە پەسندکرا هەتا وەك بەلگەیەك ری نیشاندەری تیکۆشانمان بی لە کوردستان.

ئاخرین دەستووری پلینوم هەلبژاردن بوو. لەم بەشدا ئورگانی ریبەرایەتی تەشکیلاتی لە فاسلەی نیوان دوو پلینوم دا، هەلبژیردراو پاشان سەرلەنۆی هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە بەتیکرای دەنگ بۆ دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە هەلبژیردرا و بەم جۆرە پلینوم کاری خۆی کۆتایی پی هینا.

کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران — کۆمەڵە

٢٨ی گەلاویژی ١٣٦٨

## ( پاشماوەی ) ئامووزش و پەروەرش لە ساڵی رابوردوودا

پیداویستی‌یەکانی ئامووزشی بە قیمەتیکی یەکجار گران دەگاتە دەست خانەوادەکان. موعەلیمەکان لە وەزعیکی نالەبار وشلووق دا بەوپەری تووڕەیی دەرس دەلینەوە. ئاشکرایە لەهەل و مەرجیکی ئاوادا لیدان و کوتەك تیکەلاوی دەرس کوتنەوە دەبی.

ئەمە وەزعی تال و نالەباری ئامووزش و پەروەرش بووە لە سالەکانی رابوردوودا و لەماوەی عومری نگریسی جمهووری ئیسلامی دا کە بە هۆی بیروباوەری کۆنەپەرستانە و مەزعەبی و بەسیج گیری، تیکەلاوی شوردنەوەی میشکی دانش ئاموزان و ترساندن و بەلاری دابردنی زەین و بیر منالان بووە و خویندنی کردوەتە هۆی خەرفاندن وشتیکی بی ناوەروك. ئەگەر تا دوینی بە بیانووی شەر و سەرکەوتنی ئیسلام هەرجۆرە دەنگیکی ئیعتیراز لەگەرودا دەخنکیندرا و هیچ جۆرە ئیمکاناتیك بۆ باشترکردنی ئەم وەزعەنالەبارە بەکار نەدەهینرا، ئیستا نابی بیلین ئەم وەزعە دریژەی پی‌بدری. خویندن دەبی لە هەموو رادەیەك دا بۆ هەموو کەسی ناوکۆمەڵ بە خورایی بی و زەمانەت بکری. دەبی مەدرەسەو جیگا و شوین و ئیمکاناتی تەفریحی پیویست و سالونی غەزاخوری، مەیدانی وەرزشی، بۆ دانش ئاموزان دابین بکری.

نابی ئیجازەبدری داهاتی کارورەنجی میلیونها کرێکار برژیتە گیرفانی دەلالەکان و سەرمایەدارانی تەوەزل و شکەنجەچی‌یەکان و کاربەدەستانی زیندان. تەنانەت بە بەشیکی زۆرکەمی سەروەت و سامانی کۆمەڵ، دەکری هەزاران مەدرەسە و مەهدی کوودەك دروست بکری وئەو ئیمکاناتە پیویستەی باسی کرا پیك بی.

## ( پاشماوەی)چەند هەوال لە هەلسوورانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە

هاوکات لەگەڵ ئەمە مەقەری سپای پاسداران لە ساواکی پیشوویان دایە بەر پەلامارو زەرەر و زیانیان پی گەیاندن.

واحیدیکی دیکە لە هاوریان لە گەرەکی مەسناو خەڵکیان لە مزگەوت کۆکردەوە دەستیان دایە بلاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی حیزبی ولە بلندگوی مزگەوتی ئەم گەرەکەوە سوخەنرانی یان بۆ خەڵك کرد و لە لایەن خەلکەوە پیشوازی‌یەکی گەرم و گۆریان لی کرا.

هیزەکانی رژیم کە سەریان لی شیوا بوو لە هەموو لایەکەوە بی هەدەف تەقەیان لە دەورو بەری خۆیان دەکرد و پایگاکانی دەوروبەری شار تا سەعات ١١ی شەو بە چەکی قورس و نیوەقورس دەوروبەری شاریان کوتا.

هاوریان پاش ئەنجام دانی سەرکەوتوانەی مەئموورییەتەکەیان هەموو بەسلامەت شاریان بەجی هیشت.

ئیوارەی رۆژی ٢٨ی مرداد، چەندین واحید لە پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە و گوردانی کاك فوئادیش بەبۆنەی سالرۆژی هیرشی رژیم بۆسەر کوردستان وتیپەر بوونی ١٠ سال بەسەر خەباتی شۆڕشگیرانەی خەڵکی کوردستان دا بە پیی تەرحیکی لە پیشدا داریژراو چوونە نیوشاری مەریوان.

پاش ئەوەی چەند واحید لە پیشمەرگەکان لە دەوروبەری پایگای "حفازتی" و شوینە جۆراوجۆرەکانی شار دامەزران و جم و جوولی هیزەکانی رژیمیان گرتە ژیر چاوەدیری، چەند واحیدی تر لە هاوریان چوونە چەند گەرەکی فەقیرنشینی شار وەك "کونەدیو"، "داسیران"، جەنگەلبانی و لەنیو پیشوازی گەرم و گۆری خەلك دا ویرای قسە و باس لەسەر داخوازەکانی خەلك و مەسایلی سیاسی رۆژ، نەوار و نووسراوە و تراکتی حیزبی یان بلاوکردەوە و پاشان لە نیوبەدرەقەی گەرمی خەڵك دا لەشار هاتنە دەر. لەبەشی ئاخری عەمەلیاتەکەدا چەند واحیدی‌تر لە پیشمەرگەکان بەئار.پی.جی. و چەکی سووك پەلاماریکی دلیرانەیان بردەسەر پایگای بەکریگیراوان لە "جەنگە لبانی" و زەرەرو زیانیان بە هیزەکانی دوژمن گەیاند.

هاوریان پاش بەریوەبردنی سەرکەوتوانەی عەمەلیاتەکە، هەموو بە سلامەت لە شار هاتنەدەر.

گرتنی دوومەقەری هیزەکانی رژیم

پایگای کە لەوینجە بە تەواوی گیرا

ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی پایگا کوژران و ژمارەیەکیش بەدیل گیران.

ژمارەیەکی بەرچاو چەك و تەقەمەنی و کەل و پەلی تەداروکاتی کەوتە دەست پیشمەرگەکان.

ئەم عەمەلیاتە لە نیوان چەندین قەرارگاو مەرکەزی نیزامی گەورەی رژیم بەریوە چوو.

ئیوارەی رۆژی ٢٢ی پووشپەر چەندین واحید لە پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە و گوردانی کاك فواد، بەپیی تەرحیك کە بۆ گرتنی پایگای رژیم لە ئاوایی"کەلەوینجە" لە ١٢کیلومیتری شاری مەریوان دایان رشتبوو، وەری کەوتن.

چەند واحید لە پیشمەرگەکان بۆ پووچەل کردنەوەی هەول و تەقالای هیزەکانی کۆمەکی رژیم لە جادەکانی "گاران" و "بیەکەرە" و لەسەر بەرزایی‌یەکانی دەوروبەری مەنتەقەی عەمەلیات و لە نیوان چەندین قەرارگاو مەرکەزی نیزامی گەورەی رژیم، کەمینیان دانا.

عەمەلیات سەعات ٧و١١ دەقیقە بە تەقەی ئار.پی.جی. و ئاگر بارانی چەکی سووك دەستی پیکرد. پاش چەند دەقیقە ٢ واحید لە پیشمەرگەکان لە ٢لاوە بەرەو خاکریز و تەل بەندەکانی پایگا پیشرەوی‌یان بردەسەر سەنگەرەکانی دوژمن و دلیرانە و بەکارزانی، یەك لەدوای یەك سەنگەرەکانیان گرت و شوینە قایمەکانی دەوروبەری پایگایان خاپوور کرد و بە پەلاماریکی قارەمانانە بۆسەر پایگاو لە شەریکی سەنگەر بەسەنگەردا دوا تەقەلای هیزەکانی رژیمیان تیك شکاند و خۆیان گەیاندە نیو مەقەرەکە.

پیویستە وەبیربینینەوە ئەم پایگایە کە لە نیوان چەندین قەرارگاو مەرکەزی نیزامی گەورەی رژیم دا هەلکەوتووە، بە ٢رەدیف تەل بەندو مەیدانی مین گەمارودرابوو و هەموو سەنگەرەکانی مینی تلویزیونی یان هەبوو. بە هۆی حوزووری پیشمەرگەکان، هیزەکانی رژیم لەو مەنتەقەیە لە سەعات ٥ی ئیوارەوە تا ٨ی بەیانی رۆژی دواتر لە ئامادە باشی کامل دا بوون.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا ٢بەکریگیراو بەنیو :عادل ناصری و کریم مقدم کوژران و ٤بەکریگیراوی‌تر بەنیوی: منصور خادمی، محمدپاپی نزرویس و معصوم علی محمدی، بەدیل گیران.

هەروەها لە جەرەیانی گرتنی پایگای "کەلەوینجە"دا ١١قەبزە چەکی قورس و نیوەقورس و سووك، دەیان سندووق گوللەی چەکی سووك و قورس، دەزگایەك بی‌سیم و هەندیك کەل و پەلی تەدارەکاتی و بەلگەو سەنەدی رژیم کەوتە دەست پیشمەرگەکان.

هاوریان پیشمەرگە کە بەرۆژی رۆشن و لەماوەی نیو ساعەت دا ئەم پایگایەیان بەتەوای گرت پاش راگویزتنی دیل و دەسکەوتەکان، پایگاکەیان ئاگرتی بەردا. بەپیی هەوالی گەیشتوو کاتی گەرانەوەلە نزیك ئاوایی عەسرئاوا، ئاگاداری کەمینی بەکریگیراوان دەبن و بی ئەوەی دەرفەتی دەست کردنەوەیان پی بدەن ئاگربارانیان دەکەن و راویان دەنین و خۆیان بە سلامەت بە دیل و دەسکەوتەوە مەنتەقە بە جی دیلن.

**مەقەر هیزەکانی رژیم لە ئاوایی خواشت بە تەواوی گیرا**

هەموو بەکریگیراوانی جی‌گیر لەو مەقەرە کوژران یان بەدیل گیران.

هەموو چەك و تەقەمەنی و وەسایلی مەقەر کەوتە دەست پیشمەرگەکان.

٨بەکریگیراوی رژیم بە دیل گیران.

رۆژی ٢٥ی جۆزەردان، چەند واحید لە پیشمەرگەکانی تیپی ١١ی سنە و گوردانی کاك فوئاد بە پیی تەرحیکی لە پیشدا داریژراو پاش تیپەربوون لە دەیان پایگا و مەرکەزی نیزامی رژیم خۆیان گەیاندە دەوروبەری مەقەری بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "خواشت"و سەعات ٦و ٤٥ دەقیقەی ئیوارە پەلاماریان بردە سەر مەقەر بەکریگیراوان لە نیو ئاوایی.

هەر لەپەلاماری‌یەکەم دا هەموو سەنگەرەکانی دەوروبەری مەقەر کەوتە دەست پیشمەرگەکان و بەکریگیراوانی نیو ئەوسەنگەرانە نەیانتوانی دەست بکەنەوە. پیشمەرگەکان پاشان ویرای ئاگر باران کردنی مەقەروسەنگەرەکانی خۆیان گەیاند سەربانی مەقەرەکەو لەویوە چوونە ناوساختمانی مەقەر و بەکریگیراوان پاش دەست کردنەوەیەکی کورت ماوە ناچار بوون خۆ بەدەستەوە بدەن و مەقەر بەتەواوی گیرا.

لە جەرەیانی گرتنی مەقەری خواشت دا ٣ بەکریگیراوی رژیم کوژران و٨بەکریگیراوی تر بەدیل گیران. کورژراوەکان بریتتی بوون لە:

١) تالب احمدی، مەسئوولی گوروهی زەربەتی بوریەر
٢) حسین رحیمی، سەباز
٣) حسین احمدی سەباز

ناوی دیلەکان بەم جۆرەیە:

١) زاهید کشاورز
٢) محمد جعفری
٣) حسن غلامی
٤) محمد پیراهی
٥) رجبعلی باقری
٦) اصغر مرتزایی
٧) جهانبخش مجیدی (موعاوینی فەرماندەی مەقەر)
٨) غلامرزا مرادی، بی‌سیم چی کە بەهۆی بریندار بوونی، بە پیی سیاسەتی کۆمەڵە بەرانبەر بە دیلە بریندارەکان ئازادکرا.

هەروەها لە جەرەیانی گرتنی مەقەری خواشت دا ئەم دەسکەوتانەش کەوتە دەست پیشمەرگەکانی کۆمەڵە:

چەکی سووك و نیو قورس ١٢قەبزە گوللەی ژ.٣ و کلاشینوکف ٢٠٠٠٠دانە خەشاب و گوولە ئار.پی.جی. و نارنجەکی دەستی ١٤٥دانە بی‌سیم یەك دەزگا و هەروەها کۆمەڵیك وەسالیلی نیزامی و تەدارەکاتی وسندوبەلگەی نهینی رژیم.



هاوریانی پیشمەرگە پاش ئەنجام دانی سەرکەوتوانەی مەئموورییەتەکەیان هەموو بە سلامەت گەرانەوە شوینەکانی خۆیان.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ۳۱ oat: ۱۹۸۹

# سیاسەتی بەریوە بەرانی تازەی حیزبی دیموکرات بۆداسەپاندنی شەربەسەر موخالیفانی سیاسی خویاندا مەحکوومە!

رادیو حیزبی دیموکراتی کوردستان ریبەرایەتی شۆڕشگیرانە– رای گەیاند لە ریکەوتی ۱۸ی گەلاویژدا کاتیك چەند دەستە لە پیشمەرگەکانیان پاش بەریوەبردنی عەمەلیات لە دژی هیزەکانی جمهووری ئیسلامی لە شاری مهاباد دەگەرینەوە دیهاتی ئەم ناوچەیە، لەبەرزایییەکانی مەنتەقە دەکەونە بەرهیرشی تەرح ریژ کراوی چەکدارەکانی بەشەکەی دیکەی حیزبی دیموکرات – جیناحی کۆنگرەی ۸ و شەریکی چەندین سەعاتەیان بەسەردا تەحمیل دەکری کە لە ئاکامدا چەند کەس لە هرتك لا کوڕژران و بریندار بوون.

ئیمە جاریکی تریش ئەو کردوە دژ بە شۆڕشە تاقمی بەریوەبردی حیزبی دیموکرات مەحکووم دەکەین. بیگۆمان کردەوەی ریگرانەی ئەم تاقمە بۆ بەرد خستنە سەرریگای هەلسوورانی سیاسی و نیزامی موخالیفانیان، راستەوخۆ خزمەتی بە رژیم دەکاو لای هەموو خەلکی ئازادی خوازی کوردستان بەتەواوی مەحکوومە.

هیرشی ئەم جارەی چەکدارەکانی ئەم تاقمە بۆسەر پیشمەرگەکانی ح.د.ك. ریبەرایبەتی شۆڕشگیر لەهەل و مەرجیکدا بەریوە چووە کە بەریوەبەرانی تازەی حیزبی دیموکرات تەنانەت دوای تروری قاسملووش پەیتاپەیتا لەوت وویژەکانیان ولەوتارە رادیویی یەکانیان دا داواکاری دریژەدانی وت وویژ لەگەلْ رژیمی جینایەتکاری جمهووری ئیسلامین. ل۸

# بریارنامەی پەسندکراوی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

۱) سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هەروەك هەموو حیزبی ئیمە، سەرەرای دوورکەوتنەوەی لە چەپی سوننەتی و لەرادیکالیزم و سوسیالیزمی غەیرە کریکاری، هیشتا نەگەیشتوەتە ئەوجیگاوشوینە کۆمەلایەتیچینایەتییە جیاوازە کە ریکخراویکی کۆمۆنیستی کریکاری دەبی بیبی.

هەنگاوی داواتر کە لەهەمان کات دا هەنگاویکی چارەنووس سازە و دەبی بەرەوپیشی هەلگرین، بریتییە لە کریکاری بوونەوەی حیزب، یانی بوون بە حیزبی خەبات و ئیعتیرازی کریکاران لە دژی سەرمایە و سەرمایەداری.

بەلام ئەم کارە بەبی پیك هاتنی ئال و گۆریکی بنەرەتی لە جیهەت گیرییەکان وکارکرد و ئەرکە سەرەکییەکان و شیوەکانی پراتیك دا ئیمکانی نیە.

۲) کۆمەڵە دەبی ببیتە ریکخراویك کە تەیفی کریکارانی کۆمۆنیست و رابەرانی عەمەلی کریکاری لە خۆیدا کۆبکاتەوە، ریکیان بخاو قالب و وەسیلەی خەباتی هەموو رۆژەیان بی، وەلامدەرەوەی مەسەلە گرینگەکانی سەرریی خەباتی بەردەوام و جۆراوجۆریان وری نیشاندەری ئەم خەباتە بی و، بەشیوەی جیددی و کاریگەرخەریکی پیك هینان و ریکخستنی ریکخراوە جەماوەری یەکانی کریکاران بی. ریبەرایەتی کۆمەڵە دەبی وەك نوینەر و ری نیشاندەری بزووتنەوەی کریکاری و خەباتی کریکاران لە کوردستان دەورو نەقشی بەرچاوی بی.

کۆمەڵە دەبی ببیتە ریکخراوی خودی کریکاران، ریکخراوی تەبیعی خەبات و ئیعتیرازی کریکاری لە هەموو لایەنەکان و مەیدانەکانی داو ئەمجار لەم جیگاوشوینەوە وەلامدەرەوەی گرینگترین مەسەلە ئابووری و سیاسییەکانی نیو کۆمەلْ بی.

پیویستی یەکانی ئەم کارە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نفووزە بەرینە کۆمەلایەتییە کە کۆمەڵە هەیەتی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە گەرایشی سوسیالیستی لایەنگری حیزبی کۆمۆنیست مەیدانداری نیو بزووتنەوەی کریکاری و وەزعییەتی سیاسی لە کوردستانە، هەر ئیستا ئامادەیە.

۳) وەدی هینانی ئال و گۆریکی جیددی و بنەرەتی و تەبدیل کردنی کۆمەڵە بە ریکخراوی حیزبی کریکاران، بەدەورو دەخالەتی ریبەرایەتی کۆمەڵەوە بەستراوەتەوە و ئەمە پیویستی بە ئال و گۆریکی جیددی لە کار کردەکان و شیوەکاری ریبەرایەتی کۆمەڵەدا هەیە .

لە هەمان کات دا بەرەوپیش بردنی ئەم ئال و گۆرە پیویستی بە تیکۆشانیکی هەمەلایەنەی سیاسی و زەنجیرە ئیقداماتیکی عەمەلی و تەشکیلاتی هاو ئاهەنگ و لیك هەلپیکراو هەیە. ل۸

# راگەیاندنی کۆتایی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

پینجەمین پلینومی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی کۆنگرەی شەشەم، نیوەی یەکەمی مانگی گەلاویژ لە چوار رۆژدا بە ریوەچوو. پلینوم بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بی دەنگی بۆریزگرتن لە یادی هاورییانی گیان بەخت کردوو، دەستی پیکرد.

سەرەتا گوزارشیك کە بریتی بوو لە لیکولینەوەی وەزعییەتی سیاسی، مەوقعییەتی جمهووری ئیسلامی و داهاتووی خەباتی چینایەتی لە ئیران و کوردستان و لیکولینەوەی هەموو مەیدانەکانی کار و تیکۆشانی کۆمەڵە و سەرخەتی سیاسەتەکان و ئەرکەکانمان لە هەرکام لەم مەیدانانە لە دەورەی داهاتوودا، لە لایەن دەبیر ئەوەلی کۆمەڵەوە پیشکەشی پلینوم کرا. پاش بیستنی گوزارشەکەن پلینوم چووە سەر باسکردن و راویژ کردن لەسەر خالەکانی ئەو گوزارشەو پاشان سەرجەمی گوزارشەکە لە لایەن پلینومەوە تەئییدا کرا.

پلینوم لە باسەکانی تری خۆیدا سەر لە نۆی لە سەر پیویستی پەی گرتنی پەسندکراوەکانی شەشەم، بۆئەوەی کۆمەڵە ببیتە ریکخراویك کە کریکارانی کۆمۆنیست و رابەرانی خاوەن نفووزی کریکاری لە خۆیدا کۆبکاتەوەو ریکیان بخاو ببیتە ئەبزاری خەبات و ئیعتیرازی هەموو رۆژەیان بەرانبەر بە سەرمایەداران و دەولەت، تەئکیدی کرد و رای گەیاندکە بەرەوپیش بردنی ئەم ئەرکە تەنیا بە بەریوەچوونی دەور و دەخالەتی هەرچی زیاتری ریبەرایەتی کۆمەڵە و ریکخستنیی موسری هەموو ئیمکانات و تواناییەکان ئیمکانی هەیەو، بەم مەبەستە، لەسەر پیویستی بەریوە چوونی تیکۆشانیکی هەمەلایەنەی عەلەنی بەرادیو و نەشرییە بۆ روونکردنەوە و تەوزیح دانی ئەم حەرەکەتە بۆ کریکاران و زەحمەتکیشان، تەئکیدی کرد. لە ئەنجامی ئەم باسانەدا ئەولەوییەتە سەرکییەکانی کارمان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا دیاری کرا کە گرینگترینیان بریتین لە مانە:

لە زەمینەی پەرەپیدانی تەشکیلاتی حیزبی لە نیو کریکاران دا، پلینوم تەئکیدی کرد کە بربرە پشتی کۆمەڵە ئەساسەن دەبی لە شوینی کار و ژیانی کریکاران شکل بگری و"سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کریکاراندا" لەسەر زەمینەی جیگا و شوینیکی موساعد کە کۆمەڵە لە کوردستان لیی بەرخوردارە، بەشیوەی موشەخەس تر بدریتە بەر لیکولینەوە و بۆ پتەو کردنەوە و پەرپیدانی ریکخراوی حیزبی بەرەو پیش ببری. پلینوم لەم بابەتەوە بریاری دا کە ریبەرایەتی کۆمەڵە باری سەرەکی کردنەوە و زیاترین توانایی خۆی بۆ ئەم مەیدانەی تیکۆشانمان تەرخان بکا و ئورگانیکی تەشکیلاتی بە هیزیش بۆ بەریوە بەرایەتی ئەم لایەنەی تیکۆشان دیاری بکا. هەروەها نەشرییەی "پیشرو" وەك ئەبزاری سەرەکی ریکخستن و هیدایەتی کریکارانی سوسیالیست و تیکۆشەرانی حیزبی، بەشیوەیەکی منزم تر بلاو بکریتەوە. ل۹

# ئامووزش و پەروەرش لە سالی رابوردوودا

وەزعی ئامووزش وپەروەرش لە سالی ٦٨–٦٧یش داهەروەك سالانی رابوردوو زۆر خراپ و نالەبار بوو بەپیی ئاماری رۆژنامە حکوومەتییەکان نزیکەی ٥میلیون دانش ئامووز لە پشت درگای مەدرەسەکان مانەوە ونەیانتوانی دریژە بە خویندن بدەن. ئەوان یان نەیانتوانی بچنە مەدرەسە یا لەبەر ناچاری وازیان لە خویندن هینا. لەزۆر ناوچە و مەنتەقە مەدرەسەو موعەلیم بەشیوەیەکی ئاشکرا و بەرچاو کە بوو. تەنیا لە سیستان و بلوچستان لە ٥١٩٣ئاوایی ٤٢٢١ئاوایی مەدرەسەیان نەبوو وپتر لەسەت هەزار دانش ئامووز لە خویندن بیبەش کراون لەنیو هەموو دانش ئامووزانی سەراسەری ئەم ئوستانەدا، تەنیا ۳۰۰کەس توانیویانە دیپلوم وەرگرن.

بەپیی لیکدانەوەیەکی سالی ۱۳۵۵، بۆ ئەوەی هەموو مەدرەسەکان موعەلیمی تەواویان هەبی، دەبوا تا سالی ۱۳۷۰ (یانی دووسالی تر) ۳۹۳۰۰ موعەلیمی تازەبگیری کە ۲۸ هەزارکەسیان دانشگایان تەواو کردبی. بەلام نەك هەر ئەم ژمارەیە وەرنەگیراون بەلکوو دە سالی رابردوودا هەزاران موعەلیم بە بیانووی جۆراوجۆر لەسەرکار دەرکراون و موعەلیم بەشیوەیەکی چاوەروان نەکراو وهیندەیتریش کەمی کردوە.

وەزعی مەدرەسەکان زۆر لە جاران ناخۆشتر و نالەبارترە. مەدرەسەکان قەرەبالغن، کلاسەکان چەنددان (شیفت) و تەنگەبەر وشەدارن و زۆربەیان پترلە ٦٠دانش ئامووزیان تی ئاخنراوە بە جۆریك هەناسە هەلکیشانیش لەو کلاسانەدا سەخت ودژوارە. زۆرمەدرەسەی وا هەیە کە بەچەنددان پتر لە ٨٠٠٠دانش ئامووز دەرسی تیدا دەخوینن. دانیش ئامووزانیك کە لە رۆژدا تەنیا ۳سەعات دەرس دەخوینن. بەپیی ئەو ئامارانە بلاوکراونەوە لە هەر ۱۰۰ دانش ئامووزی ئەم جۆرە مەدرەسانە، ۲۰ تا ۳۰ کەسیان رەت دەبنەوە.

نرخی قەلەم و کاغەز و پیداویستییەکانی خویندن هەموو رۆژی چووەتە سەر رۆژنامەی "کیهان" هەندیك نموونەی سەرسوورهینەری لە چوونەسەری قیمەتەکان بە دەستەوە داوە و دانی بەوە دا ناوە کە ئەم گرانییە "بووەتە هۆی ئیعتیرازی توندوتیژی خانەوادەکان" و قیمەتەکان ۲۰۰لەسەت و ۳۰۰ لە سەت دا چوونەتە سەر. دایکیك لەوەلامی هەوال دەری "کیهان" دا دەلی:"بۆ کرینی دەفتەرو کتیب، کوپینی خوار و باری خانەوادەکەمانم فرۆشتووە بەلام هیشتاش هەر بەش ناکا. "ئەوەوەزعی میلیونها خانەوادەی کریکار و زەحمەتکیشە کە خەرج و مەخارجی خویندنی منالەکانیان باریکی قورس و گرانی خستوەتە سەر شانیان وبەزەحمەت دەرەقەتی ئەم خەرجەدین. میلیونها دانش ئامووز ناتوانن بچنە مەدرەسە. میلیونها کەسیان بەهۆی فشاری ئابووری و دەستەنگی خانەوادەکەیان ناچارن روویکەنە کارکردن وئیشی وەك دەستفروشی. دانش ئامووزان ئیمکاناتیکی زۆرکەمی ئامووزشی و تەفریحییان هەیە. مەدرەسەکان قەرەبالغن و چەنددان دەرسیان تیدا دەخویندری. موعەلیم زۆر کەمە. ل۹

# چەند هەوال لە هەلسوورانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە

عەمەلیاتی یەك لەدوای یەکی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە
لە شارەکانی کوردستان

سەقز:

پیشمەرگەکان لەماوەی ٢٤سەعات دا دووجار چوونە نیو شاری سەقز و ویرای قسەوباس لەگەلْ خەلکی چەند گەرەك نەواری سوخەنرانییان لە بلندگۆی مزگەوتیکەوە بلاو کردەوە.

سنە:

پیشمەرگەکان ویرای پەلامار بۆ سەر مەقەریکی سپای پاسداران و گورووهیکی گەشتی رژیم، لە بلندگوی مزگەوتیکەوە سوخەنرانیان بۆ خەلك کرد.

مەریوان:

هاورییان ویرای بەدەستەوەگرتنی کۆنترولی چەند گەرەکی شاروقسە و باس لەگەلْ خەلك پەلاماریان بردەسەر پایگایەکی هیزەکانی رژیم.

سەعات ٦ی ئیواری رۆژی ١٥ی گەلاویژ واحیدیك لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی ٢٦ی سەقز نفووزیان کردە نیو شاری سەقز و لە "پارکی جەنگەلبانی" ماوەی سەعاتیك لەسەر مەسایلی سیاسی رۆژ و داخوازەکانی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش لەگەلیان قسەو باسیان کردو تراکت و نووسراوەی حیزبییان لە نیودا بلاوکردنە.

پاشان پیشمەرگەکان خۆیان گەیاندە خیابانی "شەهناز" و پاش دوو سەعات هەلسوورانی تەبلیغی، نەواریکی تەبلیغییان سەبارەت بەرەوتی ئال و گۆرە سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانی کوردستان لە بلندگۆی خانەقاو مزگەوتی "شیخ بهاالدین"ەوە بلاوکردەوە و دوای بەیارمەتی خەلکی تیکۆشەر لەگەرەکی "شیوەی رەجەب" تراکت و نووسراوەی حیزبی یان بلاو کردەوە.

شەوەی دواتر جارکی دیکە پیشمەرگەکان چوونەوە نیو شاری سەقز و لە چەند گەرەکی شار وەك گەرەکی" سیلو" تراکت و نووسراوەی جۆراوجۆریان بلاوکردەوە.

پیشمەرگەکان لە هەر دووك عەمەلیات دا لەگەلْ پیشوازی گەرم و گوری خەلکی شار بەرەو روو بوون و پاش جیبەجی کردنی سەرکەوتوانەی مەئموورەیەتەکان شارهاتنە دەر.

عەمەلیاتی نیو شاری سنە بە بۆنەی ٢٨ی مرداد، سالرۆژی هیرشی جمهووری ئیسلامی بۆسەر کوردستان وتیپەربوونی ١٠سال بەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی خەلکی کوردستان بەریوە چوو. ئیوارەی ئەو رۆژە چەندین واحید لەپیشمەگەکانی گوردانی شوان بەپیی تەرحیکی دەقیق و لە پیشدا داریژراو، پاش تیپەربوون بە نیوان دەیان قەرارگا و مەرکەزی نیزامی دا، بە نیو دەیان "پایگای حفازتی"ی قەراخ شاری سنەدا کە بۆپیش گرتن بە نفووزی پیشمەرگە بۆنیو شاردانراون، چوونە نیو شاری سنەو گەرەکانی "مەسناو"، "شارەکی قودس" و بەشیك لە گەرەکی "کەلەکەجار " یان گرتەژیر چاوەدیری و لە خیابانی صفری کەمینیان بۆ هیزەکانی رژیم دانا. لەم شوینە هیزەکانی رژیم جم و جوولیکیان نەبوو.

واحیدیکی دیکە لە پیشمەرگەکانی خۆیان گەیاندە خیابان و بلواری "خەسراوا" و لە ١٥٠میتری مەقەری گەورەی سپای پاسداران لە ساواکی پیشوو، گورووهیکی گەشتی رژیمیان لەچەند میتریەوە دایە بەر دەسریژ و ماشینەکەیان لەکار خستن. ل ٩